# پێشەکی

## ناونیشان و بواری نامەکە:

ناونیشانی نامەکە (کاریگەریی زمانە دراوسێکان لە سەر شێوەزاری خانەقین)، ئەم لێکۆڵینەوە لە چوار شێوەی سنووری شێوەزاری خانەقیندایە، کە یەکێکە لە شێوەزارەکانی زاری کرمانجی خواروو.

## سنوری لێکۆڵینەوەکە:

بە شێوەیەکی سەرەکی بواری دەنگسازی و وشە سازی و ڕستە سازی دەگرێتە خۆی بە کورتی ئەو کاریگەرییانە لەو ئاستانەدا دەخەینە ڕوو.

## هۆی هەڵبژاردن و گرنگیی لێکۆڵینەوەکە:

هەڵبژاردنی بابەتەکە بۆ چەند هۆیەکی دەگەڕێتەوە، وەك:

١. تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی سەربەخۆ لەم بارەیەوە سەبارەت بە کاریگەریی زمانەکان لە سەر شێوەزارەکە نەکراوە.

٢. زمانەکان کاریگەریی خۆیان کردۆتە سەر شێوەزاری خانەقین، بۆیە بە پێویستیمان زانی چۆنێتی ئەو کاریگەرییە لە ئاستەکان دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی بخەینە ڕوو.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەدا ڕێبازی وەسفی پەیڕەو کراوە، کە بە شێوەیەکی زانستی هەوڵدراوە، کەرەستە و نمونەکانی شێوەزارەکە لە دروستەی فرێز و ئاخاوتندا شیبکرێنەوە و وەسفبکرێن بە مەبەستی خستنە ڕووی کاریگەرییەکانی زمانە دراوسێکان لە سەر شێوەزارەکە، لە هەمان کاتدا ڕێبازی شیکردنەوەی بەرانبەری بە مەبەستی خستنە ڕووی لایەنی جیاوازی نێوان زمانەکان وشێوەزارەکە خراوەتە ڕوو.

## کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:

کەرەستە و نمونەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بریتین لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی قسەپێکەرانی ئێستای شێوەزاری خانەقین، هەندێك لەو وێنەی نوسراوانەی کە بۆ ڕێکلام کردن بەکارهێنراون، چونکە ئەم ڕێگەیە زیاتر وردەکاری کاریگەرییەکانی ئەم شێوەزارە دەخاتە ڕوو.

## گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە:

گیروگرفتی  لێکۆڵینەوەکە لەم چەند خاڵەدا دەخەینە ڕوو:

١. کەمی یان نەبوونی سەرچاوەی پێویست و تایبەت بەم شێوەزارە.

٢. پێویستی بە وەرگێڕانێکی زۆر هەبووە، چونکە زیاتر زمانە بیانییەکان کاریگەرییان لە سەر شێوەزارەکە هەبووە و هەوڵمانداوە لە زمانانی تر تێبگەین بۆ ئەوەی بە وردی کاریگەرییەکان بخەینە ڕوو.

# ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجامەکان و کورتەی باسەکە پێکهاتووە:

### بەشی یەکەم:

لە تەوەری یەکەم، باس لە زمان و زار و چۆنیەتیی ململانێیان لە ناو یەکدی و پەیدابوونی ئەم شێوەزارە کراوە، هەروەها لە تەوەری دووەمدا، لە ناو و ستراتیجی و واتای ناوی خانەقین و هۆکاری دروستبوونی شێوەزارەکە و کاریگەریی زمانە دراوسێکان لە سەری باسکراوە.

### بەشی دووەم:

ئەم بەشە لە دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم: تیشك خراوەتە سەر ئاستی دەنگسازی (فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی)، کە تیایدا باس لە فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی و فۆنێم و ئەلەفۆن و فۆنێمەکانی زمانە دراوسێکان و فۆنەکانی شێوەزاری خانەقین کراوە. لە تەوەری دووەمدا: باس لە کاریگەریی زمانە دراوسێکان کراوە، کە بوونەتە هۆی پەیدابوونی کۆمەڵێك دیاردە و یاسای دەنگی، وەك: (پەیدابوون و تێچوون و جێگرتنەوە و جێگۆرکێ و لە یەکچوونی دەنگ).

### بەشی سێیەم:

باسی کاریگەریی زمانە دراوسێکان لە سەر شێوەزارەکە لە ڕووی ڕێزمانەوە کراوە و لە دو تەوەر پێکهاتووە:

لە تەوەری یەکەمدا، لە ئاستی وشەسازیدا تیشك خراوەتە سەر وشە و مۆرف و مۆرفۆلۆجی و چۆنیەتی سازکردنی وشە و دەستنیشانکردنی کاریگەرییەکان لە وشەی داڕێژراو و لێکدراو، کە لە ڕووی فەرهەنگی وشەوە هاتونەتە ناو شێوەزارەکەوە.

لە تەوەری دووەمدا: باس لە کاریگەریی زمانەکان لە سەر شێوەزارەکە لە ڕووی سینتاکسەوە کراوە، لێرەدا چۆنیەتی کاریگەرییەکە لە ڕووی فرێز و ئاخاوتنی ڕۆژانە بە نمونەوە نیشاندراوە.

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو لە گەڵ کورتەی باسەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## بەشی یەکەم

## تەوەری یەکەم:

# پێشەکی:

زمان ئەو ئامێرەیە، کە لە ناو کۆمەڵدا بۆ جێبەجێکردنی کاروباری ڕۆژانە بەکاردێت، لەم بەشە، لە تەوەری یەکەمدا باس لە زمان و زار و هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و جوگرافی و سیاسییەوە کراوە، ئەو هۆکارانە وا دەکات زمان بۆ چەند زار و شێوەزارێك دابەشبببێت و ململانێی لە نێوان زار و زمانەکان لە دەوروبەری پەیدا دەبێ وەدەبێتە هۆی کاریگەریی لە سەر شێوەزارەکە، لە تەوەری دووەمدا بەکورتی باس لە واتای ناوی خانەقین و هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم شێوەزارە و کاریگەریی زمانەکان لەسەر یەکتر و کاریگەریی زمانە دراوسێکان لە سەر شێوەزاری خانەقین کراوە.

## ( ١-١/١ ) زمان و زار

زانایانی زمان لەسەر دانانی پێناسەیەکی گشتگیر بۆ زمان بەتەواوەتی ڕێك نەکەوتوون، چونکە زمان پێوەندیی بە زانستیەکانی ترەوە هەیە، وەك زانستی دەروونناسی و کۆمەڵایەتی و ژیربێژی و فەلسەفە و....هتد. ئەوانیش هەریەکەو بەپێی تێروانینی لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە و بەپێی بیر و بۆچوونی خۆی دەڕوانێتە بابەتەکە.

زمان کۆنترین ئامرازە بۆ دەربڕینی هەست و گفتوگۆکردن دەربارەی بابەتە جۆراوجۆرەکانی ژیان و هەر خۆی هۆکارێکە بۆ بەرجەستە بوون لە کۆمەڵگا و جگە لەوەش لە ڕێگای زمانەوە دەتوانین ئاگامان لە بارودۆخ و بەرژەوەندیی کۆمەڵگا بێت. ئەمەش تایبەتمەندیی سەرەکیی زمانە و مرۆڤ لە شێوازی پەیوەندیکردنی گیانلەبەرانی تر جیابکاتەوە.[1] واتە زمان سەرەکیترین هۆکارە بۆ جیاکردنەوەی مرۆڤ لە زیندەوەرەکانی تر و ئامرازێکە بۆ لەیەك تێگەیشتن لەو بابەتانە کە دێنە پێش، ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ، کە توانای بەکارهێنانی زمانی هەیە چ بە دەربڕین و درکاندن، چ بە نووسینی هەست و نەستی دیاری کراو و بارودۆخ و ڕەوشی خۆی لە ڕێگەی زمانەوە بخاتەڕوو. دەربڕین یان درکاندنی هێماکانی زمانیش تەنها لای مرۆڤە و لە سیستەمێکی ڕێك و تایبەتیدا ڕێکخراوە بەجۆرێ بەکارهێنەر پێوەندییەکانی لە چوارچێوەی ئەو زمانە بەرجەستە دەکات،[2] بۆیە مرۆڤ لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانەوە پێوەندیی لەگەڵ کەسانی تردا ئەنجام دەدات، کە سەر بە هەمان گروپ و کۆمەڵگەی زمانن و لە چوارچێوەی سنووری جوگرافی زماندا گەشە و پەرەی پێدراوە.

---

[1] - بێرنارد کەمری.و: کامیل محەمەد قەرەداخی (٢٠٠٧ : ٩).

[2] – طالب حسين علي ( ٢٠١٤ : ٧٣ ).

لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە، زمان : ((بریتیە لە هەڵبژاردنی ڕەفتارێك لە نێوان سەدان ڕەفتاردا کە لە ژێر دەسەڵاتی مرۆڤدان بەپێی باری کۆمەڵایەتی یان بۆنەی قسەکردن هەڵیان دەبژێرێت)).[١] بەگشتی جۆرێك لە کرداری خۆکردە کە بەتێپەڕبوونی ماوە، وردە وردە لە نێو ئاخاوتندا هەڵی دەبژێرێت، بەڵام مافی بەسەر دیاریکردن و سەپاندنی شێوازی پەسەندو ڕەتکردنەوەی شێوازی ناپەسەندا نییە، واتە بەهاو نرخ بۆ شێوازەکان دانانێت.[٢] لێرەدا لە بەرانبەر پێناسەی زمان دەستەوەستان دەوەستن و ناتوانن پێناسەیەکی تەواوی بۆ بڕەخسێنن، ئەوان پێیان وایە زمان لە پێناسە نایەت و خۆیان زیاتر بە بیرۆکەی کۆمەڵەی زمان دەبەستنەوە، واش دەزانن کۆمەڵە زمان ئەو کۆمەڵە خەڵکەیە کە هەست دەکەن بەیەك زمان دەدوێن، بەم پێیەش هۆڵەندی و ئەڵمانی دەبنە دوو زمانی جیاواز، چونکە لەگەڵ ئەو هەموو لێکچوونە لە پێکهاتەی هەر دووزماندا هێشتا هۆڵەندییەکان دەزانن، کە زمانەکەیان جیاوازە لە زمانی ئەڵمانی، ئەمەش جۆرێکە لە جیاکردنەوەی دەربڕین و ئاخاوتن، بەم پێیەش ناتوانین لە بۆشاییدا باس لە زمان بکەین، چونکە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و بۆ ئەو کۆمەڵە دەگەڕێتەوە، کە قسەی پێدەکەن و دەبێ لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵەوە لێی بڕوانرێت کە تیایدا بەکاردەهێنرێت.[٣]بەم پێیە زمان بەشێکە لە کۆمەڵگا و پەیوەستە بە تاك و کۆی کۆمەڵگاوە، بۆیە بەبێ بونی کۆمەڵ بونی نابێت، خودی زمانیش جگە لەوەی ئامرازێکی ژیانە لە نێوان کەسەکانی کۆمەڵگاو بۆ خستنەڕووی تاکەکانی لە ڕووی باری کۆمەڵایەتی و پلەی زانستی و باری ئابووری، واتە لە ڕێگەی زمانەوە لە بارودۆخی کۆمەڵگا تێدەگەین و دەبێتە جۆرێك لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، کە نرخ و بەهای مرۆڤایەتی و پێوەندییە تایبەتەکان و تێگەیشتن لە بنیاتنانی کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو، چونکە لە بنەڕەتدا داهێنان بووە و بەپێی کات و تێپەڕبوونی ماوە زۆر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و پەرەی پێدراوە.

((زمان میراتی مرۆڤایەتییە و لە باوو باپیرانمان جێماوە و هۆی چەسپاندن و پاراستنی زانینی گردەوەبوو ئەمەش گەیاندنێکە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەك وزۆربەی جمگەکانی سروشتی لە خۆگرتووە، زمان نەریتی ئیشارەتی هەموو سروشتێکی فیزیاییە، ئەرکی زانین و بەردەوامی لە کرداری گورجوگۆڵیی مرۆڤانەدا بە جێدەهێنێ، لەوانەیە زمان سروشتی بێت یان دەست کرد بێت یان پێکەوە)).[٤] بەجۆرێك جموجۆڵی نێو کۆمەڵگا پەیوەستە بە زمانەوە و خودی زمانیش پێویستی بە تاکەکانی نێو کۆمەڵگایە و لە داهێنانی تاکەکەسدا نییە، چونکە بەرهەمی کاری ڕۆژانە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە.[٥] مرۆڤ بۆ بەردەوام بوونی ژیان پێویستی بە ڕاهاتن لەگەڵ سروشتی دەوروبەر بووە و هەوڵیداوە کردارەکانی بۆ ئەم

---

[١] – بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمە ئەمین(٢٠٠٦ : ٢٨).

[٢]– بڕوانە: محمد معروف فتاح ( ١٩٨٦ :١٢٧).

٣ – بڕوانە: کمال بشر (٢٠٠٥: ٥٢ –٥٧).

٤– عیزەدین مستەفا ڕەسول ( ٢٠٠٥ : ٩).س

٥– بەکر عومەر عەلی، شێرکۆ حەمە ئەمین ( ٢٠٠٦ : ٣٠).

مەبەستە هاوتەریب بکاتەوە و بتوانێت بە کەمترین ماندووبوون بگاتە زۆرترین ئامانج و دواتر بە پەرەسەندی ژیانەوەو دروست بوونی کۆمەڵگا، زمان هۆکارێکە بۆ فێربوون و خۆ گونجاندن لەنێو کۆمەڵگا، چونکە تاکەکانی بۆ تێڕوانین و بیرکردنەوە ڕێگایەکی دیاریکراویان ئاراستە دەکەن،[1] بەگشتی بەشێکی سەرەکی نێوانگیری فێربوونی مرۆڤەکان بە زانستی جیاجیا و تاقیکردنەوەی نوێ و گەیاندنی بە نەوەی داهاتوو زمانە و بە تێپەربوونی کات گەشەی پێدراوە و لە نێو کۆمەڵێك ڕێسا و بنەما بنیاتنراوە. هەروەها زمان بۆ گەیاندنی شتی نوێی تاکەکانە، ئەگەر یاسای کارکردنی زمانەکە بزانن، چونکە یاسای کارکردن و سیستەمی زمان وەکو هەر یارییەکی ئاسایە کە ئادەمیزاد دەیزانێ، بە کۆمەڵێك یاساو دەستور یان زانیارییەکی ڕێکخراوە،[2] واتە زمان زنجیرەیەکی ڕێکخراوی ڕێزمانە.(( ئەم یاسا و دەستوورە دەبێتە بنەمایەك بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لە کۆمەڵدا و لادان لەم دەستوور و یاسایە هەڵەی ڕێزمانی لێدەکەوێتەوە، بۆیە زمان، تاك ملکەچ دەکات کە پەیڕەویی لێ بکات)).[3]

دەتوانین ئەوە بڵێین کە زمان لەلایەن تاك و کۆمەڵگاوە پەرەی پێدراوە و دەرخەری خواست و داواکانی ئەو کۆمەڵگایەیە، کە زمان تیایدا لەدایك بووە و تەشەنەی کردووە و دواتر بۆتە زمانێکی پێگەیی لە ڕووی ئاخاوتنەوە، واتە زمان ئاوێنەی کۆمەڵە. باری ئابوری و شارستانییەتی کۆمەڵ و داب و نەریت و یاسا و بیر و بۆچوون و لایەنی بیری و ڕادەی ڕۆشنبیری و تێروانین بۆ ژیان و هەروەها لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی تریش کاریگەرییان لە سەر زمان هەیە و زۆر بەوردی هەموویان تۆمار دەکات.

هەر بەهۆی زمانەوە، کۆمەڵ پارێزگاری لە ئاین و ئەدەب و کلتووری خۆی دەکات، هەر چەندە لێرەدا زیاتر زمانی نوسین گرنگیی ئەم ڕۆڵە دەبینێت، چونکە ئەو گەلەی نووسینی نەبووبێت، ئەوا بەشی زۆری مێژوو و کلتوری ونبووە.[4] لێکدابڕانی خێڵ و گوندە کوردییەکان و جیاوازی سروشت و شوێنی ناوچەکان و نەبوونی زمانێکی یەکگرتوو وایکردووە چەند زارێك لە زمانی کوردیدا پەیدا ببێت.

زمانیش لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی دی جیاوازە، یان لە هەرێمێك بۆ هەرێمێکی دی ئەم جیاوازییەش لەو ژینگانە ڕوودەدات، کاتێك دانیشتوانی لە ڕۆژگارێکی دووروو درێژ تێدا ژیاون و جێگیربوون، جیاوازیی زمان، جیاوازیی ڕۆشنبیری کۆمەڵ لە هەموو هەرێمێکدا دەخاتە ڕوو، ئەم جیاوازییە پێی دەوترێت زار یان شێوەزار،[5] هەموو زمانەکانیش بە پێی شوێنی جوگرافی کۆمەڵێ لق لێی دەبێتەوە بەو لقانەش دەگوترێت، بۆیە زمان و زار جیاوازییان هەیە، چونکە زمان چەند بەند و بەشێکی زیاتر لەوەی دەگرێتە خۆ، جگە لەوەش زمان گرنکی وبایەخ و پایەیەکی هەیە، کە لەزاردا نییە. زاریش هەموو ئەو گۆڕانکارییە دەگرێتەوە

---

١– نایف خرما ( ١٩٧٨ : ٢٢١).

[2] - هدسن .ترجمە محمود عبد الغنی عیاد ( ١٩٨٧ : ١٧).

[3] – بەکر عومەر عەلی، شێرکۆ حەمە ئەمین (٢٠٠٦ : ٣١).

[4] – هێمن عەبدولحەمید شەمس (٢٠٠٦ : ١٧).

[5] – بڕوانە عبدة الراجحي ( ١٩٧٧ : ٧١ ).

که بەسەر زمانە بنەڕەتییەکاندا دێت و خۆشی بەشێکە لێیان. زارەکان دەکەونە ژێر زمانێکەوە، ئەو زارانەش دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمانەکە.

زار شێوەی لێدوان و قسەکردنی کۆمەڵە خەڵکێك یان نەتەوەیەکە، ((ئەم شێوە لێدوان و قسەکردنەش چەند تایبەتمەندییەکی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی خۆی هەیە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەشێکە لە زمانی نەتەوەیی ئەو خەڵکە و پەیدابوونیشی دیاردەیەکی سروشتییە)).[1]چونکە زمان بەردەوام لە پێشکەوتندایە، هۆیەکەشی بۆ پێشکەوتنی نەتەوەکە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دەگەڕێتەوە، هەندێ جار وشە دەمرێ و بەکارناهێنرێ بەهەمان شێوە وشەی نوێ بە پێی پێداویستیی ژیانی میللەت و سەردەمەکە لە دایك دەبێت.

بۆ دیاریکردنی دیالێکتەکانی زمانێك تەنها پێوەرە زمانەوانییەکان لە ناسنامەی ئەو دیالێکتە بڕیاردەر نین، بەڵکو پەیوەندییە ئەتنیکی و کلتووریی و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان بڕیاردەر و یەکلاکەرەوەن. (ڕۆبنز ) دەربارەی زار وتوویەتی: ((نەریتی قسەکردنی کۆمەڵێکی بچووکە لە نێو کۆمەڵگایەکی گەورەتر، کە بەیەك زمان قسە دەکەن))،[2] هەروەها ڕۆبنز دەربارەی بۆچوونەکەی سێ بنەمای جۆراو جۆری دیاری کردووە:

١. گوزارشتێکە لە قسەکردنی جۆراوجۆر، بەڵام تێگەیشتن لە نێوانیاندا هەیە، بێ ئەوەی پێویستیشی بە فێربوون هەبێت.
٢. گوزارشتێکی قسەکردنە لە سنووری کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوی سەر بە یەك دەوڵەت یان ناوچە.
٣. گوزارشتی قسەکەرەکانە و سیستەمێکی نووسینی هاوبەشە لە نێوان ئەوانەی بە کۆمەڵێك نووسینی فەرمی تێکڵاو بەشدارن. زمان بەهۆی زارەکانیەوە دەوڵەمەند دەبێت و دەتوانێت پێداویستییەکانی نەتەوەکە یان میللەتەکە جێ بە جێ بکات، چونکە بە هۆیەوە کاری سەرجەم زانستەکان فەراهەم دەکەن.

بۆ دیاریکردنی زارێك پێویستە بزانین سەر بە کام زمانە، چونکە زمانەکان زار و شێوەزاری جیاجیایان هەیە و زۆربوونی زاریش هیچ کات لە بایەخی هیچ زمانێك کەم ناکاتەوە، بەڵکو دیاردەیەکی ئاساییە گەر زمانێك لە کۆمەڵێ زار پێکهاتبێ.[3]

زانستی زمانیش بۆ دانانی سنورێکی جێگیر بۆ زار بەئەرکێکی قورس دادەنێ و نزیکترین سنوور گەر لە کۆمەڵێك زار پێکهاتبوو سەر بە زمانی زگماکە و ئەو زمانە واتە زمانی دایك، بەهۆی بەکارهێنانەوە زمانێکی زیندووە لە لایەن کۆمەڵانی خەڵك و هەر لقێك لەم زمانە دەکرێ بە زار یان شێوەزار، ئەمەش

[1] - كامل حسن بصير ( ١٩٨٤ : ١٥).
[2] – البدراوي زهران ( ٢٠٠٨ : ٢٧٥).
[3] – قيس كاكل (٢٠٠٧ : ٦٨).

جێگیردەبێت، تاکو زمانی زگماك لە ناو دەچێت و نامێنێت و دواتر ئەم شێوەزارە دەبێتە زار و زارەکەش دەبێتە زمان.[١]

زمان سەرچاوەی زارە بۆیە گەر زمان نەبێ زاریش دروست نابێ، کە واتە زمانیش بە بێ زار بوونی نییە و پەیوەندیی نێوان زارو زمان وەك پەیوەندیی بەشە بە گشتەوە یان ئەو پەیوەندییە کە لە نێوان زمان و زار وەکو پەیوەندی لە نێوان گشت و تایبەتدا.

## (١/١-٢) هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی زمان

بڵاوبوونەوەی زمان یان تەشەنەکردنی بۆ چەند لق و بەشەوە بە شێوەیەکی فراوان، بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە:[٢]

١- تێکەڵبوونی زمانەکان و چوونە ناویەکدییەوە و ململانێی لە نێوانیاندا، دوای تێپەڕبوونی کات ئەم ململانێیە زمانێك سەردەکەوێت و شوێنی زمانێك داگیردەکات و ڕادەی تەشەنەکردنی زاڵ دەبێت، وەکو زمانی عەرەبی و سەرکەوتنی بەسەر زۆر لە زمانانی سامیی و قیبتی.

٢-تەشەنەکردنی تاکەکانی کۆمەڵ بەهۆی کۆچ و داگیرکردن، یان بەهۆی پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی تایبەت و جیاواز لە نەوەکانی ناوچەیەك، کە دواتر زمانەکەی پەرەدەسێنێت وناچار کۆمەڵ بەکاری دەهێنێ و فراوان دەبێت، وەکو چۆن زمانی ئیسپانی بۆتە زمانی مەکسیك.

٣-بوونی فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی سروشتی و خستنە بەردەستی تاکەکان لە شوێنە بنەرەتێکەی خۆی، ئەمەش وا دەکات، تاکەکانی ناو کۆمەڵگا بەرەو فراوانبوون بڕوات و چالاکی بزوتنەوەی ئاوەدانی لەو ناوچەیە و ڕادەی زمانەکەی تەشەنە بکات.[٣]

ئەم بڵاوبوونەوەی زمانە دەورێکی باڵا لە دروستبوونی زار یان شێوەزار دەبینێ، هەندێ لە زمانە گەورە قورسەکان بەرەو تەشەنەکردنی زیاتر دەڕوات و جیاوازە لە زمانانی بچووك و سووك و سادەکان، ئەم تەشەنەکردنەش دەبێتە هۆی دابەش و زۆربوونی لقەکان و زمانەکان، لە پاڵ ئەمەشدا لە هەموو جیهاندا دەبینین ئەرکێکی زۆر بۆ پارێزگاری کردن دەخاوێنن لە زمانە سادە و ساکارەکان لە پێناو پاراستنی.[٤]

---

[١] - صالحة راشد غنيم ال غنيم (١٩٨٢-١٩٨٣: ١ ).

[٢]- بڕوانە مها محمد فوزي معاذ ( ٢٠٠٩ : ١٦٤ ).

[٣]- علي عبد الواحد وافي ( ٢٠٠٩ : ١٥٨ ).

[٤]- Simeon potter ( ١٩٦٠: ١٧٩).

## ( ١/١-٣ ) هۆكارەكانی پەیدابوونی زار لە زماندا :

بۆ پەیدابونی زار لە زماندا پێویستە گەر بە كورتیش بێت باس لە كۆمەڵە هۆكارێك بكەین، كە ئەمانەن:

### ( ١/١-٣- ١ ) هۆكاری كۆمەڵایەتی :

پەیوەندیی بە داب و نەریتی نێو كۆمەڵگاوە هەیە و لە تاكەكانی شوێنە جیاوازەكاندا دەبینرێ و جیاوازییەكەش ڕادەی ڕۆشنبیری و پێكهێنەرەكانی لە چەند جۆرێكی جیاواز كاریگەرییان دەبێت لەسەر شێوەی دەربڕینی زمانێك، كە هۆكاری سەرەكی بووە بۆ دابەشبوونی زمان بۆ چەند زارێك، لەبەرئەوەی هۆكاری ڕۆشنبیری هەر ناوچەیەك، هۆكارێكی ڕاستەوخۆ و خێرایە بۆ گۆڕانی زمان واتە زمانی ناوچەكە، جگە لە وەش جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی نێوان كۆمەڵگا بەدەر نیین لە گۆڕینی زمانی زیگماك( دایك) بۆ زارێك یان چەند زارێك كە تایبەتن بە شارستانییەتی ئەو ناوچەیە، بەرە بەرە زارەكەی دەبێتە مۆركی تایبەتمەندی خۆیان و بەشێكی گرنگ لە هۆنینەوەی ڕۆشنبیری تایبەتییان.[1] بۆیە كۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە هەموو چینە جیاوازەكانیدا كاریگەرییان لەسەر دروستبوونی زار هەیە.[2]یان بە گشتی دانیشتوانی هەر ناوچەیەك لە ڕووی نەریت و عادات و دەستووری كۆمەڵایەتیی و ئەندازەی ڕۆشنبیریی و بیركردنەوەیان جیاوازن، ئەم جیاوازییەش دەبێتە هۆی جیابوونەوەی زارەكان و دابەشبوونیان بۆ چەند لقێك.

### ( ١/١-٣-٢ ) هۆكاری جوگرافی :

ئەمەش لە نێوان دانیشتوانی ناوچە جیاوازەكاندا ڕوودەدات، وەكو هەلومەرجی سروشتی كوردستان و سەختی چیا و پێچ و پەنای شاخ و دۆڵەكانی و لێژیی بێ شومار و سەرما و سۆڵەی زستانی وای كردووە، خێڵەكان جیابكاتەوە و تێكەڵبوونی هۆزەكانی كەمبكاتەوە بەتایبەتی لەسەدەكانی ناوەڕاستدا، چونكە لەو سەردەماندا دانیشتوانی كوردستان تێكەڵی و هاودەنگییان نەبووە،[3]لە ئەنجامی ئەم دابڕانە كۆمەڵانی خەڵك دەبنە چەند بەشێكەوە و پێوەندی نێوانیان لاواز دەبێتەوە ودواتریش دەترازێ و جیادەبنەوە و هەر یەك دەكەوێتە دەوروبەرێكی تایبەتەوە.

جیاوازی سروشتی ناوچەكان زمانیش جیاواز دەكات و هەرچەندە كاتیش بەسەریدا تێپەڕبێت، ئەو جیاوازییە قوڵتردەبێتەوە، تا دەگاتە ڕادەیەك لەیەك ناچن، واتە زار شێوەی جیاوازی ئاخاوتنی زمانێكە لە كۆمەڵگا و ژینگە جیاوازەكاندا، ئەمەش لە زاری ئەم سەردەمە دەبینرێ، لە نێوان تاكەكانی دێ و گوندە كشتوكاڵییەكاندا، مۆركی ئەو شوێنە دەگرێتە خۆی بە گوێرەی جیاوازی ژینگەكان.[4]قسەپێكەران لە

---

[1] – مها محمد فوزي معاذ (٢٠٠٩ : ١٦٦ ).

[2] – حاتم صالح الضامن (١٩٩٠ :٤٦).

[3] – فوئاد حەمە خورشید ( ٢٠٠٨ : ٤٢ ).

[4] اسعد محمد علي النجار (بدون سنة : ٤١ ).

گۆکردنی زمانەکەیاندا شوناسی ئەو زمانە بۆی دەگەڕێنـەوە و دەیپـارێزن، چـونکە ژینگـەی زمـانی پـاراو جیاوازە لە ژینگەی زاری میللی، لەبەر ئەوەی زمانی پاراو و فەرمی لە هەڵوێستی تێکۆشـەرانە بـەکاردێت لە شوێنە گشتییەکان و فەرمییـەکان بـۆ وتارخوێندنـەوە یـان گفتوگۆکردن یـان لـە پێکهێنـان و دانـانی نووسینی کتێبدا، ئەمانـەش پەیوەسـتن بـە ژینگـەی قسـەپێکەرانی ڕۆشـنبیران و شارسـتانییەتەکان، لـە ئەنجامیشدا پەرەدەسێنێت و پانتایەکی فراوان دەگرێتە خۆی، کە جیاوازە لە زاری میللییەوە.

بـەم پێیـە زۆر بـوونی زار یـان شـێوەزار لـە تاکـە زمانێکدا جیـاوازە لـە قسـەپێکەرانی کەسـانی شارستانیەت یان ڕۆشنبیران ئەمە لە ڕوویەکەوە و لە ڕوویەکی تردا زارەکان لە نـاو خۆیانـدا جیاوازییـان دەبێت و چەند زاریك سەر هەڵدەدات بەگوێرەی شوێن و پیشە، چونکە زمانی پیشەیەك جیاوازە لە زمانی پیشەیەکی تر، یان زمانی شیعر جیاوازە لە زمانی پەخشان لە ناو یەك بازنـەدا، کـە بازنـەی ڕۆشـنبیرانە، ئەمەش هەمووی هۆکاری جیاوازی ژینگەیە.[1]

### ( ١/١-٣-٣ ) هۆکاری ڕامیاری ( سیاسی ) :

دروستبوونی زار بە هۆکاری ڕامیاری دوو لایەن دەگرێتەوە :

أ ـ لە کاتێکدا میللەتێك خاوەنی حکومەتێکی ناوەندی (مرکزی) خۆی نەبێت.

ب ـ لە کاتێکدا حکومەتی ناوەندی هەیە، بەڵام حوکمڕانییەکەی سنووردارە و ناتوانێت دەسەڵاتی بە سەر هەموو ناوچەکەدا بچەسپێنێت و دەبێتە هـۆی لاوازبـوونی دەسـەڵاتەکەی و لـە ئەنجامـدا هـەر ناوچـەیەك شێوە ئاخاوتنی تایبەتی دەبێت.[2] واتە فراوانبوونی پانتایی دەوڵەت و جیاوازی گەلـەکانی، دەبێتـە هـۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی، دواتریش دەبێتە مایەی دابەشبوونی وڵات بە سەر هـەرێم و ویلایـەت و میرنشـین و وڵاتی بچووکتر و هەر شوێن و ناوچەیەکیش ببێتە خاوەنی شێوە ئاخاوتنێکی تایبەت.[3]

وەکو وتمان هۆکاری سەرەکی دابەشبوونی زمان بۆ چەند زارێك، دەگەڕێتەوە بـۆ تەشـەنەکردنی ئـەو زمانە لە ناوچە جیاوازەکاندا و لە لایەن ژمارەیەکی زۆرەوە لە تاکەکانی و هۆزە جیاوازەکانی بـەکاردێت، ئەمەش هۆکارێکی ناڕاستەوخۆیە.

لێکۆڵینەوە لە سەر زمان ئەرکێکی ئاسان نییـە و تاڕادەیـەکی زۆریـش لـە توانـای تاکـە کەسـێکدا نییـە، بتوانێت لە ماوەیەکی کورتـدا ئـەنجامی بـدات، چـەنکە پێویسـتی بـە هـەوڵ و تەقەلایـەکی زۆر هەیـە، بـۆ سە لماندنی بـیرو بۆچـوونی زانسـتی و بـۆ دەرخسـتنی هۆکـاری ڕاسـتەوخۆش بـە دوو شـێوە دەتوانرێـت بخرێتەڕوو:

---

[1] – بڕوانە: محمد عید ( ١٩٨١ : ٢٦ ).

[2] – بەکر عومەر عەلی،شێرکۆ حەمە ئەمین( ٢٠٠٦ : ٨) .

[3] – نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٢ : ١٠٧).

یەکەم: تەشەنەکردنی یەك زمان بۆ چەند زارێکی ناوچەیی، هەر ناوچەیەکیش بە زاراوەی تایبەتی خۆی بدوێت.

دووەم: تەشەنەکردنی یەك زمان بۆ چەند زارێکی کۆمەڵایەتی، بەڵام هەر زار و چینێك لە بنچینەدا لە چینەکانی ئەوکۆمەڵەن کە قسەی پێدەکەن.[1]

## (٤-١/١) زار و شێوەزار

زانستی زارەکان (دیالۆکتۆلۆجی) ئەوەیە کە بایەخ بەو دیاردە دەدات کە دەبنە هۆی سەرهەڵدان و پەیدابونی زار (دیالێکت– لهجە)، یان ئەو هۆکارانە وادەکەن، زمانێك بۆ چەند زارێك دابەشبێت و شێوەزاریش لێی دروست بێت، کە هەر یەکێك لەو زارانە بەگۆڕینی شوێن و ناوچە و قسەپێکەرانی دەبێت.[2]

زار ڕێبازی قسەکەرانی زمانێکە، لە دەڤەرێکی جوگرافی یان کۆمەڵایەتی یان ڕۆشنبیری، ئەوەش دەگەیەنێ، کە زار جوگرافی یان کۆمەڵایەتییە،[3] واتە دیالێکت یاخود زار شێوەی جیاوازی ئاخاوتنە لە چوارچێوەی یەك زماندا، کە دەبێتە تایبەتمەندییەك و بەهۆیەوە تاکەکانی ناوچە جیاوازەکانی ئەو زمانە لەیەکتر جیادەکرێتەوە. بەڵام زار بوارەکەی تەسکترە واتە پانتاییەکی سنورداری ئەندامانی ئەو نەتەوە دەگرێتەوە کە بە زمانە گشتییەکە قسەدەکەن.[4]

شێوەزار ئەو وشە و دەربڕینە تایبەتییانەیە کە پەیوەستە بە ناوچەیەکی دیاریکراو لە زاری زمانێك، کە لە ڕێگەی ئاخاوتنەوە دەناسرێت، جاری واش هەیە، کەسێك دەتوانێت لە شێوەزاری کەسێکەوە ناونیشانی وڵاتەکەی دۆزێتەوە، چونکە قسەکردن و دەنگی مرۆڤێك لە قسەکردن و دەنگی مرۆڤێکی تر ناچێت، تەنانەت ئەگەر هەمان دەنگ چەند جارێك بدرکێنین، جاری یەکەم جیاوازە لە دووەم و جاری سێیەم جیاوازترە لەیەکەم و دووەمەوە .....هتد، لەم حاڵەتەدا جیاوازی لە نێوان درکاندنی دەنگەکان و جیابوونەوەیان دەست پێ دەکات بە پێی تایبەتی کەسیی، ئاخاوتنی مرۆڤێك لە ئاخاوتنی مرۆڤێکی تر ناچێت،[5] هاوکات شێوازی قسەکردنی گوندێك جیاوازە لە شێوازی قسەکردنی گوندێکی تر و شارێکی تر، ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەکی گشتی و تایبەتی، هەرچەندە ئەم هۆیانە بەتین بێت، ئەوە ڕادەی جیاوازییەکە زۆرتر دەبێت، کە واتە جیاوازی ئاخاوتن لە نێو سنوورێکی تەسکدا شێوەی لێی دروست دەبێت و چەند جیاوازییەکە زۆر بێت، ئەوە زیاتر زار لێ دروست دەبێت و بەم جۆرە بە ئاخاوتنی

---

[1] – بڕوانە: محمد عبدعبداللة عطوات ( ٢٠٠٣: ٤٨–٤٩).

[2] –بەکر عومەر عەلی،شێرکۆ حەمە ئەمین( ٢٠٠٦ : ٧).

[3] – فەرەیدون عبدول محمد ، ابوبکر عمر قادر (٢٠١٠: ١٢٣).

[4] –بەکر عومەر عەلی ، شێرکۆ حەمە ئەمین ( ٢٠٠٦ : ١٣).

[5] – غازی فاتح وەیس و فاچل مجید (١٩٨٧: ٣٨ ).

هەموو ئەو ناوچانە دەوترێ زار (دیالێکت). ئەوەی دانیشتوان قسەی پێدەکەن زارێکە لە زمان، نەك خودی زمانەکە، زار یان شێوەزار لە شێوەزاری تر جیا دەکرێتەوە لە هەندێ فۆنێم و ئەلۆفۆنەکان و هەندێ خەسڵەتی تایبەتمەندی دەنگی وەکو (التأنیف والتغویر والاطالة والاطباق)، هەروەها لە ڕووی ڕەفتاری ڕێزمانی یان واتا و مەبەست و تایبەتمەندی دیاریکراو یان ڕیزبوونی وشەکانەوە.[1]

هەر زارێك لە ڕێی نووسینەوەی ڕێزمانەکەی و دانانی فەرهەنگەوە دەشێت لە ئەنجامدا پلە و پایەی زمان پەیدابکات و ببێتە زمان یان ڕۆڵی زمان ببینێت، بە گۆڕینی دیالێکت بۆ زمانێکی سەربەخۆ لە بنەڕەتدا مەسەلەیەکی سیاسییە.[2] چونکە لە ڕووی زانستی زمانەوە جیاوازییەکی گەورە لە نێوانیاندا نییە و لەقاڵبی زانستی نوێدا زار کۆمەڵێ خەسڵەتی زمانە و دەگەڕێتەوە بۆ ژینگەیەکی تایبەت و هەموو ئەندامانی ئەو ژینگەیە لەو خەسڵەتانە بەشدارن و چەند زارێك لەخۆدەگرێت و تایبەتمەندیی خۆیان دەخەنە ڕوو، بەڵام هەموویان لە کۆمەڵێك دیاردەی زمان یەك دەگرنەوە و دەبنە هۆی پەیوەندی نێوان ئەندامانی ژینگەکان و بەیەکەوە بەستنیان و تێگەیشتن لە یەکتر بە پێی نزیکی هاوخێزانی زارەکان، هەروەها ئەو ژینگەیە کە گشتگیرە لە چەند زارێك پێکهاتووە، ئەوەیە بە زمان پێناسەکراوە، کە چەندین زار لەخۆدەگرێت. هەر زارێکیش تایبەتمەندی خۆی هەیە، زارەکان هەموویان لە کۆمەڵێك خەسڵەتی زمانەوانی بەشدار و هاوبەشن و هەروەها لە دیاردەکانی دەربڕین کە زمانێکی سەربەخۆ دروستی دەکات، لە زمانەکانی تر جیای دەکاتەوە.[3] لەناو زارەکانی یەك زمانیش جیاوازی هەیە، بەپێی ژینگە و بارودۆخەکانی، چونکە زاری ژینگەی کشتوکاڵی لەزاری ژینگەی پیشەییدا جیاوازە، ئەم زارە پێی دەڵێن زاری میللی، هاوکات پانتاییەکی جوگرافی جیاواز لە نێوان زارەکان یان شێوەزارەکان هەیە بەم شێوەیە دەخرێتە ڕوو:

١–جیاوازییە دەنگییەکان لەدەربڕینی هەندێ دەنگەکاندا.

٢– لە هێز و سیستەمیی برگەیی.

٣–لە واتای هەندێ زاراوە.

٤– لە یاسای ئاوێتەبوون و چوونە ناویەك لە نێوان دەنگەکانی دەوروبەر.

ئەم جیاوازییانە هەرچەندە بەچەند شێوە و سیمایەك بێت ، ناوەڕۆکی زمان ناگرێتەوە و لە یاسا گشتییەکانی تێ ناپەڕێت واتە لە ڕیزبوونی ڕستەکان،[4] بۆیە زارەکان بەڕوونی دەمێننەوە و هەرچەندە دووربکەونەوە، تێگەیشتن لەنێوانیاندا دەمێنێت، ئەویش لەبەر هەبوونی فاکتەرێکی هاوبەش لە نێوانیاندا کە لە جیاوازییەکە زیاترە.

---

[1]– محمد علی الخولی (١٩٩٨ : ١٤٦ ).

[2] – ڕەفیق سابیر (٢٠٠٨ : ١٧).

[3] – ابراهیم انیس (٢٠٠٣: ١٥).

[4]– اسعد محمد علي النجار ( بدون سنة : ٣٢ ).

## ( ١/١-٥ )چۆنیەتی دروستبوونی شێوەزار

لە زماندا دوو فاکتەری سەرەکی بۆ دروستبوونی شێوەزار هەیە[١] :

١-دابڕان لە نێوان کۆمەڵگەی گەلێکی دیاری کراودا.

٢- ململانێ زمانەکان لە ئاکامی شەڕ و کۆچکردن و داگیرکردن و کاریگەریی دراوسێتی میللەتان.

چونکە مێژوو ئەوە دەسەلمێنێت، چەند زمانێکی سەربەخۆ لە زمانێکی دیاریکراو دروستبووە، کە بە هۆی یەکێك یان هەردوو هۆکارەکانی سەرەوە، بۆ نمونە دەبینین زمانێك لە کاتێکدا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، بە هۆی هۆکاری دابڕانی جوگرافی یان کۆمەڵایەتی دابەشدەبێت و بەشەکانیش لە یەك جیادەبنەوە، واتە زمانێك توانای دروستبوونی چەندین لق یان زاری هەیە،ئەو دابەشبوونەش بە هۆی شاخ یان ڕووبار یان بیابان یان شتێکی تر لە نێوان پانتایی سروشتی زمانەکە دروست دەبێت و دەبێتە هۆی ئەوەی ئەندامانی کۆمەڵێك لە ناو خۆیاندا کەمترین ماوەی پەیوەندییان بەیەکەوە ببێت و لە ئاکامی ئەم دوورکەوتنەوەش، جیابوونەوەی زمان دروست دەبێت، بەم هۆیەوە چەند کۆمەڵگەیەکی بچووك لە نێو ژینگەیەکی زمانی داخراو لێ دەکەوێتەوە و پاشان لە دوای یەك سەدە یان چەند سەدەیەك دەگۆڕێت، بۆیە ئەم ڕێگایەی زمان ئاراستەدەکات، دابەشبوون لێ دەکەوێتەوە، بەمەش جیاوازی لە نێوان کۆمەڵگاکاندا ڕوو دەدات، لە بەر ئەوەی بارودۆخی ئاخاوتن لە نێوان کۆمەڵگا داخراوەکاندا جیاواز دەبێت.

داخراوی جوگرافی میللەتێك بە تەنیا نابێتە هۆی کاریگەریی دروستبوونی زار و شێوەزار و هەروەها زمانیش، لە پاڵ ئەوەشدا داخراوی و جیاوازیی بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە ڕووی ڕۆشنبیری و پەروەردەکردن و لایەنی بیرکردنەوە و هەست و ئاستی ژین و ژیانی کۆمەڵ و ژینگەی کۆمەڵایەتی وداب ونەریت لە ناو کۆمەڵگا داخراوەکاندا لەخۆدەگرێت، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو کۆمەڵگایەکی دیاری کراویی داخراودا شێوە و سیستەمێکی تایبەتی هەیە، لادان لەم یاسا و سیستەمانە، جیاوازی زمان و زار لێدەبێتەوە و لە ناو ئەم کۆمەڵگایەدا پیشەیەکی تایبەتی بە ناوبانگی دەبێت، یان سروشتی ژینگەیکی تایبەتی بۆ کشتوکاڵی یان پیشەسازی هەیە، بۆ نمونە تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی، بارودۆخی کۆمەڵایەتییان جیاوازە، لە ئەنجامیشدا دەبێتە هۆیەکی یارمەتیدەر بۆ داخراوی ژینگەکە و بە پێی جیاوازی ئەو ڕێگایە زمان لە سەری دەڕوات و دەگۆڕێت،[٢] بەڵام فاکتەرێکی هاوبەش لە نێوان کۆمەڵگا داخراوەکاندا هەیە، ئەم فاکتەرە هاوبەشانە بە بەردەوامی یەکێتییەکەیان دەپارێزێت و تەگەرە دەخاتە بەردەم گۆڕینی ئەو کۆمەڵگانە کە لە یەکتر دوور کەوتوونەتەوە، بەڵام لەکاتێك دوورکەوتنەوە لە ئاکامی فاکتەری جیابوونەوە یان دابڕان، زمانەکان پەرە دەسێنێت بۆ چەند زارێك و هەر یەکێکیان سەربەخۆیی خۆی وەردەگرێت و فراوان دەبێت و چەند لق و شێوەزارێك لێی دروست دەبێت، باشترین وێنە بۆ ئەم

---

[١] - اسعد محمد علي النجار ( بدون سنة : ٤١ ).

[٢]- بڕوانە علي عبد الواحد وافي ( ١٩٨٣ : ١٢٩-١٣٠ ).

کەنارگرتنە شێوەزاری عەرەبی کۆنە، کە لە دوورگەی عەرەب پێش ئیسلام و تازەترین وێنە بۆ ئەم کەنارگرتنەوە، ئەوەی لە ئیسپانی و ئینگلیزیدا ڕوویداوە.[1]

هۆکاری سەرەکیی دووەم بۆ دروستبوونی زار و شێوەزار، ئەوەیە کە ململانێی زمانەکان لە ئاکامی داگیرکردن و یاخود کۆچکردن بۆ جێگا و ژینگەیەکی تر، چ بە ئاوەدانکردنی بێت یان بە کاولکردنی، کە ((ولاتێك داگیری ولاتێك یان ناوچەیەکی تر کە زمانیان جیاوازە لە زمانی داگیرکراو دەکات، چونکە ململانێکی بە هێز لە نێوان زمانی داگیرکەر و داگیرکراو ڕوودەدات و تا ڕادەیەکی زۆر یەکێك لە زمانەکان لەناودەچێت، بۆ نمونە زمانی عەرەبی لە عێراق و شامدا زمانی ئارامی بردۆتەوە و بە هۆی بە هێزی ئەو زمانە، زمانی ئارامی تیاچووە و لە میسردا زمانی قوبتی و لە ولاتی مەغریبدا زمانی بەربەری و لە هەندێ پانتایی شانشینی ئێرانی کۆندا زمانی فارسی بردۆتەوە)).[2] بەلام هەندێ جاریش زمانی داگیرکەر توانای ئەوەی نییە زمانی داگیرکراو بپەزێنێ و لەناوی بدرێت، وەکو ئەوەی لە کوردستان ڕوویدا، کە زمانی عەرەبی نەیتوانی زمانی ڕەسەنی کوردی لەناو ببات، بارودۆخی کۆمەلایەتی لە یەك ژینگەدا، دەبێتە هۆی پەیدابوونی چەند جۆرێکی شێوەزاری تایبەتی وەکو ئەو شێوەزارانە لە نێوان تاکەکان کە خاوەن پیشەن، یان لە نێوان ئەوانەی لە دەرەوەی یاسان، یان لە نێوان کۆمەڵە خەڵکێکدان، کە دابڕاون لە کۆمەڵگا بە هۆی ئاین یان ڕامیاری.[3]

بە شێوەیەکی گشتی دروستبوونی زار و شێوەزار پەیوەستە بەم هۆیانەی خوارەوە :

١-تایبەتی جوگرافی.

٢- تایبەتی مێژوویی.

٣-تایبەتی ڕۆشنبیری.

٤-تایبەتی ڕامیاری.[4]

٥-هۆکاری بایۆلۆجی و فیزیکی، کە پەیوەستە بە کردەی دروستبوونی مرۆڤەوە.

٦-جیاوازی لە ڕووی لایەنی دەنگسازییەوە.

٧- لایەنی ئابووری، کە پەیوەستە بە چۆنیەتی دابەش نەبوونی ئابووری لە شوێنە جیاوازەکاندا.[5]

٨- گۆڕانی سروشتی زمان.[6]

---

[1] - مها محمد فوزي معاذ (٢٠٠٩ : ١٦٤ ).

[2] - ابراهيم انيس (٢٠٠٣: ٢١).

[3] - توفيق الرحمن (٢٠٠٧-٢٠٠٨ :٢٢ ).

[4] - بڕوانە: عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١١ :١٨).

٥ - سەلام ناوخۆش، نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، ئیدریس عەبدوڵلا (٢٠٠٩ :٧٣ ).

[6] - غازی فاتح وەیس وفاضل مجید (١٩٨٧: ٣٩).

له پالْ ئەمانەشدا هۆكارێكی گرنگتر له هۆكارەكانی دروستبوونی شێوەزار هەیه، كه زانایانی عەرەب پێی دەڵێن "المغايره الفرديه" به واتای لێكنەچوونی یان جیاوازی تاكی، واته هەموو كۆمەڵگایەك یان میللەتێك یان گروپێك شێوەزارێك یان چەند شێوە زارێكی تایبەتیی هەیه، بەگوێرەی تاكەكان كه قسه بەو زمانه دەكەن و زمانێك چەند زارێك دەگرێته خۆی و زانایانی زمان پێیان وایه، ئەو كۆمەڵگەیه كه تاكەكانی بەیەك زمان قسه دەكەن، شوێن و ماوەو بوونیان نییه،[1]واته گۆڕانی زمان پەیوەسته به زمانه زیندووەكان و ئاڵوگۆڕكردنی كەرەسەكانیان لەناو خۆیاندا و زمانەكانی دەوروبەریان و وەرگرتنی كەرەسه له یەكتر بۆ پڕكردنەوەی كەلێنەی فەرهەنگی زمانەكەیان به پێی پێویستی تاكەكان له ژیانی ڕۆژانەیاندا، كاتێك ڕەفتار و فاكتەرەكانی ژیانی كۆمەڵگا دەگۆڕێت، گۆڕانی زمانیش بەدەر نییه لەم حاڵەتە، بۆیه گوزارشت لەو فاكتەره نوێیانه دەكات، كه هاتونەته كایەوه و زمانیش هەیه وەكو خۆی ماوەتەوه و تاكو تاكەكان ورده ورده لاواز دەبێت بۆ زمانێكی نیمچه مردوو، وەكو زمانی قیبتی و زمانی بەربەری.[2]كه وتەیەكی گشتی به نرخ دەڵێ:(( ئەو زمانەی پەره نەسێنێت، مردووه)).[3]بۆیه گرنگترین فاكتەر بۆ مانەوەی زمان بریتیین له: ئاین و نەتەوه پەرستی و دەوڵەت و فاكتەری جوگرافی و بازاری هاوبەشی ئابووری و تەكنەلۆجیاو و زانست و ئەدەب له نێوان تاكەكاندا.[4]پێشكەوتنی كۆمەڵگا یان میللەت یان نەتەوه له سەرجەم بوارەكانی ژیاندا، پێشكەوتنی زمانیش له گەڵیاندا شان به شانی هەنگاو دەنێ، چونكه دەبێ زمانەكەش له ئاستی پێشكەوتنەكەدا بێت، وشەی نوێش دروست دەبێت، بۆ نمونه له ئەنجامی پێشكەوتنەكه وشه و زاراوەی نوێ لەدایكدەبێت، چونكه ئەو ئامرازانه ناویان بۆ دادەنرێت، بۆ نمونه، له كۆندا فڕۆكه نەبووه، بەڵام كاتێك فڕۆكەیان دروستكرد، ناوەكەیان بۆ دانراو و بەره بەره بەناو سەرجەم زمانانی دونیادا بڵاوبووەوه، یان وشەی (كۆمپیوتەر)، ڕاسته ئەم وشەیه نەكراوەته كوردی، بەڵام به پێی پێشكەوتن و پێداویستیی سەردەم بەكارهێنراوه و چووەته ناو فەرهەنگی زمانەكەوه.هەروەها دەیان وشه و زاراوەی دیكه.

## تەوەری دووەم:

## (٢/١ –١) زاراوه و واتای ناوی خانەقی:

له سەر ناوی خانەقین، چەندین بۆچوونی جیاجیا و ڕاڤەكردن هەیه، یەكێك له بۆچوونەكان دەڵێت ((شێوەی وشەی خانەقین له كۆندا به(خانەكێو)بووه، به واتای خان یان شوێنی شاخاوی هاتووه، لەبەر ئەوەی پێگەی ئەم ناوچەیه دەكەوێته كەناری چیا كوردییەكاندا)).[5]بۆچونێكی تریش هەیه دەڵێت(

[1] - انيس فريحة (١٩٥٥: ٤٦–٤٧ ).

[2] - بڕوانه مهى محمد فوزي معاذ(٢٠٠٩ : ١١٢ ).

[3] - محمود السعران (١٩٥٨ : ١١ ).

[4] - بێهزاد خۆشحاڵی، و:مستەفا غەفوور(٢٠٠٨ :٢٤٢ ).

[5] - محمد عبدالله عمر (٢٠٠٤ : ٦١ ).

خانەقین یان خانەقی لە دوو بەش پێك هاتووە: خان و نەقی ، گوایە کەسێکی ناودار بەناوی (نەقی) خاوەنی چەند خانێك بووە)، خانەکانیش بە ناوی خۆیەوە هاتووە، چونکە خانەقین دەکەوێتە سەر ڕێگەی نێوان شام و فارس واتا ڕۆژئاوای ناوچەکە بە ڕۆژهەڵاتییەوە بەستووە، بۆیە پێویستی بەخزمەتگوزاری بووە، خانەکانی (نەقی) یش بەو ئەرکە بەجوانی هەستاوە، بۆچونێکی تریش هەیە دەڵێت: (( خانقین لە وشەی (خان) و( قین ) هاتووە، وشەی قین بە واتای توڕەبوون و توندی، گوایە (قین)ەکە ئەو قینەیە کە فارسەکان بەرانبەر بە (نوعمان کوڕی مونزر)کردویانە و لە شاری خانەقین بەندکراوە بە مەبەستی ئازاردانی و بونە هۆی مردنیشی، بۆیە ناوچەکە لەو کاتەوە بە ناوی خانەقین نراوە، واتە شوێنی زیندانی کردنی ئەو کەسانەی لێی تووڕە دەبن)).[١]

بۆچوونەکان هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن، کە ئەم شارە ناوەکەی لە (خان)ەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە خانێکی زۆری تێدابووە و خزمەتی ئەوانەیان کردوە، کە لە ئێرانەوە بەرەو شوێنە ئاینییەکان (کەربەلاو نەجەف )هاتوون، بەتایبەت ئەو ڕەوەند و کۆچبەرانە لە عێراقەوە بەرەو ئێران هاتون، هەروەها شوێنی بازرگانی بووە و فرۆشتنی شتومەك و کەرەستە و مەڕ و ماڵاتەکانیان بووە، پێ دەچێت بە هۆی ئەو خانەوە دواجار بە گۆڕانکارییەوە بە خانەقی ناونراوە، کە ئەم خانانەش گەورەترین خانی خانەقین بووە خاوەنەکەی بازرگانێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە بە ناوی (نەقی) وەکو باسمان کرد،[٢] یان بە بۆچوونی خۆم چەند خانێك هی (قلی خان )یان (قولی خان)[٣] بووە، کە یەکێکە لە بەناوبانگەکانی هۆزی بەختیاری، کە سەر بە شێوەزاری بەختیاریە، بەهۆی نزیکی ئەم شێوەزارە لە کەڵهور و یەکێکە لە زارەکانی کرمانجی خواروو وخاوەن خانە بووە لەو سەردەمە، بۆیە وتراوە (خانە قولی) ئەگەر بەناوی( قولی )بێت بەگۆڕانکارییەوە بۆتە ( خانە قوی )، چونکە وەکو دەزانین جار هەیە دەنگ دەگۆڕێت و هەیە لەناو دەچێت بۆ ئاسانی دەربڕین و ئیکۆنۆمی کردن، کەدەنگێکی لە ناوچووە واتە دەنگی (ل) لەناوچووە و بووە بە( خانە قوی)، ئەم دەنگە (وی) دەنگی (ئوی ) لەخانەقیندا هەیە لە کاتی گۆکردنی ئەم دەنگە لای عەرەب بۆتە (خانە قی)، بەڵام ئەگەر بەناوی (قلی ) بێت بەپێی یاسا دەنگییەکان لێکچوونی تەواو و ڕاستەوخۆ کاریکردۆتە سەر دەنگەکەی دواوە واتە دەنگی (ق) دەنگێکی کپە و دەنگی (ل) کە دەنگێکی گڕە کاریکردۆتە سەری و گۆڕیوە بە (ق)ی کپ وەکو خۆی بۆتە (خانەق قی) لە کاتی گۆکردنی دوو دەنگی کپ یەکێك لە ناو دەچێت و بەیەك دەنگ گۆدەکرێت، وەکو وشەی (دەست ) کە دەنگی (ت) لەناو دەچێت و دەبێتە (دەس) هیچ لە واتای نەگۆڕیوە بە هەمان شێوە وشەی (خانەق قی ) یش دەنگی (ق) لەناو دەچێت ودەبێتە (خانە قی )، بەکۆکردنی ئەم ناوە بووە بە خانەقین.

---

[١]- جمال بابان ( ١٩٧٦ : ١٥٤ ).

[٢]– بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ناوی خانەقین، بڕوانە عزیز یاور ، ( ٢٠٠٩، ل ٧–٨ ).

٣ – بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ( قلی خان ) و هۆزی بەختیاری، بڕوانە کتێبی اللر ولرستان، علی سیدو الگورانی، مطبعة المجمع العلمي الکردي، بغداد، ١٩٧٤ .

## ( ٢/١-٢ ) ناو و واتای کەڵهوڕ

دەربارەی ناوی ئەم هۆزە کوردە ڕەسەنە، هەندێك لەو بڕوایەدان بە بێ لێکۆڵینەوە و وردبینی لە شێواز و ڕیشەی ئەم ناوە ناتوانرێت بە شێوەیەکی ڕاست و دروست واتای ناوەکە ڕاڤە بکەین. وشەکە وشەیەکی لێکدراوە و لە دوو وشە پێك دێت. (کەڵ) و (هوڕ یان هر) ئەم وشەیە بەچەند شێوەیەك گۆ دەکرێ وەکو (کەڵهور، کەڵهڕ، کەڵڕ). کەڵ زیاتر بە واتای ئاسکە کێوی نێر دێت و بۆتە نمونەی بوێری وئازایەتی چونکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ئاژەڵە بوێری و خۆڕاگرییە تا ڕادەیەکی زۆریش توند ڕەوییە، بەشی دووەمی وشەکە (هوڕ یان هڕ) لە فەرهەنگەکاندا بەواتای ( خۆر، خورشید، ئافتاو، هەتاو) لێکدراوەتەوە و لە تایبەتمەندییەکانی (خۆر =ڕۆژ) توندی درەوشانەوەیە. ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە خەڵکی ئەم هۆزە بە درێژایی مێژوو لە گەڵ ژیانی سەخت و نالەباری سروشتی ناوچەکەدا و دەست و پەنجەیان داوە و بەئازایی و خۆڕاگرانە وەك کەڵە کێوی ژیاون و خۆیان لەگەڵ سەختی ناوچەکەدا ڕاهێناوە و بەرگرییان لەخاکی خۆیان کردووە. تاقمێکی دیکە لەو باوەڕەدان کە کەڵهوڕییەکان لە نەژاددا کوردی ئاری ڕەسەنن، ئەم خەڵکە بە هۆی ڕوخساری کەش و هەروەها خێرایی لە ڕادەبەدەریان لە ڕۆیشتن و تەیکردنی شاخەکان و شێوە سەختەکان شوبهێنراون بە خۆر (خورشید) کە سەرچاوەی سەرنجڕاکێشانە.[1]

## ( ٢/١-٣ ) ستراتیجی خانەقین:

خانەقی دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دیيالە و سنووری عێراق بە سنووری ئێران دەبەستێتەوە و بەشێکی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی باشوور دەگرێتەوە(( لە سەنتەری شار پێکهاتووە و چوار ناحییەی لەخۆ دەگرێت و (٢٢٧) گوند لەگەڵ ناحییەکاندا بەشدارە))[2] هەروەها خانەقین یەکێکە لەو شارانە، کە پڕە لە کانزاو کێڵگەی نەوت و سوتەمەنی جیاجیاکان، لە هەردوو بەشەکەی خانەقین بە پردێکی کوچکین(حجری) دەبەسترێتە یەکەوە، ئەم پردەش بە (١١) تاق لەسەر ئاوی ئەلوەن نزیك ساڵانی (١٨٦٠– ١٨٦٣ )دروستکراوە و گرنگییەکی تایبەتی بۆ هاتووچۆ لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ناوچەکە پەخشاندووە.[3]کە دانیشتوانی لەڕۆشنبیرییەکی بەرز پێکهاتووە، بەهۆی ئەو خانەوە کە شوێنێك بووە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ڕۆشنبیری و هەموو دانیشتوانی ناوچەکە ئەدەبی عەرەبی و تورکمانی و فارسیان زانیوە، لە پاڵ ئەدەبی کوردیی، لە پاڵ ئەوەشدا ڕۆشنبیری ئینگلیزی دەرگایەکی واڵا خستۆتە بەردەم دانیشتوانی ناوچەکە و کرێکارانی ناوچەکە و تێکەڵکردنیان لەگەڵ یەکتریدا و پەخشکردنی سینەمای گوێزانەوە، ئەمانە هەموویان بۆنەتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستیس ڕۆشنبیری خەڵکی ناوچەکە.

---

[1] - بڕوانە: عەلی رەزا گۆدەرزی، و: محسن بنی ویس ( ٢٠١٣ :١٨ ).

[2] - صلاح الدين أنور قيتولي ( ٢٠٠٨ : ١٣ ).

[3] - ابراهيم باجلان (٢٠٠٤ :٧ ).

خانەقین یەکێکە لەو ناوچە گرنگ و ستراتیجییانە کە بە هۆی کەوتنە سەر ڕێگای بەغداد – تاران و ڕێگای (هەورێشمەوە ) لە سەردەمی دەسەڵاتدارانی عوسمانی و ویلایەتی بەغدادەوە و بە دەرگای ڕۆژهەڵات بەرەو ڕۆژئاوا ناوزەدکراوە، بۆیە بە گرنگییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بارودۆخ و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ناوچەی خانەقینەوە کردووە و تاڕادەیەك هەمیشە شوێنی ململانێ بووە لە نێوان دوو دەسەڵاتی زلهێزی سەفەوی و عوسمانی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچەیە،[1] هەر چەندە لەو ساڵانە تا کۆتایی ساڵی (١٩١٨ ) شەڕی لابەلا لە نێوان هەردوولا هەر بەردەوام بووە، تا بە یەکجاری سنووری نێوان عێراق و ئێران بە شێوەییەکی ڕەسمی یان گشتی دیاری کرا و چەندین گوندی سەر سنووری خانەقین لە نێوان هەردوو وڵات دابەشکرا لەوانەش شاه بزرگ و چڵ پیر و سەمەد ئاغا درایە ئێران و ئاوایی بەرز و هەوبەی حەسەن کەچەڵ و بەرزاییەکانی مروایی کەوتەبەر بەشی عێراقەوە.[2]

دکتۆر (صالح فلیح حسن) لە بارەی دواکەوتنی بواری ڕۆشنبیری و پەروەردەیی لە شارە سنوورییەکان باس لەوە دەکات و دەڵێ:(( ئەو شارانەی لە سەر مەرزن لە جیهانی دەرەوەی خۆیان دابڕاون و بە جۆرێك لە جۆرەکان گۆشەگیریی و کەنارە نشینیان پێوە دیارە و لەو بوارە دواکەوتوون جگە لە خانەقین و زبێر کەجیاوازن لە شارە سنوورییەکانی تری عێراق و ئاستییان دەگاتە بەرزترین شارانی عێراق و بە تایبەتی لە شاری خانەقین ئەو جیاوازییە بە ڕوونی بەدی دەکرێت، کە دانیشتوانەکەی ئاستی ڕۆشنبیری و زانستییان بەرزە لە چاو شوێنەکانی تری عێراق)).[3] خانەقین کۆنترین شاری عێراقە کە تیایدا چاڵی نەوت لێدراوە و لە ٣٠ ئابی ساڵی ١٩٢٥ دا کۆمپانیای نەوتی خانەقین دامەزراوە کە پشکی کۆمپانیای دارسی (کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی –فارسی) بووە و یەکەمین شاری عێراقیشە کە پاڵاوگەی نەوتی تێدا دامەزراوە بەناوی پاڵاوگەی ئەلوەن.[4]

## ( ٢/١-٤ ) شێوەزاری خانەقین:

شێوەزارێکە لە ڕووی مێژووییەوە نوێیە و تازە پێکهاتووە بە بەراورد لەگەڵ شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی، چونکە لە بیستەکان تاکو سییەکانی سەدەی ڕابردوو شتێك نەبووە بە ناوی شێوەزاری خانەقینەوە، بەڵکو خەڵکی ئەم ناوچەیە بە شێوەزارەکانی( کەڵهوڕی، هەورامی، لوڕی، گەرمیانی، سلێمانی) دواون، واتە(( ئەم ناوچەیە بەهۆی ئەوەی خاوەن دیموگرافیایەکی هەمەلایەن بووە و لە قۆناغەکانی پێشودا خاوەن شێوەزارێکی تایبەتی نەبووە و هەر خێڵ و هۆزێك بە شێوەزاری تایبەتی خۆیان قسەیان کردووە، ئەم تێکەڵاوبوونە زۆری زارییە و تاکو بیستەکان وسییەکانی سەدەی بیستەم لە

---

[1] – عزیز یاور (٢٠٠٩ :٧ ).

[2] - بڕوانە: ابو الفضل عابديني ( ١٦٣٩ :٧٤ –٨١ ).

[3] – صالح فلیح حسن ( ١٩٧٩ : ٢٠٦).

[4] –بڕوانە عزیز یاور (٢٠٠٩ : ١٤ ).

خانەقین هەر بەردەوام بووە و هەر ناوچەیەك شێوەزاری خۆی بەکارهێناوە و بە زاراوەی خۆیان کارو باری ڕۆژانەیان ئەنجامداوە و بەهۆی نزیکی شێوەزارەکان توانیویانە بە ئاسانی لەیەکتر تێبگەن)).[1] شێوەزارێکە سەر بە زاری کرمانجی خوارووە و پێکهاتووە لە (لوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسەنی، کۆهگلۆیی، لەکی، کەڵهوری), بە پێی دابەشبوونی جوگرافی شێوەزار، خانەقینیش دەگرێتە خۆی، ((زاری خواروو، دەکەوێتە خوارووی هێڵی دووەم و دیالێکتێکی باڵا دەستبووە))،[2]چونکە کۆمەڵی زار دەگرێتە خۆی، خانەقین تا ساڵانێکی زۆر ژێر دەستەی حوکمی عوسمانی بووە، کە گەیشتە نزیکەی ٤٠٠ساڵ، هەر چەندە لە هەندێ نەریت و عاداتی ئیسلامی بوون لە ژێر چەتری تورکیدا، بەڵام لە ساڵی (١٩١٨)دا عوسمانییەکان لە خانەقین وەدەرکران لە لایەن ئینگلیزەوە، هەندێ جاریش لە لایەن ڕووسەکانەوە داگیرکراوە.

لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا کە ڕووسەکان خانەقینیان داگیرکرد و کاولکرا و ڕواڵەتی شارستانییەتی لەناوبرد، هەرچەندە ماوەیەکی کورتیش بوو.

ئینگلیزەکان کە گەیشتنە خانەقین لە کۆتایی ساڵی (١٩١٨) هێشتا لە قوتابخانەی عەلیاوە بە زمانی تورکی وانەی دەوترایەوە، ئەو قوتابخانەیە کە یەکەم قوتابخانە بووە لەم شارە و دووەم بووە لە ئاستی عێراق، کە لە ساڵی (١٨٨٧)دا، لە سەردەمی سوڵتانی عوسمانی عەبدولحەمیدی دووەم دروستکراوە، ئینجا لە ساڵی ١٩١٩ یەکەمین خوێندنگەی بە زمانی عەرەبی لە لایەن ئینگلیزەوە دامەزرا.[3]واتە زمان و زاراوەی خانەقینییەکان لە هەر دوو حاڵەتدا تووشی نەهامەتی بوون، جارێکیان بە تورکی و جارێکی تریان بە عەرەبی و تاکو ئێستاش خەڵکی خانەقین باجی کەوتنە ژێر کاریگەریی زمانی داگیرکەر دەدەن.

لەو قۆناغە قسەپێکەرانی ناوچەی خانەقین بە شێوەزاری کەڵهوڕی لە ناو شاردا لە هەموو شێوەزارەکانی تر زۆرتر بوونە، چونکە هەر یەکە لە گەڕەکەکانی (کاریز–بان وخوار، بانمیل، ئەرکەوازی، مەڵك شا) بەو شێوەزارە قسەیان کردبوو.[4]

وەکو وتمان شێوەزاری خانەقین تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەگەر گۆڕانکارییەکەش بە سەریدا هاتووە، زۆر کەمن و دەگەڕێتەوە بۆ تەعریب کردنی شارەکە و گواستنەوەی دانیشتوانی بۆ باشووری عێراق و سەپاندنی خوێندنی عەرەبی بە سەریاندا کە دوای (٣٠) ساڵ گەڕانەوە بە نەوەیەکی نوێ، کە هەموویان بە زمانی عەرەبی خوێندووە و تا ڕادەیەك هەر چەند هەمیشە کلتووری عەرەبی بە سەریاندا سەپێنراوە، بۆیە هەندێك جار بەڵگە عەرەبییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەر وەکو خۆی وەردەگێرنەوە، بۆ نمونە بۆ تەلەفۆن کردن زۆر جار دەوترێت(دگیت علیك ، کوتامە باند، نوکەم بۆ کردوین)، هەندێك لە شارەزایانی

---

[1] – سەلام ڕەحیم ڕەشید( ٢٠١٤ : ١٣ ).

[2] – بیهزاد خۆشحاڵی، و:مستەفا غەفوور (٢٠٠٨ :٢٣٤ ).

[3] – بڕوانە عزیز یاور (٢٠٠٩: ٣٥ –٥٨ ).

[4] – ئومێد بەرزان برزو(٢٠٠٦ : ١٠١).

شێوەزاری خانەقین دەڵێن ئەم شێوەزارە تێکەڵاوە، عەشایرەکان هەموویان بە ئاوێتە بوونەوە هاتونەتە نێو خانەقین، عەشیرەتەکانی خانەقین بە تایبەت دەوروبەری زیاتر بۆ فرۆشتنی بەروبووم و بەرهەمی کشتوکاڵی و مەڕ و ماڵات ڕوویان لە خانەقین دەکرد و شتومەك و پێداویستییەکانیان دەکڕی، جۆرێك لە بەرژەوەندیی لەنێوانیاندا دروست بووە، کاردانەوەشی لە سەر سەنتەری زاراوەکەی هەبووە، بە جۆرێك ئەم پێوەندییە کۆمەڵایەتییانە بوونەتە هۆی دروستبوونی ئاخاوتنی یان شێوەزارێکی تایبەت لە نێوان دانیشتوانی خانەقین، جگە لەوەش، شارەکە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان بووە و دانیشتوانی ناچارکراون لە شوێن و بنکە حکومییەکان بە تورکی بدوێن و داخوازییە فەرمییەکانیان بەو زمانە بەڕێوە ببەن و هەروەها ئاینی ئیسلامیش کاریگەریی زۆری کردۆتە سەر خەڵکەکە، کە بە زمانی عەرەبییە، بەڵام بە گشتی هۆز و عەشیرەتەکانی خانەقین شێوەزاری خۆیان پاراستووە، بۆیە خانەقین شێوەزارێکی تایبەتی خۆی هەیە.

## ( ٢/١-٥ ) هۆکارەکانی دروستبوونی شێوەزاری خانەقین

چەند هۆکارێك هەیە، هەرچەندە بە گشتی لە زۆربەی ناوچەی زمانەوانی لە کاتی دروستبوونی زار و شێوەزار بەدی دەکرێت، بەڵام جیاوازیی لە نێوانیاندا هەیە و هۆکارەکانیش لەبەر تایبەتمەندی تۆبۆگرافی و سیاسی و دیموکرافی و کلتورییەوە بەدی دەکرێن. گرنگترین ئەو هۆکارانە کە بۆتە هۆی دروستبوونی شێوەزاری خانەقین شایەنی ئاماژەکردنە بریتییە لە:

### (٢/١-٥-١) هۆکاری ئابووری

پێگەی جوگرافی ناوچەکە بە هۆی هەبوونی ئاوو زەوییەکی بە پیت بە درێژایی هەردوو ڕووباری سیروان و ئەڵوەن و زەوییەکی دەشتایی پێکهێنا و لە پاڵ ئەمانەوە دروستکردنی پاڵاوگەکانی ئەڵوەن و هەناردە کردنی نەوت بۆ بەغدا (دورە) و دەوروبەری بارووودۆخێکی ئابووری چالاکی جۆراوجۆر خستۆتە نێو دانیشتوانی ناوچەکە.[١]

گەشەکردنی ژیانی ڕۆژانەیان گرنگی خۆی هەبووە و خەڵکەکەش بە کشتوکاڵی خۆیان خەریك کردووە و یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ئەم شێوەزارە، چونکە خانەقین بە هۆی ئاوی ئەڵوەنەوە پانتاییەکی باشی لە زەوی کشتوکاڵی بە پیت ودار و باخی بەرهەمدار هەیە، کە لەبەر فراوانی و زۆری بەروبوومیان، خەڵکی جوتیار و خاوەن باخەکان بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانیان پێویستیان بە کرێکاری ناو شار بووە، بۆیە لە ناوچەکانی دەرەوەی شار، بە مەبەستی کاری فەرمی و بەپارەکردنی بەرهەمەکانیان و بژێوی خێزانەکانیان بە بەردەوامی سەردانی ناو شاریان کردووە، ئەو کوردانە کە لە

[١] - بڕوانە خلیل اسماعیل محمد (١٩٧٧ : ٩ ).

ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە لە (بیست و سییەکان)ی سەدەی ڕابردوو تاکو (پەنجاکان و شەستەکان ) هاتونەتە خانەقین بە مەبەستی کارکردن لە وەرزی کشتوکاڵدا، ئەمانەش بە شێوەزارەکانی لوڕی و کەڵهوڕی و هەندێکیان بە هەورامی(ماچۆ) قسەیان کردووە، جگە لەمانەش هەموو جوتیارانی ئەم ناوچەیە و دەوروبەری کە لە عەشیرەتەکانی (باجەڵان و کاکەیی و جمور) کە هەڵگری شێوەزاری ماچوو زمانن، هەروەها جوتیارانی سنووری کفری و لە ڕۆژئاوا و سنووری قۆرەتوو لە باکوور کە بە شێوەزاری گەرمیانی قسەیان کردووە، جوتیارانی سنووری مەیدان و بەمۆ و شێخان، کە بە شێوەزاری سۆرانی، دیالێکتی جاف قسەیان کردووە، هەموو ئەمانە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان هێناوەتە ئەم شارە بۆ فرۆشتن و ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان و کڕینی پێداویستییەکانیان لە کەلوپەلی ناو ماڵ و جگە لەوەش بەشێکی زۆری ئەم بەرهەمە کشتوکاڵییانە لە ڕێگەی شەمەندەفەر و ئۆتومبیلی بار هەڵگرەکانەوە گواستراونەتەوە بۆ شارەکانی تری عێراق، بە هۆی ڕێژەی زۆری باران بەسەر ناوچەی خانەقین و جوانی سروشتی و نزیک بوونی لە ناوچە عەرەبیەکان، دانیشتوانی ئەو ناوچانە لە وەرزی بەهاردا بەتایبەتی لە ڕۆژانی پشوودا دەهێننە خانەقین ، بۆیە دەهاتنە ناو شار و تێکەڵاوی خەڵکی دەبن و زۆر وشە هاتوونەتە نێو شێوەزارەکەمان.[1]

جگە لەوەی خەڵکێکی بەرچاوی ئەم ناوچانەی کە باسمان کرد لە کۆمپانیای نەفتخانە و پاڵاوگەی نەوتی ئەڵوەن، کە ژمارەیان لە دوو هەزار زیاتربوون، پەنایان بردۆتە بەر کرێکارانی خەڵکی ناوچەکە، ئەمەش باری ئابووری ناوچەکە و بارودۆخی کۆمەڵایەتی بەرەو پەرەسەندن و باشتردەبرد،[2] جۆرێک جموجۆڵی کشتوکاڵی و بازرگانی و هەڵسوکەوت و گفتوگۆی خستۆتە نێوانیان، (جوتیارەکانی شوێنە جیاوازەکانیش بە هەمان شێوە کاریگەریی بەرچاویان لە گەشەکردنی شێوەزاری خانەقیندا هەبووە).[3] بە هۆی هەبوونی مونزرییەوە کە شوێنی پەڕینەوە و دەربازگەی جیهانیی سەرەکییە و بەشێکی بنەڕەتییە لە ڕێگای خراسانی مێژوویی، ئەمەش دیدێکی بازرگانی دەخاتە ڕوو و شوێنی پەڕینەوە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی شتومەك لەنێوان عێراق و ئێراندا بە تایبەتی لە سەردەمی ڕابردوو.[4] هاوکات کاریگەرییەکی ئیجابی کردۆتە سەر هەموو دانیشتوانی ناوچەکە و شێوازی ناوچەکە.

## (١/٢–٥–٢) هۆکاریی جوگرافی

بە هۆی پێگەی تایبەتمەندی جوگرافی ناوچەی خانەقین و تێکەڵبوونی لە گەڵ شێوەزارەکانی (گەرمیان و سلێمانی و گۆران و هەورامان و لوڕ و کەڵهوڕ) کاریگەری و پەیوەندیکردنی قسەپێکەرانی ئەم

---

١ – (ابراهیم باجلان، چاوپێکەوتن: ٢٠١٤/٥/١٩ ).

٢ - بڕوانە کمال مظهر أحمد (١٩٨١ : ٦١ ).

٣ - خلیل اسماعیل محمد (١٩٧٧ : ٩ ).

٤ - بڕوانە عبد الرزاق الحسني (١٩٧٣ :٢١١ ).

شێوەزارانە لەگەڵ یەکتری، شێوەزاری خانەقینیان لێ پەیدابووە، چونکە (بەهۆی پێگەی جوگرافی ناوچەکە، لەپارێزگای هەڵەبجەوە دەست پێدەکات لە پارێزگای سلێمانییەوە تاکو ناوچەی (بەدرە) سەر بە پارێزگای (واسیت)ە، بەڵام لە بەشی ڕۆژئاوا هەمان گرنگی هەبووە وەکو بەشی ڕۆژ هەلات، هەرچەندە زنجیرە چیاکانی حەمرین بەشی ڕۆژئاوای باشوور دەگرێتەوە و ناوچە شاخییەکان و ناوچە تەختاییەکانی ڕەندایی لە عێراقدا کەرت دەکات و وەکو سنوورێکە لە نێوان زۆربەی کوردەکان لە باکوور و عەرەبەکانی باشوور، بەڵام تێکلاوییەك لە نێوان هۆزەکاندا دروستبووە و پێوەندی زمان و خزمایەتی بە هۆی ژنهێنان و ئاین و بیرو باوەڕ و پێوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوانیاندا، کاریگەریی بووە لە دروستبوونی شێوەزارەکە)[1] دراوسێتی و تێکەڵبوون لەگەڵ نەتەوەی عەرەب و ئاینی ئیسلام بە زمانی عەرەبی کاریکردۆتە سەر شێوەزارەکە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ دروستبوونی شێوەزاری خانەقین، بەگشتی ناوچەی خانەقین لە ڕووی جوگرافییەوە لە باکورەوە لەگەڵ ناحیەی بەمۆ و مەیدان و قۆرەتو و ناوچەی بنکورە هاوسنوورە، کە خەڵکی ئەم ناوچانە بە شێوەزاری گەرمیانی دەدوێن، لە باشووریشەوە هاوسنووری مەندلی و بەدرەو جەسان و بەلەدروزە کە لادێکانی ئەو ناوچانە بە شێوەزاری کەڵهوڕی قسە دەکەن، بەدرە و دەوروبەریش بە شێوەزاری لوڕی، خودی لوڕیش دابەش بووە بۆ لوڕی گەورە کە لەم ناوچانانە (مامەسەنی، کۆهگلۆیی، بەختیاری) قسەی پێدەکەن و لوڕی بچووك کە بە لوڕی پاڕاو زیاتر ناسراوە، زۆرێك لە زمانناسان بە هەڵە شێوەزاری فەیلیش ناو دەبرێت، لە ڕۆژ هەڵاتەوە گوندەکانی هەر یەکە لە هۆزەکانی باجەڵان و کاکەیی و جمویر و ئەرکەوازیی و مەلکشاهی بەشی ناوەوەی عێراق و ئێران لەو دیوی سنوورەوە لە قەسرشیرین و زەهاو و سەرپێڵ و ڕیژاو، بە شێوەزاری گۆران خەڵکەکە قسەدەکەن، لە ڕۆژهەڵاتی خوارووی خانەقین جگە لە گوندەکانی هۆزی دەلۆ کە بە شێوەزاری گەرمیانی قسە دەکەن، لە سنووری ئیلام و شابات و نەفتشا و میهران و بۆ کرماشان تا سنووری کنگاوەر بە شێوەزاری دانیشتوانی ئەو سنوورە لوڕییە، لە ڕۆژ ئاواش لە گوندەکانی دەوروبەری ناحیەی جەلەولا تا قزرەبات لە هۆزی زەهاوین، زیاتر ئەم ناوچەیە بە شێوەزاری گەرمیانی دەدوێن و هەموو گوندەکانی تری ئەو سنوورە لە ئەرکەوازی و مەڵکشاهی و زڕگوش و سورەمەیری کوردەکانی قزرەبات و شارەبان بە شێوەزاری کەڵهوڕی دەدوێن،[2] ئەگەر لێکۆڵینەوەی ورد بکرێتە سەر شێوەزاری خانەقین، ئاگاداری ئەوە دەبینەوە، کە ئەم شێوەزارە بە جۆرێك تێکەڵییە لە هەموو زارەکانی کوردی و زیاتر کاریگەریی گۆران و کەڵهوڕی پێوەدیارە. بەمەش دەردەکەوێت، کە فاکتەری جوگرافیی کاریگەریی زۆری لە سەر دروستبوون و گەشەکردنی ئەم شێوەزارە هەبووە.

[1] - صلاح الدين أنور قيتولي ( ٢٠٠٨ : ٤٣ ).

[2] - سەلام ڕەحیم ڕەشید (٢٠١٤ : ١٧ ).

## ( ٦-٢/١ ) سنووری شێوەزاری خانەقین

١-  (سەنتەری شاری خانەقین و هەموو گەڕەکەکانی بەم شێوەزارە دەدوێن، وەك لە نەخشەی (A) هاتووە).[١]

٢-  جیاوازییەك لە ئاخاوتنی دانیشتوانی گوندەکانی باکوری خانەقین و باشوری بەدی دەکرێت، زۆربەی هەرەزۆری گوندەکانی باشووری خانەقین بە شێوەزاری خانەقین دەدوێن، بەڵام لە باکوری شار دانیشتوانی دییەکانی بەشێوەزاری سلێمانی تا ڕادەیەکی زۆر بەڵام بەپایەوە، بۆ نمونە لە قۆرەتوو ومەیدان ئەمجارە بەرەو کەلار و دواتر بەرەو زەڕایەن و دەربەندیخان تاکو دەگاتە سلێمانی، پایە پایە دەچێتە سەرەوە ئەوانەی تر بە تێکەڵی لەگەڵ زاری تایبەتی خۆیان کە گەرمیانی و ماچۆیی و سلێمانییە، شێوەزاری دانیشتووانی خانەقین تێکەڵی ئاخاوتنەکانی خۆیان دەکەن و جۆرێك جیاوازییان هەیە لەگەڵ ئەو ناوچانە کە بە چڕی بە زارو شێوەزارەکەیان دەدوێن و لە خودی خۆیدا ئاسایی دەبێت لە یەك ناوچە و کۆمەڵێکی ڕەگەز وەکیەکدا زمانە دایکەکەیان (بە پێی ئینتیمای یەك ڕەگەزی) ژینگە و سنووری هەڵسووکەوتیان ببێتە مایەی جیاوازی درکاندن (نوتق) بۆ دەربڕینی وشە، کە ناوی نراوە (لەهجە) ، ئاساییە جیایی لە هەمان زماندا لە شوێنێکیانەوە بۆ شوێنێکی دیی هەمان کۆمەڵ دروست ببێت.[٢]

سنووری شێوەزاری خانەقین بەگشتی لە نێو شاردا دیاری کراوە و وەك لە نەخشەی پێشودا دیاریمانکردبوو. لە نەخشەی (B)[٣]دا هەوڵمانداوە، کە زیاتر سنووری شێوەزارەکانی هاوسنووری خانەقین کە شێوەزاری کوردین لە بنەڕەتدا کاریگەرییان هەبووە لە دروستبوونی شێوەزاری خانەقین و دەوڵمەندکردنی، کە بریتیە لە شێوەزارەکانی گەرمیانی و سلێمانی و هەورامی – باجەلانی – کاکەیی (ماچۆ) دابەش بووە لە شوێنی دیاریکراوی جوگرافی و بە گشتی لە نێو ناوچەی خانەقین دیاری کراون و ئەو شوێنانە کە لە هێڵدا دیاری نەکراون، زیاتر بە شێوەزاری تایبەتی ناوشاری خانەقین قسەدەکەن و لە هەمانکاتدا ئەو شوێنانە کە بە هێما و هێڵ دیاری کراون، شێوەزاری دیاریکراوی خۆیان هەیە، کە زیاتر لە گوندەکانی دەورو بەری خانەقیندان و لە دەرەوەی گوندەکانی خۆیان بە شێوەزاری خانەقین دەدوێن و زۆرجاریش هەر بەهەمان شێوەزاری خانەقین قسەدەکەن و بە پێی ئەم نەخشەیەدا سنوورەکەیان دیاری کراوە لە نەخشەی (B)[٤].

## ( ٧-٢/١ ) کاریگەریی زمانەکان لە سەر یەکتری

(ساطح الحصري) کە بە بنیاتنەری پەروەردەیی فکریی و نەتەوەیی عەرەب ناسراوە، ڕەخنە لە (انطوان سعادة) دەگرێت، کە بیرمەندێکی ناسراوی عەرەبە( سەبارەت بە کاریگەریی زمانی عەرەبی لە سەر

---

[١] - دیزاین مسعود دارەخان .

[٢] – محەمەد حسێن زەهاوی ( ٢٠١٤ :١٧).

[٣] - بڕوانە (ل٤٤) ئەم نامەیە ، بۆ نەخشەی (A) بڕوانە (ل٤٣) ئەم نامەیە.

[٤] - سایتي google maps

زمانەکانی تر، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە زمانی عەرەبی لە سەر چیای زاکرۆس چەقی بەستووە و نەیتوانیووە زمانی گەلانی داگیرکراوەکان بسڕێتەوە )،[1] هەڵبەت زمانی کوردی مەبەستییەتی، هۆکارەکەشی دەخاتە ئەستۆی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١- ڕەسەنایەتی زمانی نەتەوە داگیرکراوەکان لە سەردەمی ئیسلامدا بە تایبەتی زمانی کوردی.

٢- لەبەر ئەوەی هەردوو زمانی کوردی و زمانی عەرەبی سەر بە دوو خێزانی جیاوازن و لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە چەندین سیمای جیاکەرەوە لە نێوانیاندا هەیە.

٣- بەرزی هەستی نیشتمانپەروەری تاکی کورد بەرانبەر بەزمانەکەی و دەمارگیری بەرانبەر بە زمانی عەرەبی بەهۆی ئەو زوڵم و ستەمەی ڕووبەڕووی کراوەتەوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی عەرەبەوە بە درێژایی مێژووی داگیرکردنی کوردستان.

٤- بەهۆی بەردەوام نەبوونی شەپۆلی ڕووتێکردنی عەرەب کە لەسەردەمی ئیسلام دەستی پێکرد بۆ ئەو ناوچە داگیر کراوانە بە گوێرەی پێویست و نەسەپاندنی دەسەڵاتەکەیان بە شێوەی گشتگیرەوە، بۆیە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر زمانی گەلانی ڕەسەنی ئەو ناوچەیە نەبووە، یان بە کەمی کەوتۆتە ژێر ڕکیفی زمانی عەرەبییەوە. ئەگەریش فێری زمانی عەرەبی بوونە، بەڵام زمانە ڕەسەنەکەی خۆیان کە زمانی کوردییە لە ناوبردن پاراستویانە.

٥- (کەمی ماوەی باڵادەستی زمانی عەرەبی لە ناوچەکەدا و هەروەها زۆربوونی ڕێژەی نەخوێندەواری و...هتد).[2]

هەروەها چەند هۆکارێکی لاوەکی دەخاتەڕوو.. بەڵام (ساطع الحصري) ڕاستییەکان چەواشەدەکات و ڕەچاویان ناکات، هەرچەندە شەپۆلی عەرەبە هاوردەکان بەردەوام بووە و تا گەیشتە لووتکە، لە ساڵی(١٩٧٥) دا، ئەم شەپۆلە هەر بەردەوام و دانەبڕاوبووە لە سەر کوردستان، بەتایبەتی ناوچە دابڕاوەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان، کە پتەویی و جێگیریی و ڕەسەنایەتی زمانی کوردی بەرانبەر بە زمانی داگیرکەری عەرەبیدا خاڵێکی بەهێز بووە کە نەکەوێتە ژێر ڕکێفییەوە.

گەڕان بە دوای کارتێکەر و کارتێکراودا و چۆنیەتی خستنەڕوو کاریگەریی زمانەکان لە سەر یەکدیدا و گەیشتن بە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە کارێکی وا ئاسان نییە، چونکە خستنەڕوو کێشەی کارتێکەر و کارتێکراو لە کێشە هەرە گرانەکانە، بە تایبەتی ئەگەر باسی بابەتێك بکەین، کە ماوەیەکی دوور و درێژی سەدان ساڵەی بە سەریدا ڕۆیشتووە و پێش دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەکەمان لەم بارەیەوە ئاگاداری دوو بابەت ببین:

---

[1] - ساطع الحصري (١٩٥٨ :١٨٧ ).

[2] - ئازاد عەزیز سلێمان (٢٠١٤ : ١٢٣ ).

١- لێکۆڵەر نابێت لە لێکچونی دوو بابەتدا، پشت بە بابەتێکی کۆنتر ببەستێت و پشتگیری بابەتە نوێیەکان بکات و زیاتر هەوڵ بدات بۆ ئەوەی کاریگەرییی بابەتی کۆن بەسەر بابەتی نوێدا بسەلمێنێت، هزر و بیری مرۆڤ لە هەموو ناوچەکانی جیهاندا وەکو یەکن و ئەوەی لە هزری یەکێکدا دروست بووە ڕەنگە لە هزری یەکێ تردا لە ناوچەی جیاوازیی تریشدا ڕووی داوەو نابێت ئەم بە سەر ئەوەی تر بسەپێنین و پێ دەچێت لە یەك چوونی زۆر لە نێوانیان بەدی بکرێت و هاوتەریب بن.

٢- (ڕۆژگار ئەوەی سەلماندووە کە زۆربەی ئەنجامەکان لە سەر کارتێکەر و کارتێکراودا بە جۆرێك هەڵە بوونە، یان بەلای کەمەوە گومانی لە سەر دروستکردووە).[١]

هەر لە تێکەڵبوونێك لە نێوان دوو زمان یان دوو دیالێکت، بە هەر هۆیەك یان بە هەر پلەیەك بێت، ئەوە بە ناچاری زمانێك کاریگەر دەبێت لە سەر زمانی تر یاخود زمانەکانی ترەوە،[٢]لە ئاکامی ئەم کاریگەرییە و ململانێی نێوان زمانەکان گۆڕان لە زماندا ڕوودەدات، لە بەر ئەوە هیچ زمانێك نییە، بە بێ ئەوەی نەکەوتبێتە ژێر کاریگەریی زمانی ترەوە وەکو خۆی مابێتەوە، هەر وەك چۆن گۆڕانکاری لە ئاستی کاریگەریی بەپێی شوێن دەگۆڕێت، هەروەها (زمانیش بە تێپەربوونی کات دەگۆڕێت، بەو پێیە کوردی سەدەی حەڤدە و هەژدە دەبێت لە کوردی ئەمڕۆ جیاواز بووبێت).[٣]کە زیاتر بە هۆی کاری پەرەسەندنی لەیەك نزیکبوونەوە وەکو تەکنەلۆژیای پێوەندیی کردن و ئاسانکاریی بە یەکگەیشتنی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لەگەڵ هاونەژادەکانی یان نەژادەکانی ترەوە لەمەشدا تا چەند پێوەندیی نێوان ئەم دوو نەتەوە بە هێزتر بێت، ئەوە لێکدانەوەی زمانەکەیان زیاترە و ئاڵوگۆڕی وشەکان لە نێوان زمانەکە زیاتر و چالاکتر دەگرێتە خۆی، ئەگەریش ئەو دوو نەتەوە دانیشتوانی شوێنێك یان دوو شوێن بن، ئەوە تێکەڵکردنی زمانەکەیان دەگاتە لوتکە، هەموو زمانێکی زیندوو بە بەردەوامی دەگۆڕێت،، هۆکارەکانی گۆڕانیش بە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو داهێنانەی مرۆڤ بە بەردەوامی بە دەستیان دەهێنێت لە ماوەی ژیاندا.

باشترین لایەن بۆ پیشاندانی کاریگەرییەکە، لایەنی فەرهەنگە بە تایبەت کە بزوتنەوەی نێوان زمانەکان و گواستنەوەیان چالاك دەبێت وەرگرتنیان لە یەکتر زۆرتر دەبێت، بەڵام یاسا و فاکتەرەکانی دەنگ لە زمانێك بۆ زمانێك تر ناگوازرێتەوە، تا ململانێکی دوور و درێژ لە نێوانیاندا نەبێت. دەشێتیش بە هۆی ئەو تێکلاوی و کاریگەرییە زۆر جار پێچەوانەی ڕەوتی ڕۆیشتنی زمان بێت، یان زۆربەی واتای وشەکان بگۆڕێت یان تێك بچێت لە کاتی گوێزانەوەی ئەو وشانە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر یان لە

---

١- احمد مختار عمر (١٩٧١: ٢٣٥).

٢- محمد عبد عبدالله عطوات ( ٢٠٠٣: ٣٢).

٣ -محمد معروف فتاح ( ١٩٩٠ : ١١٤).

زارێکەوە بۆ زارێکی تر، بەپێی بارودۆخی دەوروبەری کۆمەڵایەتی ئەو گوێزانەوە.[1] کاریگەریی زمان لە سەر یەکتر دەبێتە هۆی گۆڕین و گەشەپێدانی زمان و ململانێی لە نێو زمانەکان دروست دەبێت، ئەم گۆڕانکارییە لە زماندا هۆکاری جۆراوجۆری هەیە، دەتوانین دابەشیان بکەین بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵە زمانییە ڕوودەدەن و بە ڕێگەیەك لە ڕێگاکان دێنە ناو زمانەوە:

## ( ١/٢-٧-١ ) هۆی ئایینی

ئایینەکان هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی کۆمەڵگاکانەوە تاکو ئەمڕۆ، ڕۆڵێکی هەرە بەر چاویان بینیوە لە گۆڕانکاری ئەو کۆمەڵگایەی کە پابەندن بە ئاینەوە، ئەم گۆڕانکارییەکەش دەگاتە ئەوەی زۆر جار داب و نەریتی کۆنی ئەو گەلە نەمێنێت و زیاتر لە سەر بنەماکانی ئەو دینە خۆیان ڕێك بخەن و چارەنووس و دواڕۆژی خەڵکیش بێ بەش نەکەن لە ئاڕاستەکردنی تاك و کۆمەڵگەدا لەم بارەیەوە. بە هۆی هۆکاری بنچینەیی ناکۆکی و ململانێی نێوان مرۆڤەکان دەبینین شیکردنەوەی ئایین بەلای هەموو کەسێکەوە وەکو یەك نییە، ئەگەریش بۆ یەك تاکە ئاینیش بێت، جیاوازی هزری مرۆڤ بەرانبەر چەند ئایینێك هەیە و بەرچاودەکەوێت.

بۆ نمونە ((ئەم مشتومڕەی نێوان ئیسلام و مەسیحی یان جولەکە و مەسیحی، یان جولەکە و ئیسلام لە سەرەتای سەرهەڵدانی هەر سێ ئایینە ئاسمانییەکانەوە بوونیان هەیە)).[2] بە جۆرێك بڕوادارانی هەر سێ ئاین لە گەڵ یەکتر ناکۆك و ناتەبان، بە هۆیەوە ململانێی دەکەوێتەوە. بڕوادارانی هەر ئایینێك، بڕوادارانی ئایینەکەی دیکە ڕەت دەکاتەوە و زۆر جار بواری تێگەیشتن نێوانیان و گفتوگۆ لە بەردەمیاندا دادەخەن.[3] سەرهەڵدانی ئیسلام لە دورگەی عەرەبی و گەیشتنی بە کوردستان یەکێکە لەو هۆکارە دەرەکییانەی بۆتە هۆی گۆڕان لە زمانی کوردیدا. ((ئەم دینە خاوەنی سیستەمی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ ژیان و مردن و بوون و نەبوون (الوجود و العدم)، هاتنی ئەم دینە گەورەترین شەپۆلی وشەی لە زمانی عەرەبییەوە بۆ ناو زمانی کوردی هێناوە و لە ڕووی کاتیشەوە زۆر درێژ خایەن بووە، گەیشتنی ئیسلام و موسڵمان بوونی زۆرینەی نەتەوەی کورد، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لە سەر جیهانبینینی مرۆڤی کورد هەبووە، لێرەشەوە لە سەر زمانی کوردی کاریگەریی جێهێشتووە و گەورەترین گۆڕانکاری بووبێت، بە شێوەیەکی دەستە جەمی لەم مرۆڤەدا ڕووی دابێت، هەر لێرەشەوە گەورەترین گۆڕان لە زماندا ڕوویداوە)).[4] ئەم ناکۆکی و ململانێیە، تەنها لە نێوان دوو بیر و باوەڕی جیاوازدا نییە، بەڵکو هەندێك جار ململانێیەکە لە نێو جوت ئایینیشدا هەیە، وەکو ململانێی نێوان دوو مەزهەبی (شیعە و سوننە)، لە ئایینی

---

[1] –بڕوانە: ا– علی عبد الواحد واف ( ١٩٨٣ : ٢٨) . ب– محمد عبد عبدالله عطوات (٢٠٠٣ : ٣٣ ).

٢ – محەمەد ئارکۆن (٢٠٠٥:٦٧ ).

٣– ئازاد عەزیز سلێمان (٢٠١٤:٥٦).

[4] – بەهمەن تاهیر نەریمان (٢٠١٣:٣٤).

ئیسلامدا، کە تا ڕۆژگاری ئەمرۆش ئەم ململانێیە هەر بەردەوامە، کە واتە دیاردەی ململانێی ئایینەکان بەردەوامە و هەندێك جاریش کاریگەریی لە سەر دروستبوونی ململانێ لە نێوان زمانەکان دەبێت، چونکە ((هەر ئایینێك لە ڕێگەی زمانێکەوە پەیامەکانی گەیاندۆتە کۆمەڵگە)).[1] وەك ئەزموونی هەڵوەشاندنەوەی یوگسلافیا بووەتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی زمانەکەیان بۆ سێ زمان (زمانی سربی، زمانی کرواتی، زمانی بۆستایی)، کە لە سەر بنەمای ئایینی لە یەکتر جیابوونەتەوە. هاتنی وشەکانی قورئان بۆ ناو زمانی کوردی وەکو یەك هەموو بوارە کۆمەڵایەتییەکانی نەگرتۆتەوە، بواری وا هەیە، بە لێشاو وشەی بۆ هاتووە و بواری واش هەیە، زۆر بەکەمی، بۆ نمونە ناوی پێغەمبەرەکان بۆ ناو زمانی کوردی زۆر هاتوون، ئەگەر چی هەمووشیان نەهاتوون، ئەوەتا بۆ نمونە (یونس و سولەیمان، محەمەد، یوسف، ئیبراهیم، ئیسماعیل، شعیب،.......)، بە هێزەوە هاتوون، بەڵام ناوەکانی وەك: (لوط، هود، ذوالکفل، الیسع) نەهاتوون، واتە نەبونەتە ناوی کەسەکان لە ناو کۆمەڵەی کوردیدا، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت، ئەم ناوانە لە گەڵ سیستمی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی زمانی کوردی ئاسان نەگونجێن، یا ڕەنگە هۆکاریتر لە ئارادا بوبێت، بۆ نمونە ناوی(لوط). کە یەکێکە لە ناوی پێغەمبەرانی ناو قورئان، [ط] دەبێت بە [ت] ناوەکە دەبێت بە (لوت)، بۆیە لە گەڵ ئەم ئەندامەی جەستەی مرۆڤ دەبنە هاوبێژی یەکتری و ئەندامێکی چالاك و پێویستی جەستەی مرۆڤ، هەر بۆیە وشەکەش لە بەکارهێناندا، وەك ئەندامێکی جەستە چالاك دەبێت، لە ئەنجامدا ڕێگەی بە وشە قورئانییەکە نەداوە بەم فۆرمە هاوبێژییە بێتە ناو زمانی کوردییەوە، بەڵام کورد سیفەتی خێڵی (لوت)ی باسکردووە کە نێربازییە، کورد ئەمەی وەرگرتووە و (لوتیەت) هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە و بووە بە سینۆنیم بۆ (نێربازی) و جاری واش هەیە، وەك سیفەتێك بۆ کاری نەشیاو و بەد، بە (ئەلواتی) بە کار دێت، واتە دەلالەت و مەبەستەکانی فراوانتر کراوە، یاخود هەر لەو وشەیە، وشەی (لۆتی) دروستکراوە.[2] هەروەها هەندێ جار لە ژێر پەردەی ئایینی ئیسلام، هێرش و فشار خراوەتە سەر زمانی کوردی، بۆ تواندنەوەی زمانی کوردی لە بۆتەی زمانی عەرەبی، بۆ نمونە کاتێك داوای گۆڕینی ناوی گەڕەك و شەقام و قوتابخانە و کتێبخانە و مزگەوت و شارۆچکەکانیان دەکرد، داوایان دەکرد، ناوەکە لە ناوی کوردی بگۆڕن بۆ ناوی ئیسلامی نەك عەرەبی. بەم جۆرە ئایین لە ناو خۆی وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە ئایین و فرە زمان، یان لە نێوان وڵاتاندا ڕۆڵ و پێگەی هەیە بۆ نزیکردنەوەی نەتەوە و ئایین و زمانەکان لە یەکتری، یان بە پێچەوانەوە، لە دروستکردنی دوو بەرەکی و ململانێی لە نێوانیان، ئەمەش دەبەسترێتەوە بە ڕادەی تێگەیشتنی بڕواداران بە ئایینەکانیان. هەندی وشەی قورئانی وەکو پێویست هاتۆتە نێو زمانەکەوە، بۆ نمونە: (حەج، قوڕەیش، تەڵاق، زەکات، عومرە، مەککە، مەدینە، زواج، خێر، شەڕ، بەرەکەت، مەلائیکە،..)[3]. ئایینی ئیسلام بە شێوەیەکی گشتی کاریگەرییەکی گەورەی کردۆتە سەر

---

[1] – جمال نەبەز ( ١٩٧٦ : ٩ ).

[2] - بڕوانە: بەهمەن تاهیر نەریمان(٢٠١٣ : ٣٥).

[3] – ئازاد عەزیز سلێمان( ٢٠١٤ : ٥٦).

زمانی کوردی و له وشه و دەستەواژە کوردییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە:

١- ڕاستە نەتەوەی کورد لە کۆندا خاوەن ئیمارات و حوکومڕانییان کردووە، بەڵام نیمچە سەربەخۆ بوونە، نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو خاوەن دەوڵەتێکی یەکگرتووی سەربەخۆ نەبووە، هەمیشەنیشتمانەکەی داگیرکراوە و لە ژێر باری چەوساندنەوەدا ناڵاندویەتی و زمان و ئاینەکەشی لێ قەدەغە کراوە.

٢- ڕۆشنبیران و شاعیران و نووسەرانی کورد ((لە کۆندا ڕۆشنبیرییەکی ئاینییان هەبووە، چونکە لەو سەردەمەدا خوێندنیان لە حوجرەی مزگەوتەکاندا بووە و بە زمانی عەرەبی بابەتە ئاینیەکانی ئیسلامیان خوێندووە و بونەتە مەلا و فەقێ، بەمەش وشە و دەستەواژە ئاینییەکانیان لە وتار و خوێندنەوە و ئاخاوتندا هێناوەتە نێو زمانی کوردییەوە)).[1]

بە شێوەیەکی تایبەتی ئاین کاریگەریی کردۆتە سەر شێوەزاری خانەقین، لەبەر ئەوەی قەدەغە کردنی بەکارهێنانی زمانی دایك لە دام و دەزگاکاندا و کردنی زمانی عەرەبی واتە (زمانی ئاین) بە زمانی فەرمی و بەکارهێنانی هەندێ وشە لە ژیانی ڕۆژانەدا کوردیش بە میللەتێکی مووسڵمان خۆیان ناسیووە، بۆیە بەکارهێنانی ناوی ئاینی و هەندێ وشەی ئاینی وەکو (سلام علیکم،...) بە وشەی پیرۆز دادەنێت و زۆر بوونی مزگەوت لەم شارۆچکەدا بۆتە هۆی پاراستنی وشە ئاینییەکان هەتا وەکو ئێستاش بەکار دەهێنرێت.

### ( ٢/١-٧-٢ ) هۆی دراوسێیەتی

کاتێك دراوسێیەتی دوو نەتەوەی زمان جیاواز دەرگایان بە ڕووی یەکتریدا واڵا کرد، ئەوە پەیوەندییەکانیان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بازرگانی پتەو دەبێت و زمانەکەیانیش دەکەوێتە ژێر کاریگەریی یەکترەوە، بەڵام دەبێ ئەوە لەبەرچاوبگرین، کە وا بەڕێککەوتن لە نێوان دوو زمانی دراوسێ لە هەموو بارەکاندا لە سەر یەك شێواز نابێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی هێزی زمانەکان زۆر جار لە یەك ئاستدا نییە، هەروەها توانای بەرگری کردنیشیان جیاوازە بەرانبەر بە یەکتر. ((دراوسێتی دوو گەل یان چەند گەلێکی زمان جیاواز، هۆکارێکی بە هێزە بۆ ڕوودانی ململانێ و گۆڕانکاری لە زماندا، ئەم نزیکایەتی جوگرافییە کارئاسانی دەکات بۆ تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونی ئەندامانی زمانە دراوسێکان و لەوێشەوە کاریگەریی زمانەکان لە سەر یەکتری ڕوو دەدات.ئەم هاوسێیەتییە تا لە ڕووی مێژووییەوە پەیوەندییەکانیان زیاتر بێت، کاریگەریی زیاتر لەسەر یەکتری دروستدەکەن و تا خاڵە ناکۆکییەکانی نێوان زمانەکان زیاترین، کاریگەرییانیش لە سەر یەکتری زیاتر دەبێت، بۆ نمونە لە وڵاتێکی وەك عێراقدا،

[1] – ئومێد بەرزان برزو( ٢٠١٣ : ١١٦).

سەرەڕای بوونی سنووری هاوبەشی، تا ئاستی تێکەڵبوون، (موسڵمانبوون)ی هەر دوو گەلی کورد و عەرەب، وای کردووە، ئەم دوو گەلە پەیوەندیی و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبێت)).[1]

هەروەها دراوسێتی دوو میللەت دەرفەت دەداتە هەر دوو زمانەکە بۆ تێکەڵبوون و دروست بوونی ململانێ لە نێوانیاندا ولە ئاکامی ئەم ململانێیە بە دوو شێوە کۆتایی دێت، هەندێ جار زاڵبوونی زمانێك بە سەر ئەویتردا و داگیری دەکات ودەبێتە زمانێکی هاوبەش لە نێوانیاندا، شێوەیەکی دیکەش هەر دوو زمانەکە شانبەشانی یەکتر دەمێنێتەوە.

(( لە یەك شوێنی جوگرافیدا کاتێك دوو زمان بە هۆی کۆچ یان شەڕ و داگیرکارییەوە، دەکەونە ململانێیەوە، ئەوە ڕەنگە یەکێکیان زاڵبێت و ئەویتریان لە ناو ببات ئەمەش جۆرێکە لە دکتاتۆریەت لە ناو زمانەکاندا، بۆ نمونە لە ناو بردنی زمانی ئارامی لە سوریا لە لایەن زمانی عەرەبییەوە لەم شێوەیە، یان وەك نمونەی زاڵبوونی ئینگلیز _سەکسۆنەکان، کە لە ناوەڕاستی ئەوروپاوە گەیشتنە ئینگلتەرا، زمانەکەیان زاڵبوو بە سەر هەموو زمانە خۆماڵییەکانی ئەو ناوچەیەدا)).[2]

## (۲/۱-۷-۲-۱) حاڵەتەکانی زاڵبوونی زمانێك بەسەر زمانێکی تر:

(۲/۱-۷-۲-۱-ا) ڕێژەی گەشەپێدان و نمای میللەتێك و زۆر بوونی ڕێژەی دانیشتوانی زاڵ ببێتە سەر ئەوی دیکە، زمانەکەی لاواز دەکاتەوە، بە هەمان شێوەش باری ئابوریش کە ڕێژەی کرێکار و سەرمایەدار هەموو پێکەوە قورساییەك دەخاتە ئەستۆی زمانی بەرانبەر و زاڵ دەبێت بە سەری و هەندێ جاریش لە ناوی دەبات بە مەرجێك خاوەن زمانە زاڵەکە میللەتێکی پێشکەوتوو بێت، لە ڕووی ڕۆشنبیری و کلتورەوە، نمونەش زمانی ئەڵمانی هەموو شێوە زارە دراوسێکان لە ناو دەبات و کاریگەریی خۆی دەخاتە سەریان.

میللەتێك باڵا دەست بێت لە کاتی تێکەڵبوونی لە گەڵ میللەتێکی دراوسێ، لێرەدا میللەتی باڵا دەستەکە زاڵ دەبێتە بە سەر ئەوی تر، بۆ نمونە زاڵ بوونی زمانی فەرەنسی بە سەر شێوەزارەکانی دراوسێیدا.

(۲/۱-۷-۲-۱-ب) کاتێك زمانێك توانای زاڵبوونی بە سەر زمانێکیتردا نەبێت، ناچاری شان بە شانی زمانەکەی دی دەمێنێتەوە:

لەم حاڵەتەدا زمانەکان هەر چەندە دراوسێبن، بەلام هیچ زمانێك زاڵ نابێتە سەر ئەوی تر و دەمێنێتەوە تا ڕادەیەك کەم کاریگەرییان لە سەر یەکتری دەبێت و هەندێ وشە و برگە لە یەك دەبەن بە شێوەیەکی گشتی وەکو زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی و ئەفغانی هیچیان زاڵ نەبۆتە سەر ئەوی

[1] - بەهمەن تاهیر نەریمان ( ۲۰۱۳ :۴۳).

[2] - مها محمد فوزي (۲۰۰۹ : ۱۱۲ ).

تریان. هەرچەندە لە ڕووی جوگرافییەوە دراوسێن، چونکە لە ڕووی ڕێژەوە زۆرن و لە ڕووی ڕۆشنبیری و کلتورەوە پێشکەوتوون.[1] بەشێوەیەکی تایبەتی وەکو زمانی عەرەبی نەیتوانی بەدرێژایی زیاد لە هەزار و چوارسەد ساڵ زمانی ڕەسەنی کوردی لە ناوبدات و بەڵکو زمانی تورکیش هەمیشە زیاد لە چوارسەد ساڵ داگیرکەری زمانی کوردی بوو، بەڵام هەر شکستی بەدەست هێناو زمانی کوردیش بەرانبەر ئەو زمانانە مایەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ هۆی زمانەکەمان کە ڕەسەنی و پتەوی ڕەگ و ڕیشەی زمانی کوردی و بەرزی هەستی نیشتمانپەروەری تاکی کورد بەرانبەر بە زمانەکەی و دەمارگیری بەرانبەر بە زمانانی دیکە.

هەروەها ((ئاوێتە بوونی دوو زمان  یان زیاتر لە ڕێگەی دراوسێتی و سنووری هاوبەش لە نێوان دوو نەتەوەدا وەك چۆن نەتەوەی کورد لە گەڵ نەتەوەکانی دراوسێیدا کە پەیوەندیی مێژوویی و ئایینی و دراوسێتی لە کۆنەوە هەبووە، ئەم هەرێم گەرێتییەش کاری کردۆتە سەر ئاڵوگۆڕ کردنی وشە و واتا لە نێوان ئەم زمانانەدا بە تایبەتی پێوەلکاندنی کوردستان بە قەڵمڕەوی عوسمانی  و سەفەوی و دەوڵەتە عەرەبییەکانەوە)).[2]

## ( ٣-٧-٢/١ ) هۆی هەرێمی و جوگرافی

هەر زمانێك لە جیهان قورسایی چالاکییەکانی خۆی دەهاوێژێتە هەرێمێکی تایبەتەوە.[3] هەڵومەرجی خۆرسکی جێگای کوردستان و سەختی وپێچ و پەنا و شاخ ودۆڵ بێ ڕێگا و بانی و ڕووبار و سەرما و سۆڵ وایکردووە، بە زۆریی خێڵەکان لێکدابڕیوە و تێکەڵی هۆزەکانی کەم کردووەتەوە، بە تایبەتی لە چەرخەکانی کۆن و ناوەڕاستدا،[4] چونکە لەو سەردەمەدا دانیشتوانی کوردستان تێکەڵی و هاودەنگییان نەبووە، ئەمەش بۆتە هۆی ڕەگ و داکوتانی ئەو جیاوازییە کە لە نێوان شێوەی ئاخاوتنی ناوچەکاندا هەیە. پێویستە بگوترێت، زۆر جار ئەم بارودۆخەی سروشتی و جوگرافیاییە بۆ زمان لایەنی نەریتی هەیە، بەوەی  کە دوورە پەرێز دەبێت و لە گەشە و پەرەسەندنی زمان دوور دەبێت، هەروەها ئەم ناوچانە لە جوگرافیای زمانییدا بە ناوچەی لاوەکی ناسراون، چونکە شێوازی قسەکردنی ئەوان دابڕاوە بە هۆی سەختی شوێنەکەیان و نەبوونی ئامرازەکانی هاتووچۆ  و پەیوەندی کردن.[5]

گۆشەگیریی جوگراف  بۆتە هۆی پاراستنی زمانی کوردی و نەیهێشتووە، کە زمانانی تر کاریگەرییان لە سەریان هەبێت و لێڵی بکەن، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕەنگە بە هۆی سروشتی جوگرافیا کەم ببێتەوە، چونکە بە هۆی پەیدابوونی فرەیی کەرەستەی ڕاگەیاندن، لە تەلەفزیۆن و کەناڵی ئاسمانی و ئەنتەرنێت....هتد،

[1] - بڕوانە علي عبد الواحد وافي ( ١٩٨٣ : ٩٣ –٩٧ ).

[2] – هیدایت عبدالله محمد ( ٢٠٠٧ : ٢٩).

[3] – فەرەیدوون عبدول بەرزنجی و سەباح ڕەشید  ( ٢٠١٣ : ٢٢).

[4] – فوئاد حەمە خورشید ( ٢٠٠٨ : ٤٢).

[5] - عبد الوهاب خالد( ٢٠٠٩ : ٨٢).

بۆ نمونە، ئەم هۆکارانە ڕێگا نادەن، جیاوازی لە زمانی نووسینی ئینگلیزی لە ئەمریکا و ئینگلتەرەدا هەبێت وەك دوو زمان لە یەکدی جیاواز بکەوێتە بەرچاو.[1]

## ( ٢/١-٧-٤ ) هۆی بازرگانی

بوونی پێوەندیی کولتوری و بازرگانی ڕێگە خۆشکەرن بۆ کاریگەریی زمانەکان بە سەر یەکتردا، پەیوەندیی بازرگانی لە نێوان دوو نەتەوەی جیاواز، بە هۆی ئەو شتومەکانەی ئاڵوگۆڕ دەکرێن یان لە لایەك بۆ لایەکی تر دەچێت، کە هەر شتێك ناوی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم وشە و ناوە دەچێتە ناو زمانەکەیان، هەر چەندە بازرگانی و گۆڕینەوە زۆر بێت تێکەڵاوی زیاتر دەبێت، هاوکات کاریگەریش زیاتر دەبێت.

جوگراف ناسەکان، وای بۆ دەچن کەپەیوەندییەکی گەورە لە نێوان بارودۆخی جوگرافیادا هەیە، یان ژینگە و نێوان ئەو زمانانەی بنەماڵەی یەك زمان پێکدێنن و پێشکەوتنی شارستانیەت دەوری سەرەکی هەیە، چونکە لە ڕێگەی بازرگانی و پیشەسازی و زانستی و تەکنەلۆژیاوە وشە یان زاراوە دەهێننە ناو زمان. ئەمە سەرەڕای کارلێکەریی شەڕ و داگیرکاری بۆ سەر زمان ئەمانە بەشداری دەکەن لە پەیدا بوونی هەمە ژمارەی زمانەکان و پەیدا بوونی زارەکان و هەمە جۆریان، ئێستا هیچ زمانێکی سەرەکی نییە بە بێ هەمە جۆری زاراوە، ئەگەر زمانی کوردی تەنیا چوار زاراوەی تیایە، زمانی چینی و ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و زمانی دی، دیسان زۆر زاراوەیان تیایە.[2]

## ( ٢/١-٧-٥ ) هۆی ڕامیاری و داگیرکردن و دەسەڵات

باری سیاسی وا دەکات، نەتەوەیەك یان هۆزێك لە نێو نەتەوەیەکی دیکەدا بتوێتەوە، چونکە لە سیاسەت هەر گرنگی بە زمانی نەتەوەی باڵا دەدرێت. بە هۆی داگیرکردن و شەڕ یان کۆچ کردن یان هەر هۆیەکی دیکە و هاتنی ڕەگەزێکی بیانی بۆ وڵاتێك، فاکتەرێکە بۆ تێکەڵبوونیان بە کۆمەڵگای شارەکە و بە شێوەیەك بەردەوام و جێگیربوون لەو وڵاتە و بەهۆیەوە ململانێی نێوان زمانەکان دروست دەبێت و کاریگەریی دەخاتە سەر زمانەکە و لە ئەنجامدا زمانێك بە سەر زمانێکی تر زاڵ دەبێت و لە ناوی دەبات، یان هەر دوو زمانەکە شان بە شان یەکتر دەمێننەوە.

کەواتە گرنگترین خاڵی هۆی ڕامیاری ئەمانەن:

### (٢/١-٧-٥-١) قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی دایک

لە هەندێك وڵاتی فرە زماندا، سیاسەتی زمانیان لە سەر بنەمای ئایدیۆلۆژیای توانەوەی زمان بوونیات نراوە، بەڵام بێ جیاوازی لە ڕەگەز و زمان و ئایین، زمانی سەر دەستە زمانی دەسەڵاتی فێر ببن و بەو زمانە بنووسن و هەر بەو زمانەش لە داموو دەزگاکان بدوێن. هەر چەندە، لە ڕواڵەتدا ئەم سیاسەتە بۆنی

[1] –لویس جان کالفی( ٢٠١٢ : ٣٢).

[2] فوئاد حەمە خورشید( ٢٠٠٨ :٧١).

فاشیزم و شۆفینیزمی زمانی لێ دێت، بەڵام لە بنەڕەتدا ڕاستییەکی گرنگە لە پلانی زمان بۆ دروست کردنی زمانی فەرمی و نیشتمانی لە وڵاتدا.

فەرەنسا یەکێکە لەو وڵاتانە کە پەیڕەوی ئەم تیۆرە دەکات و زمانی فەرەنسی بەسەر خەڵکانی ناو سنوورەکەی وەك زمانێکی نیشتمانی و فەرمی سەپاندووە.[١]

## (٢/١-٧-٥-٢) قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی دایك:

پرۆسەی فێرکردن و خوێندن بە زمانی زیگماك کاریگەریی ئەرینی هەیە و دەبێت لە ڕووی بە هێز کردنی ناسنامەی نەتەوایەتی، ئەمەش کاریگەریی جیاجیای لە کۆمەڵێك ڕووەوە لە سەر گەشە کردن و بوژانەوە و بەهێز بوون و پەرەسەندنی زمانی گەلێك هەیە، هاوکات کاریگەرییشی دەبێت لە سەر ئاسایشی نێو نەتەوەیی وئارامی گەلان، هەندێك وڵات لە ڕێگەی قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی دایك هەوڵی زاڵبوونی زمانێك دەدەن، چونکە ئەگەر وڵاتێك پرۆسەی خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی بۆ هاووڵاتییانی بە زمانی دایك نەڕەخسێنێت، زمانەکە تەنیا لە چوار چێوەی ئاخاوتن و قسەپێکردن بمێنێتەوە، ئەوا لە دوا ڕۆژێکی دوور یان نزیك بواری بەکارهێنانی بەرتەسك دەبێتەوە و لە ئەنجامدا ئەوانەی پێی دەدوێن ژمارەیان کەم دەبێتەوە، بە مردنی دوایین کەس کە قسە بەو زمانە دەکات، زمانەکە لەناو دەچێت.[٢]لە هەندی وڵاتانی جیهان تیۆری ئایدیۆلۆژیای توانەوەی زمانەوانی، ڕێگایەکە بۆ کوشتنی زمانی کەمە نەتەوەیی و ئاینییەکان، بۆ نمونە لە دەوڵەتی عێراقدا زمانی تورکمانی و زمانی سریانی لە خوێندندا قەدەغە بوون، بۆیە زۆربەی تاکەکانی، تاکەکانیان زمانی خۆیان تەنها لە ماڵ بە کار دەهێنا، بۆیە حکومەتەکانی کوردستان لە (١٩٩٢) ەوە ڕێگەی پێدان، کە زمانی خوێندن لە دامودەزگاکانی سەربەخۆ وەك خوێندن و ڕاگەیاندن بە کاربهێنن.[٣]

## (٢/١-٧-٥-٣) ڕاگواستنی زۆرەملی و هاوردەکردن

ڕاگواستنەوەی زۆرە ملێ و دیاردەی کۆچ کردنی تاکەکان بۆ دەرەوەی وڵات و هاوردەکردنی هۆز و گەلانی تر بۆ ناوەوەی وڵات بۆ تواندنەوە و کەمکردنەوەی بەرانبەر بە گەل و نەژادی باڵا دەست لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا بە تایبەتی لە وڵاتانی فرە نەتەوە و ئایین و زمان، بە بەردەوامی لە پەرەسەندن دایە و بە تایبەتی لە کاتی نائاسایی و شەڕدا.

هەروەها کۆچکردن بۆ وڵاتی زمان جیاواز، بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت، بۆ ئەوەی وشە لە زمانێکەوە بچێتە ناو فەرهەنگی زمانێکی تر، دەبێتە هۆی گواستنەوە و وەرگرتنی هەندێ وشە، ئەمەش لە زمانی

---

[١] – سەلام ناوخۆش ( ٢٠١٠ : ٥٤).

[٢] – طارق جامباز ( ٢٠١١ : ١٦١).

[٣] – سلام ناوخۆش ( ٢٠١٠ : ٥٥).

منداڵدا هەستی پێدەکرێت، کاتێك قسەکردن لە ڕستەیەکدا وشەی زمانە بیانییەکە بەکاردێنێت، چونکە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی ئەوەیە کە زمانی خوێندن و نووسین و قسەکردنیان هەر بەو زمانەیە، بە دەگمەن وشە و زاراوەی خۆیان بەرچاو دەکەوێت، یان قسەی پێدەکەن، هەروەها فێربوونی زمانی دووەم هۆکارێك ترە، کە وا ناچاریان دەکات، وشە و زاراوە بیانییەکە بەکار بهێنن.[1] لە خانەقینیش ئەم سیاسەتە لە دوای بەیانی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ پەیڕەو کراوە لە ڕێگەی ڕاگواستنی هاووڵاتییە ڕەسەنەکانی خانەقین بەرەو ئێران بە بیانووی جۆراو جۆرەوە و هەروەها گواستنەوەی فەرمانبەر و مامۆستا و کرێکارانی پاڵاوگەی ئەڵوەن بۆ باشووری عێراق بە مەبەستی کەمکردنەوەی کوردی شارەکە و جێگرکردنی عەرەب لە جێگایاندا وردە وردە سیاسەتی سڕینەوەی کلتوور و فەرهەنگی ناوچەکە، جگە لە چۆڵکردنی سەدان گوندی دەوروبەری شار و چەندین کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی بۆ عەرەبی هاوردە لەو شوێنانە دامەزراند.[2]

## (١/٢-٧-٥-٤) لادانی بەربەستە جوگرافییەکان

بەربەستە جوگرافییە سروشتییەکان بەگشتی هۆکارێکە بۆ دوورخستنەوەی تاکەکان و کۆمەڵەی زمانەوانی، کە بەهۆی ئەم دوور کەوتنەوە زمان پەرەناسێنێت و تەنیا لە نێوان ئەو کۆمەڵەیە دەمێنێتەوە، بەڵام وردە وردە وشەکان دەچێتە خانەی فرامۆشییەوە.

زۆر جاریش بەهۆی کێشەی بەربەستە جوگرافییەکان دەوڵەتە داگیرکەرەکان لە هەوڵی ئەوەدان، گەلانی ژێردەستە لە پەروەردەبوون بە زمانی زگماك دوور بخەنەوە و بوار ڕەخساندن بۆ زاڵبوونی زمانێکی تر، ئەوەش لە ڕێگەی دامەزراندنی ناوەندەکانی خوێندنی شەوانە ڕۆژی و گلدانەوەی خوێندکاران بۆ ماوەی درێژخایەن لە ناوچەیەکی دوور دەستی ئەو شوێنانە و زیاتر پابەندکردنی نەوەکانی دواڕۆژی ئەو گەلەی کە ژێردەستن بە زمانی داگیرکەرەوە. ئەم سیاسەتە بە گشتی بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی زمانی زگماکی ژێردەستە کاریگەر بووە و حکومەت ئەگەر خاوەنی سیاسەتی سەپاندنی تاك زمان بێت، هەوڵ دەدات بەپێی پلانێك زاڵ بێت بە سەر بەربەستە جوگرافییەکان، بۆ نمونە تورکیا لە ڕێگەی قوتابخانە لە سەنتەرێکی دوور لە شوێنی نیشتەجێبوونی ڕەسەنی خوێندکاران بەربەستەکانی جوگرافیای لادەدات، بە شێوەیەك لە جیاتی ئەوەی مامۆستا بیات بۆ گوند و شارۆچکە کوردییەکان، خوێندکاران بە درێژایی سالآن لە کەس و کاریان دوور دەخستەوە و دەیانبرد بۆ لای مامۆستا تورکەکان لە قوتابخانە تایبەتییەکاندا، منداڵەکان بۆیان نەبوو لە قوتابخانە بە کوردی قسە بکەن، وەك دەستبەسەر دەژیان و سیاسەتی بە تورکیکردنی بە سەردا سەپاندن.[3]

---

[1] – ئازاد عەزیز سلێمان ( ٢٠١٤ : ٦٥).

[2] – صلاح الدين انور قيتولي ( ٢٠٠٨: ١١٠).

[3] – بڕوانە ڕەفیق سابیر ( ٢٠٠٨ : ٦٧ _٦٨).

## (١/٢-٧-٥-٥) بێبایەخکردنی زمان لە بازاڕی کار

زۆر جار دەسەڵات لە بازاڕی کار هەوڵدەدا، ئەو داخوازیانە پێش بخات، کە بە زمانی باڵادەست قسە دەکەن، بە پێچەوانەشەوە ئەوانەی بە زمانی بندەست قسە دەکەن، فشاریان بۆ دروستدەکرێت لە ڕێگەی نەڕەخساندنی هەلی کار، ئەمەش وا دەکات، زمانەکەیان تاکو ڕادەیەك سووك بکرێت. ئەم جۆرە ڕەفتارانە لە گەڵ تاك زۆر جار لەو وڵاتانە پەیڕەودەکرێت، کە سیستەمی حوکومڕانی هەوڵی سەپاندنی و پەیڕەوکردنی تاك زمانی دەدات.[١]

## (١/٢-٧-٥-٦) گۆڕینی ناوی ناوچەکان:

ئەو وڵاتانەی هەوڵی سەپاندنی زمانێك دەدەن، لە ڕێگەی گۆڕینی ناوەکان جا چ شوێنەوارەکان یان قوتابخانە و شەقامەکانیان بن و شوێنە پیرۆزەکان، بە شێوەیەك کە ناوی ناوچەکان لە ناوی ڕەسەن بەزمانی نەتەوەیی ژێردەست بۆ زمانی سەپێنراو بە زمانی نەتەوەیەکی داگیرکەر یان بە زمانی حکومەت، بۆ نمونە لە وڵاتی عێراقدا ناوی زۆر شوێن لە زمانی کوردییەوە گۆڕان بۆ زمانی عەرەبی.

هەروەها لە وڵاتی تورکیشدا هەمان سیاسەت پەیڕەو کراوە و گۆڕینی ناوە کوردییەکان بۆ ناوی تورکی و دەکرێ هەڵوێستی ڕامیاری کاریگەریی گەورەی لەمەر لە ناوبردنی گەلانی ژێردەستەدا هەبووە.

هەندێ گەل پابەندن بە زمانەکەیانەوە و زمانی خۆیان لە زمانانی تر دەپارێزن لە ڕێگەی بەکارهێنانی سۆزی نیشتمانی و نەتەوەیی و جەخت کردنە سەر هەوڵدان بەرەو سەربەخۆیی، یان کەمکردنەوەی ڕکێف و زمانی وڵاتە دراوسێکانی، بۆ نمونە ئەوەی لە دەوڵەتی بەلقان و ئێرلەندە ڕوویدا، بە ئاراستەی بزوتنەوەی نیشتمانی بۆ زیندووکردنەوەی زمانی کۆنی خۆیان، بۆ ئەوەی لە زمانی داگیرکەرەکەیان ڕزگاریان بێت، کە زمانی ئینگلیزە.[٢]پەیوەندی نەگەتیڤیش دەبێتە هۆی گۆڕینی زمانەکان، بۆ نمونە جەنگی خاچ پەرەستەکان بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر وشە لە زمانە ئەوروپاییەکانەوە (بەتایبەت فەرەنسی) بێتە نێو زمانی عەرەبی و بەپێچەوانەشەوە.[٣] کاریگەریی شەڕی درێژخایەنیش لە نێوان دوو گەلی زمانی جیاوازدا، کار دەکاتە سەر زمانی یەکتر و وشە و زاراوە ئاڵوگۆڕدەکەن.

## (١/٢-٧-٥-٧) کاریگەریی کلتوور و شارستانییەتی زمانەکان

زمان کاریگەر دەبێت بە شارستانییەتی گەل لە هەر ئان و کاتێکدا، بە ڕێکخستنی داب و نەریت و بیرو باوەڕی ئاراستەکردنی لایەنە بیرییەکانی وپلەی ڕۆشنبیری و دید و ڕوانینی بۆ ژیان و پێگەی کۆمەڵایەتی

---

[١] - ئازاد عەزیز سلێمان ( ٢٠١٤ : ٦٦).

[٢] - رمضان عبد التواب ( ١٩٩٧ : ١٧٢).

[٣] - بەهمەن تاهیرنەریمان (٢٠١٣ : ٤٣ ).

گشتییەکەی..هتد، هەر گۆڕانکارییەك لەم لایەنانە هەبێت، دەنگدانەوەی لە شێوازی قسەکردندا ڕوودەدات. لە بەر ئەوەی زمان ئاوێنەی ڕاستەقینەی تۆمارکردنی مێژووی گەلە، هەر چەندە کلتوور و شارستانییەتی ئەو گەلە فراوانتر بێت، پێویستییەکانی ڕۆژانە زیاتر دەبێت و بیر و هزرەکەی بەرزتر دەکاتەوە و زمانەکەی بەرەو پێشەوە دەبات، چەندین وشە و زاراوەی نوێ دێنە نێو زمانەکەیان و چەندین وشەی هاوتەریب دروستدەبێت لە ڕێگەی ئەزموون و دروستبوونی وشە لە وشەیەکی تر بۆ دەربڕین و داڕشتنی شت و بیری نوێ دێتە کایەوە، ((عەرەبیش باشترین نمونەیە بۆ خستنە ڕووی ئەم مەبەستە، ئاڵوگۆڕی ژیانی عەرەب لە سادە و ساکاری و دواکەوتوو بۆ ژیانێکی پڕ لە شارستانییەت و ڕۆشنبیری لە سەردەمی ئیسلامدا و لە سنوورێکی تەسك و داخراو لە سەردەمی بەنی ئومەیەدا بۆ ئاسۆیەکی بەرفراوان و بەرین لە سەردەمی بەنی عەباسیدا، ئەم دوو تێپەڕ بوونە کاریگەریی هەبووە لە سەر بەرز بوونەوەی زمان و شێوازی فراوانبوونی بەکارهێنانی لە هەموو ڕوو ولایەنەکانی هونەری وێژە و زانست)).[1] تێپەڕبوونی گەل لە خێڵەوە بۆ شارستانیەت کاری کردۆتە سەر زمان و بەرەو سووککردنەوە و ئیکۆنومی و زمانەکان بەرەو ئاسانی بردووە.

پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و پیشەسازی و گەشەکردنی شارستانییەت و هەروەها تێکەڵبوونی نەتەوەکانی جیهان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە وایکردووە، کە پێداویستییەکانی ڕۆژانە بۆ ڕاییکردنی ژیان هەمیشە و بەردەوام لە داهێنان و ئەفراندندا بێت لە ڕووی تازە داهێنراوەکان لە بواری تەکنەلۆجیا و دەرمانسازی و ئامرازە تازە داهێنراوەکانەوە، ئەم زاراوە و وشانەش موڵکی ئەو زمانەن، کە خاوەن و داهێنەری ئەو تەکنەلۆجیا و شارستانییەتە بن، چاکتر ئەوەیە ئەو ئامێرەی ناوەکەی پێوەنراوە وەکو خۆی بمێنێتەوە و وشەیەکی خوازراو بخاتە ناو فەرهەنگی زمانەوە، بۆ نمونە ناوی (کۆمپیوتەر، تەکنەلۆجیا، تەلەفۆن، تەلەفیزیۆن، ڕادیۆ، لەیزەر، پیانۆ، سەتەلایت، ئینتەرنێت، ناوی دەرمانەکان، ناوی بەشێك شتومەك و کەلوپەلی ناو ماڵ، ئامرازە بەکارهێنراوەکانی شوێنە گشتییەکان)، هەروەها نمونەی ناوی خواردن یاپڕاخ "دۆڵمە"، قەنداخ، برمە، شەکر، شەکرلەمە، دیژلەمە.[2]

(ڕۆشنبیری کاریگەرییەکی گەورە دەکاتە سەر زمان و پێوەندی ڕۆشنبیر و کلتووری دوو گەلی زمانی جیاواز هۆیەکە بۆ تێکەڵاوی زمان و کاریگەریی خستنە سەر یەکتر و هەر یەکە وشە لەوی دیکە وەردەگرێ، واتە گۆڕانی زمان، گۆڕانی ڕۆشنبیرییە بە پلەی یەکەم)[3] بە تایبەتی لە زمانی نووسین، کە شوێنەواری زۆری بە جێ دەهێڵێت، ئەمەش هەر تەنها وشە نییە، بەڵکو زۆرجاریش لە دەستوری ڕێزمان پەیڕەودەکرێت و بەشەکانی تری زمانیش دەگرێتەوە.

---

[1] – محمد عبد عبدالله عطوات ( ٢٠٠٣ :٢٥).

[2] - هیدایت عبدالله محمد ( ٢٠٠٧ :٣١).

[3] - مهی محمد فوزي معاذ( ٢٠٠٩ :١١٠ ).

دەسەڵاتدارانی یەك لە دوای یەكی حكومەتەكانی عێراق بە چەند هەنگاوێك هەوڵیانداوە بۆ لاوازكردنی زمانی كوردی بە تەسككردنەوەی ژینگە و پانتایی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی، لەم هەوڵانەش كەم كردنەوەی چاپخانە و كتێبخانە لە ناوچە كوردییەكان و بۆ كەمتر كردنی پێوەندیی كۆمەڵاتیەتی و گفتوگۆ كردنی چینەكانی نێو كۆمەڵگای كوردەواری و فەوتاندنی سەدان كتێب و گۆڤاری كوردی لە كتێبخانە گشتییەكانی كوردستان و قەدەغەكردنی نووسینی تابلۆی دوكان و شوێنكار و نووسینگە جیاجیاكانی ناو شارەكان و قەدەغەكردنی تیپی گۆرانی و مۆسیقاو شانۆی كوردی و پاشان داخستنی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانی كوردی بڵاو دەبوونەوە و لە هەمووش زیاتر كاریگەریی هەبووە بەسەر دابڕانی ڕۆشنبیران و پەرەسەندنی ئاستی ڕۆشنبیری زمانی كوردیی لە ناوچەكە بە قەدەغەكردنی كۆڕی ڕۆشنبیری و ئەدەبییەكان بە زمانی كوردی و ناچاركردنی ئامادەبووانی كۆڕ و كۆبوونەوەكان بە ئاخاوتنی زمانی عەرەبی بۆ گەیاندنی بابەتەكانیان و ساغكردنی جەژن و بۆنە نەتەوەییەكانی كورد، پاشان گۆڕینی ناوی بۆنە و جەژنە نەتەوەییەكانی كوردی بۆ ناوی عەرەبی، وەك گۆڕینی جەژنی نەورۆز بە جەژنی درەخت و گۆڕینی شوێنەوارە ڕەسەن و كلتووریی و فەرهەنگییەكانی و ئاڵوگۆڕكردنی ناوی عەرەبی و دوور خستنەوەی زمانی كوردی لە بواری زانستی بە شێوەیەك ڕێگەیان بە توێژینەوە زانستییەكان نە دەدا و ئەگەر بە زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی نەبووایە.

(ململانێی زمانیش، هەر خۆی بە تەنیا دەتوانێت زمانێك یان دیالێكتێك لە ناو ببات، بەڵام ناتوانرێت بە ئاسانی كاتی لە ناوبردنی بە تەواوەتی دیاری بكرێت، تاكو بارودۆخی ئەو زمانە و توانای چالاكی و هێزی بەرگریكردنیان نەبینرێت).[1]

هەروەها بەهۆی دراوسێتی دوو گەلی جیاواز دەبێتە هۆی تێكەڵبوونی زمانەكەیان و جیاوازییان لە یەكدی بە پێی جیاوازی پێوەندی هەردوو گەل لە ڕووی ئابووری و ڕۆشنبیری، ڕادەی تێكەڵاوی وچالاكی بزوتنەوەی گۆڕینی زمان زیاترە، ئەمەش دەگاتە لوتكە، كاتێك دوو گەل لە یەك شوێن یان دراوسێ بن.

## (٢/١-٧-٥-٨) هۆكاری سۆز و خۆشەویستی

ئەم هۆكارەش كاریگەریی لە پاراستنی زمان و ڕێكوپێك كردنی زمانەكان و جێگیركردن و سەقامگیر كردنیان هەیە، ئەوەش هۆكارە بۆ پەرەپێدانی زمانەكان. زۆربەی ئەم هۆكارە لە نرخی خۆیی زمانەكە دەخاتەڕوو، بۆ نمونە یۆنانییەكان، لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە لە ئاستێكی بەرزدا بوون، لەبەر ئەوەش زمانی لاتینی نەیتوانی زاڵ ببێتە سەری، هەروەها زمانی توركیش بە هەمان شێوە نەیتوانی زاڵ بێت بە سەریدا، هەر چەندە ئەم زمانە، زمانی كردنەوەی ڕامیاری و جەنگدا بووە. هەروەها داگیركردنی ڕۆژهەڵات لە لایەن دەسەڵاتی توركی، لە چەند سەدەیەكدا، نەیتوانیوە زمانی عەرەبی لەناو بدات و زمانی توركی شوێنی

[1] - رمضان عبد التواب ( ١٩٩٧ :١٧٤).

بگرێتەوە، لە بەر ئەوەی زمانی تورکی لە ئاستێکی ڕۆشنبیری بەرزدا نەبوو لە چاو زمانانی یۆنانی و عەرەبیدا.[1]

نمونە لە ژیان و مێژووی زۆر گەلانی دونیا کە زمانە نەتەوەییەکانیان گەیشتۆتە ڕادەی گەیشتن بە زمانی نێودەوڵەتی لەبەردەستن، وەك زمانی فەرمیی فەرەنسی کە زمانی یەکگرتووی هەموو فەرەنسییەکانە، لە بنەڕەتدا زار و لەهجەی کۆمەڵێکی بچووکی فەرەنسییەکانی دەوروبەری ڕووباری سین بوو، تاڕادەیەك كە قسەکردن و زمان لە سەرەتادا تەنیا لە کۆشك و تەلاری پادشاکان و لە ماڵی بنەماڵە و خێزانە بورژوازییەکان پێ دەخوێندرا، لە زمانی فارسیشدا ئەو زمانەی کە لەپەرتووکەکان هەیە لەگەڵ ئاخاوتنی خەڵکی شارە فارسزمانەکان زۆر جیاوازە و تەنانەت لە زاری دانیشتوانی پایتەخت ناکات و زمانی فەرمی دەوڵەت و پەرتووکەکان لە هیچ شوێنێکی ئێران قسەی پێ ناکرێت و ئەوەی دەگۆڕێت زمانی ستاندەری فارسی تەنیا زمانی سیاسەت و دەوڵەت و فەرمیە لەوڵات و باڵا دەستکراوە بەسەر تەواوی زارەکانی فارسی وەکو تارانی و ئەسفەهانی و شیرازی و مەشهەدی و ئەراکی و.. هتد. وەك لەزمانی ئینگلیزی چەندین نمونەی سەیر لە زارە کۆمەڵایەتییەکان و شارەکان دەبینرێت و ئینگلیزیش وەك زمانی فارسی فەرمیدا زارەکانی لیڤەرپول و مانجستەر و بیرمەنگام و لیدز و هتد بایەخی نییە لەلایەن زمانی فەرمی دەوڵەت و زمانی ستاندەری ئینگلیزی و ئەم سەپاندنە جۆرێکە بۆ گشتگیرکردنی زارێك و بەفەرمی کردن بۆ ئەوەی تەواوی ئەوانەی کە بە زارەکانی تر دەدوێن، زمانی ستاندەر کە لە زارەکەیان نزیکە وەکو زمانی فەرمی قبوڵ بکەن.[2]

## ( ٢/١-٨ ) کاریگەریی زمانە دراوسێکان لە سەر شێوەزاری خانەقین

زمانناسان دوای ساڵانێکی دوور و درێژ لە لێکۆڵێنەوە و شیکردنەوەی زمان و زاراوەکانی گەلانی جیهان، درك بە نزیکی و هاوبەشی لە ڕووی داڕشتنی وشە و فۆنەتیك و چۆنیەتی دروستکردنی وشەو وشەی لکێنراوی پێشگر و پاشگر، هەروەها وشەی داڕێژراو لە نێوانیان کردووە. کە لە زمانێك بۆ زمانێکی تر جیاوازی هەیە، بۆ نمونە شێوەزاری خانەقین لەم کاریگەرییە بەدەر نییە، بەهۆی پێگەی جوگرافییەکەیەوە و دراوسێتی لەگەڵ ئێران لە لایەك و لەگەڵ عەرەبدا لە لایەکی دیکەوە، شێوەزاری دانیشتوانەکەی کە زۆربەی زۆریان کوردن، لە دوو ڕووەوە کاریگەریی کەوتۆتە سەر، ئەوەی لە ناوەوەی شار زیاتر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی عەرەبی، بەهۆی ئەوەی خوێندن و هەموو دام و دەزگاکانی حوکمەت و زمانی فەرمی عەرەبی بووە و بگرە گۆڤارو ڕۆژنامە و بوارەکانی بینراو و بیستن و نووسین زۆربەی بەزمانی عەرەبی بووە و کەسانی ڕۆشنبیر و خوێنەوار زۆرتر بوونە لە ناو شار وەك ئەوەی لەدەرەوەی، هەروەها چەندین هۆکاری تر وەك تەعریب و هاوردەکردنی کەسانی عەرەب بۆ ناو شار ودەرکردنی کورد

---

[1] - رمضان عبد التواب ( ١٩٩٧ :١٧٢).

[2] – بڕوانە محمد رضا باطنی، و:هێرش کەریم (٢٠١٢ : ٢٥–٣٤ ).

بۆ باشووری عێراق، جگە لە ئاینی ئیسلام  و قورئان بەزمانی عەرەبی، کە کاریکردۆتە سەر شێوەزارەکە، ئەمانە زیاتر لـەناو شـار بـەدی دەکـرا، بۆیـە کاریگـەریی عـەرەبی هـەرە زۆری کەوتۆتـە سـەری، ئـەوەی لەدەرەوەی شار وەك گوند و هۆز و لادییەکان، بـەهۆی پێگـەی سـنووری جـوگرافی خانـەقین هاوسـنوورە لەگەڵ ئێران، بۆیە تێکـەڵبوونی دانیشـتوانی ناوچـەکە و دروسـتبوونی پێوەنـدی کۆمەڵایـەتی بۆتـە هـۆی تێکەڵبوونی شێوەزارەکان و ئەمەش وای کردووە، لە زۆر لایەنی زمانـەوانی (دەنگسـازی و وشـە سـازی و واتا سازی و ڕستە سازی )کاریگەریی بکەنە سەر یەکدی و بەهۆی ڕێـژەی خوێنـەوار لـە دەرەوە کـەمترە وەك ئەوەی لەناو شار، ئەمەش وای کردووە، هەر ئەو وشانە کە لە سنوورەوە دزەی کردۆتە ناو قسەکان و بەکاربهێنرێت.جگە لەوەش ئەم کاریگەرییە بوونی هەیە بەهۆی پۆلینی خزمایەتی زمانەوە زیاتر لە بـەر نزیکی سنووری جوگرافی کۆمـەڵێ کاریگـەریی دیکـە بـەهۆکار بـۆ کەوتنـە ژێـر کاریگـەریی دراوسـێ بـەدی دەکرێ، لێرەدا دەمانەوێ زیاتر هەمبەر شێوەزاری خانەقینی لە زمانی کوردی ئـەوە بخەینـەڕوو کـە لـەم کاریگەرییە بەدوور نەبووە وەك چۆن زمانەکەمان بەدەر لـەوە نـەبووە کـە زمانـە بیانییـەکان کاریگـەریی بکەوێتە سەری، شـێوەزاری خانـەقینیش لەمبارەیـەوە دوور نـەبووە لـە کاریگەرییەکـە و بـەپێی توانا و بەهۆی کەمی سەرچاوە لەمبارەیەوە هەوڵێکی (ناوازە) دەخەینە ڕوو لەم خاڵانە بەدی دەکرێن:

## (١/٢–٨–١) ڕیشە و خزمایەتی زمان

بە گشتی زمانناسان زمانەکان بەسەر چەند پۆلی سەرەکی دابەش دەکەن، کە گرنگترینی ئەو هاوپۆلانە (هیندو ئەورووپی، سامی، لاتین و هتد). زمانی کوردی پۆلینی زمانی هیندو ئەورووپی کراوە و لە لقی هیندو ئێرانی و دواتر لە خێزانی زمانە ئێرانییەکان لە ستاندەری دابەشکردنی زمانە جیهانییەکان ئەژمار کراوە. لەم خێزانەدا زمانەکانی( کوردی، فارسی، پەشتۆ، تاژیك،...هتد) هەن و وەك لە نەخشەی خوارەوە دیاری کراوە.

(نەخشەی جیهانی زمانەکان)[١]




١ - http//www.slmc.uottawa.ca

خێزانە زمانەکان وەکو پێوەندی خزمایەتی باوك و کوڕ، دایك و کچ، دادەنرێن و ئەمەش بەو واتایە نییـە، کە زمانێك لە زمانێکی تر دروستبووە، بەڵام هاوبەشی زۆر لە نێوانیان بـەدی دەکرێـت و کاریگـەرییان لـە سەر ئەوی تر هەیە.

لەم ڕووەوە زمانی کوردی بەهۆی هاوسنووری بەرفراوان لەگەڵ زمانی فارسی کاریگەرییان لەسەر یەکدی هەبووە و بەتایبەت لەسەر شێوەزاری خانەقین لە ڕووی دەنگ و وشە و ڕستەوە، لـە هەمانکاتـدا بـەهۆی ئایینی ئیسلام و نزیکبوونی سنوورەکانی خانەقین لە خواروو وڵاتی عێراق و کاریگەریی بەعەرەب کردن کە سیاسەتێکی دوورو درێژ و بە پلاندارێژراوی حکومەتە یـەك لـەدوای یەکەکانـدا، بـە تایبـەتیش لـە سـاڵانی حوکمڕانی بەعسدا، بە قەدەغەکردنی ئاخاوتن بە زمانی کوردی و کۆچی زۆرەملێ و دەرکردنی کـوردانی کەڵهوڕ بەهۆی ناسنامەوە بۆ وڵاتی ئێران و ناسنامەی کوردسـتانییەتی خانـەقینی خسـتە مەترسـییەوە و زاراوەی کەڵهوڕیشـی بـەرەو لاوازیـی و لەناوچـوون دەڕۆیشـت، بـەڵام پـاش سـاڵی (٢٠٠٣)ەوە بـەهۆی گەڕانەوەی خەڵکە ڕەسەنەکەی و بەتایبەت ئەوانەی کە لە ئێران و ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان بوون شێوەزاری خانەقینیان زیندوو کردەوە و بەجۆرێك کۆمەڵێك وشەی نوێ لـە زاراوەی سـۆرانی و گـەرمیانی هێناوەتە نێو زارەکەوە، هەروەها ئەوانەش لە وڵاتی ئێران گەڕانەوە بـەهۆی نیشـتەجێ بـوون لـە ناوچـە کوردستانییەکانی ڕۆژهـەڵات، ژمارەیـەك وشـەیان هێناوەتـەوە ناوچـەکە دوای گەڕانـەوەیان و لەئێسـتادا بەشێکن لە ئاخاوتنی ناوچەکەو جگە لەوەی، ئەوان بـەهۆی ئـەوەی لـە ژێـر کاریگـەریی تـەعریب نـەبوون شـێوەزارەکەیان تاڕادەیـەك پـاك ماوەتـەوە، هاوکـات ژمارەیـەکی بەرچـاو لەوانـەی ناوشـارەکە بـەهۆی پا بەندی و دڵسۆزییان بە مەسەلە نەتەوایەتییەکە بوونەتـە هـۆی ئـەوەی شـێوەزارەکە لـە فـەوتان ڕزگـار بکەن.

## (١/٢-٨-٢) پێوەندیی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی

ئەوەش لە هاوسنووری نیشتەجێ بوون و گەیشتن بە یەکدی دوو ناوچەی زمانی جیاواز دێتـەدی، پـاش ماوەیەکی کورت یان درێژ کاریگەرییان لەسەر یەکتر دەبێت و قبوڵکردنی دابونەریتی یەکتردەکەن و تونـد و تۆڵ بوونی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەڕووی دروسـتبوونی هاوسـەرگیری لەنێوانیانـدا و تێکـەڵبوونی خواست و کۆك دەنگی لەسەر بەرژەوندییـە هاوبەشـەکان و تەنانـەت ئەگـەر خزمایـەتی و ڕەگ و ڕیشـەی دێرینی نەژادییان نەبێت.

لەم ڕوانگەوە خانەقین بە هۆی ئەوەی سنوورێکی فراوان لەگەڵ ئێراندا هەیە و ناوچـەیەکی لکێنـراوی کوردستانە بە عەرەبستانی عێراقـەوە و کرماشـان گـەورەترین شـاری کوردنشـینە و بـەهۆی هاوسـنووری لەگەڵ مەرزەکانی ڕۆژهەڵاتی خانەقین، کە مەرزی هاوبەشیان و هەبوونی تیرەکانی دەیان هۆزی بەربڵاویی گەورەی هاوبەش لە نێـوان سـنووری کرماشـان و خانـەقین هەیـە، کـەڵهوڕیش گـەورەترین هـۆز بـووە لـە

کرماشان،[1] بە هۆی ئەوەی ڕێژەی خوێنەوار لە خانەقین تاکو ڕادەیەك لە ئاستێکی بەرزبووە و لەگەڵ دونیای دەرەوە ئاشنا بوونە و ئاگایان لە کلتووری گەلانی دراوسێ و ناوچەکە زۆر باش بووە و زۆر کاریگەر بووە لە ئاشنابوونیان لە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی تەنانەت ئینگلیزیش، چونکە ساڵانە بە سەدان گەشتیارانی بیانی بە (تایبەت) ئینگلیز زمانەکان لە خانەقینەوە بەرەو ئێران ورۆژهەڵات دەچوون، پاش ئەوەی چەند ڕۆژێك دەمانەوە، تەنانەت بوونی مەزهەبە جیاجیاکانی ئایینی کاریگەرییان لە سەر زمان هەبووە ، جا چ سوننە بێت یان شیعە یان کاکەیی یان مەسیحی یان بەهانی ...هتد، هەمووی کاریگەریی خۆیان بینیوە لە زاراوەی خانەقین و تەنیا ماوەیەکی کورت، بە هۆی بەیاننامەی ئازاری ساڵی(١٩٧٠) پرۆسەی خوێندن بە زمانی کوردی بووە،[2] ئەمەش کاریگەریی لە سەر زمانی ڕۆشنبیری خەڵك و گۆڕانکاریی لە شێوەزاری خانەقین بووە، لە هەمان کاتدا لەبەر ئەوەی ڕێژەیەکی زۆری خەڵکی خانەقین سەر بە مەزهەبی شیعەن، مەلا و پیاوە ئاینییەکانیان لە وڵاتی ئێران خوێندنی ئاینییان تەواو کرد بوو، ئەوان لە سەر مەنبەرەوە لە کاتی وەعز و خوێندنی وتاری ئایینی، سوود وەرگرتن لە شیعر و پەندی پێشینانی فارسی بوونە هۆی ئەوەی حەز و ئارەزووی شیعری فارسی لای ڕۆشنبیرانی خانەقین بەرز بکرێتەوە و زمانی فارسی تا ڕادەیەك لەو زمانە بوو بە زمانی عەشق و ئەدەب و( غەزەل)ەوە خەڵکە ڕۆشنبیرەکە بە ئەزبەرکردنی ئەدەبیات و پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی فارسی ئاستی ڕۆشنبیری خۆیان دەخستە بەر چاوی ئەوانەی ترەوە..

### (١/٢-٨-٣) ئابووری

بەگشتی ئابووری فاکتەرێکی زۆر گرنگە بۆ گەشەپێدانی وڵات لە هەموو ڕوویەکەوە لە ئێستا ئەم بوارە ئەوەندە فراوان بووە بۆ خۆی خاوەن فەرهەنگێکی زمانەوانی تایبەتە و ڕۆژانە وشە و دەستەواژەی نوێ دێتەکایەوە و دەبێتە بەشێك لە ئاخاوتنی ڕۆژانە، بە هۆی گشتگیری بەربڵاوی ئەو وشانە بە بێ ئەوەی هەوڵ بدرێت هاومانا یان نزیکی لە زمانی دایك بۆ بدۆزرێتەوە.

نزیکی و هاوسنووری خانەقین بە مەرزی نێودەوڵەتی مەنزەرییە و پەروێزخان و چەند مەرزی دیکەی نافەرمی لە نێوان ئێران و عێراق و بوونی لەسەر ڕێگای هەورێشەم لە مێژوودا، هەروەها تەنیا ڕێگای تێپەربوونی موسڵمانانی ڕۆژهەڵات (ئێران، پاکستان، ئەفغانستان، هیندوستان و بەنگەلادیش، ئەزەربایجان، تاژیك و هتد) بۆ گەیشتن بە شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلام ئەم ناوچەیە کردە شوێنی حەوانەوە و مانەوەی بەردەوامی ڕێبواران و دواتر مانەوەی ژمارەیەك لەوانە لەم شارە، بۆتە هۆی وەرگرتنی وشەکانیان، چونکە(( ڕێگای وەرگرتن یەکێکە لە ڕێگاکانی لە دایك بوون و سازبوونی وشە و بە هۆیەوە

---

[1] – منصوره اتحادیه (١٣٦٦ :٧٩٤ ).

[2] – عزیز یاور ( ٢٠٠٩ : ٢٤٠ ).

سەدان وشەی بێگانە بەتایبەتی لە زمانە دراوسێکاندا وەردەگرن و دێنە ناو زمانەوە، تاکو ئێستاش هاوپێوەندییەکی جۆراوجۆر لە نێوانیاندا هەیە)).[١] چەند بنەماڵەیەکیان بەنازناوی وڵاتەکانیان ناودەبرێن.

## (١/٢–٨–٤) ئایین

بەهۆی هەیمەن و هەژمونی ئایین لە هەموو بوارەکانی ژیان، هەروەها بەهۆی ئەوەی پیرۆزکراوە و ئامرازێك بووە بۆ گۆڕینی کلتوور و ڕەفتار و زمانی ئەو گەلانە کە دوای قبوڵکردنی ئایینێك بە شێوەیی ئاشتەوایی یان بە تەسلیم بوون دەبێتە هۆی بەرپابوونی حکومرانی ئایینی بەتایبەتی ئیسلام بۆ گەلی کورد کە هەمووی بەزمانی عەرەبی بووە و ناچاربوونی گەلان بە فێربوونی و بەکارهێنانی لە کاروباری ڕۆژانەیان.

خانەقین لە مێژوویی فراوانکردنی ئایینی ئیسلامی ڕووبەروی زۆرترین شەڕ و لەناوبردن بووەو گەورەترین شەڕی فراوانکردنی ئاینی ئیسلام لەم ناوچەیە بووە، کە ڕووبەرووی ساسانییەکان کراوە و پاش قبولکردنی ئیسلام بە ناچاری لەم ناوچەیە خەڵکەکە سێ مەزهەبی جیاوازی ئیسلامیان پەیڕەوکرد، ئەوەش (شیعە و شافعی و حەنەفی)بووە، لەکاتێکدا پێشتر لەسەر ئایینی زەردەشت و میترایی بوون و ژمارەیەکیش سەر بە ئایینی جوولەکە و مەسیحی بوون.

## (١/٢–٨–٥) شەڕ و ناکۆکیی دەوڵەتان

هاتنی سوپای زلهێزەکانی وەکو بەریتانیا و ڕوسیا و فەرەنسا و دوای شکستی دەوڵەتی عوسمانی و عێراق بووە بەشێك لە ئینتیدابی بەریتانیا و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە ژێر کاریگەریی فەرهەنگ و دەوڵەتداری بەریتانیا مایەوە، هەروەها دەستبەکاربوونی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات لەم ناوچەیە و دۆزینەوەی نەوت و دانانی گەورەترین پاڵاوگەی نەوت لە ساڵی ١٩٢١ و بەهۆی ئەوەی سەرکرێکار و تەکنیکی و بەڕێوەبەری بەشەکان لە بەریتانی و هیندی پێکهاتبوون بە پێویستی زۆربەی کرێکارانی کوردی پاڵاوگەی نەوت و گوندەکانی دەوروبەری بە تایبەت گوندی بانمیل فێری زمانی ئینگلیزی و هیندی بوون و تاوەکو ئەمڕۆ لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیان وشە و دەستەواژەی خوازراوی ئینگلیزی و هیندی بەکار دەهێنن.

## (١/٢–٨–٦) وشە خواستن

بەهۆی نەبوونی یان قورسی بەکارهێنانی هەندێ وشەی زگماك و سووك وتنی وشەی بیانی زۆرینەی خەڵکی ناوچەیەك وشەی میللی خۆیان ڕەها دەکەن و وشەی سووك و ئاسانی بیانی بەکاردێنن، ئەمە لە هەموو جیهان بەربەڵاوە و لە خانەقین ئەم حاڵەتە زۆر بەدی دەکرێت، چونکە خودی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی ئەم دەڤەرە بە قرتاندن و گۆڕینی دەنگەکانی زمانی کوردی قسەیان دەکرد و وتنی وشەکانیان

---

[١] – کامیل حەسەن بەسیر (٢٠١٣ :٢٧ ).

ئاسان کردووە، تەنانەت بە خواستنی وشە بیانییەکان، بە هەمان شێوە سووك و ئاسانیان کردووە و بە وزەیەکی کەمتر واتا ئیکۆنومی کردن.

## (١/٢-٨-٧) ڕاگواستن و داگیرکردن

ئەگەر بڕوانینە مێژوو و جوگرافیای زمانەکان دەبینین کۆمەڵێك زمان لە سنووری سروشتی خۆیان فراوانتر بووە، ئەمەش بەهۆی داگیرکردنی وڵاتانی تری جیهان و پاشان ناچارکردنی ئەو شوێنانە بە زمانەکانیان قسە بکەن وەکو فراوانبوونی زمانەکانی ئینگلیزی و ئیسپانی و پەرتوگالی بۆ نیوەی جیهان.. شوێنی ئیستراتیجی و جیۆپۆلەتێکی خانەقین بەردەوام ڕووبەڕووی دوژمنکاری و سڕینەوەی ئاسەواری کوردستانییەتی ناوچەکەی بووە و حکومەتە داگیرکەرەکان پەنایان بردۆتە کاری نامرۆڤانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان وەکو ساڵانی بەعەرەبکردن و بە بەعسیکردن و ڕاگواستنی دانیشتوانی شار لە لایەن حکومەتی عێراقەوە.

## (١/٢-٨-٨) ڕاگەیاندن

بە هەموو جۆرەکانیەوە، کە ترسناکترین فاکتەرە بۆ نزیککردنەوەی ئاستەکانی زمان لە نێوان تاکدا، یەکێك لە بیستراوەکان ڕادیۆیە، هەموو دانیشتوان بە گەورە و بچووك گوێیان لێیەتی، هاوکات لە لایەن هەرە زۆری دانیشتوانی ناوچەکە بە هەموو جیاوازی لە ئاست و چین و پیشە دەبیستریت، واتە قسەکردنی بیستراو کاریگەرییەکی بەتوانای هەیە.[١] بەگشتی ڕاگەیاندنەکانی خوێنراو وبیستراو و بینراویش کاریگەرییان لەسەر دابونەریت و کلتوور و پاراوترکردنی زمانی گەلان هەیە و لە ئێستادا ڕاگەیاندن ڕۆڵی کاریگەر بۆ هەناردەکردن فەرهەنگ و کلتووری ئەو میدیایانە دەبینێت، کە لەناوچەیەکی دیاری کراو پەخش دەکەن بۆ ئەو شوێنانەی کە پەخشەکە وەردەگرن و تاڕادەیەك لەبەر جۆرەکانی بەرنامەکان و خوازراویی بینی لەلایەن دانیشتوانی ناوچەیەك بەهۆی سەرنجڕاکێشی بەرنامەکانی، کە بە شێوەی پلان بۆ داڕێژراو هەمبەر وا بەستەکردنی بینەران لە ڕووی ئابووری و ڕووتێکردنی فەرهەنگ و کلتوورەوە بەهۆی ئەوەی تا دوای ڕزگاری خانەقین ٩ی نیسان( ٢٠٠٣) هیچ ڕاگەیاندنێکی کوردی لەم سنوورە بەدی نەکراوە، لە ژێر کایگەریی پەخشی میدیایی عێراق و ئێران بووە و پاش ئازادیش بە هۆی ئازادی میدیایی و فراوانی ئامێرەکانی وەرگرتنی پەخشی سەتەلایتە جیهانییەکان پڕ دانیشتوانی ئەم ناوچەیە کەوتنە ژێرکاریگەری کەناڵە بینەرەکانی سەتەلایت، کە زیاتر بەخشەکانیان بە زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی بوون و ژمارەیەکی بێژماریش بوون بە بێنەری کەناڵەکانی کوردی و دواتر بەهۆی دانانی پەخشی لۆکاڵی تەلەفزیۆنەکانی گەلی کوردستان لە( ٢٠٠٣) و کەناڵی S.tv و ڕادیۆی مەدەنییەت و چەندین ڕادیۆی تر و

---

[١] – کمال بشر ( ١٩٩٨ : ٢٤٧ ).

پەخشکردن بە شێوەزاری خانەقین هۆکارێك بوون بۆ گەشەکردنی شێوەزاری خانەقین و دووبارە کەوتنە بەر زمانی گەلێك وشە لەم شێوەزارە، کە فەرامۆشکرابون.

## (٢/١-٨-٩) ئاواز و گۆرانی و سروود

ئەو گۆرانییانەی وشەکانیان دەبیسترێت، بەهۆی ئاوازێکی بە چێژ لە گەڵ گۆرانی بێژێکی یان هونەرمەندێکی بەتوانا ، ئەمە کار دەکاتە سەر دەروون و ناخی گەل و بە هۆی ئەو چێژ و مەستەی گۆرانییە، وشەکانی ئەو زمانە وەردەگرن و بەکاریدێنن،[1] چونکە کاریگەریی خۆی دەرخستۆتە سەریان، لە ( ٢٠ )ەکانی سەدەی ڕابردوودا بە هاوردەکردنی ئامێری جیاجیای گرامافۆن، کە تایبەتە بە پەخشکردنی گۆڕانی تۆمار کراودا کە زیاتر قەوانەی گۆرانی عەرەبی و فارسی لە بازارەکانی عێراق دەست دەکەوتن، بۆیە لەو سەردەمەوە بەرەو پێشەوە تا ساڵانی( ٧٠ )کان و پێشکەوتنی ئەو ئامێرانەی بۆ پەخشی گۆرانی و ئاواز، خەڵکی خانەقین گوێگری گۆرانییە مەزنەکانی فارسی و هەندێجار عەرەبی بوونە و ئەو سروود و ئاواز و گۆرانییەکانیان ئەزبەر کردووە بە تایبەتی گۆرانییەکانی (عبدالوهاب و ام کلثوم و وعبدالحليم واسمهان و نجاة الصغيرة ....) و لە هونەرمەندانی فارسی زمانیش( ئیەرج و گولپا و مەرزیە و پوران و کە تاوەکو ئەمڕۆش خەڵك هێشتا هۆگری گۆرانی فارسین و لەوانەش هایدە و مەهەستی و موعین و گوگوش و...هتد). ئەمەش هۆیەکی تری کاریگەریی فارسی بە سەر شێوەزاری خانەقین دادەنرێت.

## (٢/١-٨-١٠) سینەما و فیلیمەکان

بە هەمان شێوە سینەما و شانۆ دەورێکی باڵای هەیە و کار دەکاتە سەر ناخ و بیری گەل،[2] لە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤)لە لایەن محمد ئەفەندی سەرۆکی شارەوانی خانەقین یەکەم سینەمای بێ دەنگی هێنابووە خانەقین، دواتریش لە ساڵی ( ١٩١٩)ە یەکەمین سینەما ئینگلیزییەکان هێناونەتە خانەقین و لە ساڵانی (١٩٤٧-١٩٤٨) خانەقین بۆتە خاوەن( ٥ ) سینەما، جگە لە هۆڵی سینەمای زستانە و هاوینە و چەندین سینەمای گواستراو هەبووە ڕۆژانە ئەگواسترانەوە وگەڕۆکشی هەبووە کە بە بردنی ئامێری پەخشی فلیمەکان بۆ ناوچە و گوندە جیاجیاکانی خانەقین،[3] فلیمەکانی ڕۆژی ئەو سەردەمەیان دەخستە بەرچاوی بینەران کە لە چینە جیاجیاکانی خانەقین بوون و ڕۆژانی چوارشەممانیش تایبەت بووە بە پەخشکردنی فلیم بۆ بینەرانی ژنانی خانەقین و ئەو فلیمانەش زیاتر فلیمی فارسی بوونە لەوانەش حسێن کورد و عەلی بابا و حەسەن کەچەڵ و شیرین و فەرهاد و (عشاق) و.. هتد. بەم جۆرە زیاتر خەڵکی خانەقین ڕوویان دەکردە فێربوونی زمانی فارسی و هیندی و عەرەبی کە زمانی فلیمەکان بوونە.

---

[1] - كمال بشر (١٩٩٨:٢٤٧).

[2] – هەمان سەرچاوە ل (٢٤٨ ).

[3] -بڕوانە: ابراهيم باجلان (٢٠١٤ :١٤ ).

نەخشەی (A


نەخشەی شاری خانەقین
ژ دانیشتوان (١٣٠١٢٥)
ژ دەنگدەر (٧١٨٤٢)
ژ گەرەك (٤٢)
ژ گوند (٨٦)
ژ قوتابخانە (١٢١)
ژ بنکەی تەندروستی (١٣)
ژ فەرمانگە مەدەنی (٥٨)
ژمارەی فەرمانگەی عەسکەری (٦٧)
ژمارەی مزگەوت (٦٢)
ژمارەی حوسەینیە (٥)
گەراجی کەلار
مۆنی کاکەیی
اعداد وتصميم : مسعود داراخان
فەرمانگەی حكومی
گەرەك یان دێ
ڕووبار
قوتابخانە
مزگەوت
نەخۆشخانە یان بنکە
باخ
پرد
بەنزینخانە
شەقام
بنکەی دەنگدان
ڕووباری ئەلوەن

نەخشەی( B )



باجەلانی - ماچۆیی( هەورامی )
Kifri
كفري
Sirwan River
نەخشەی ناوچەی خانەقین
Qasr e Shirin
قصر شيرين
Sarpol-e
Zahab
سرپل ذهاب
شێوەزاری سلێمانی
Khanaqin
خانقين
Jalawla
جلولاء
شێوەزاری گەرمیانی
Google

## بەشی دووەم

## تەوەری یەکەم:

## کاریگەریی زمانی فارسی و عەرەبی و زمانانی تر لەسەر شێوەزاری خانەقین لەڕووی دەنگسازییەوە(فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی)

## پێشەکی

دەنگسازی: زانستێکە لە هەردوو لقە زانستەکانی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی دەکۆڵێتەوە. کە لە پەیدابوونی دەنگەکان و ژمارەیان لە هەر زمانێکدا دەکۆڵێتەوە و ئاماژە بە ئەندامەکانی ئاخاوتن دەکات کە بەشداری لە دروستکردنی دەنگ دەکەن، وەك:(دەم، لووت، ددان، مەلاشوو، لێو،....هتد)، کەواتە فۆنەتیك لایەنی تیۆری دەنگە. فۆنۆلۆجیش لقێکە لە زانستی دەنگ و ئاماژە بە یاساکانی دەکات، وەکو: (یاساکانی لە تێچونی دەنگ، پەیدابوونی دەنگ، لێکچوونی دەنگ، جێگۆرکێی دەنگ،....هتد). کە واتە فۆنۆلۆجی لایەنی پراکتیکی دەنگە.

### (٢/١–١) فۆنەتیك

ئەو زانستەیە کە لێکۆڵینەوە لە دەنگەکانی زمان دەکات و گرنگی بە گوتن یان دەربڕین دەدات نەك نووسین،[١] یان ئەو لقەی زانستی زمانە، کە لە کەرەسە زۆر خاوەکانی زمان دەکۆڵێتەوە و شییان دەکاتەوە، کەرەسە هەرە خاوەکانی زمانیش ئەو تەنیا دەنگانەن، کە بە هێزی ڕەوتی با لە سییەکانەوە هاتووە و لە ئەنجامی دەستەیەك لە جوڵانەوە کە لەپەردەی ناو پنچکەوە دەست پێ دەکات و سۆرێنچك و قوڕگ و بەشەکانی زار و لووت بەشداری دەکەن، واتە فۆنەتیك ئەو لقەی زانستی زمانە کە لە دروستکردن و گواستنەوە و وەرگرتنی دەنگەکانی دەکۆڵێتەوە وەك دیاردەیەکی گشتی. واتا دەبێ دەنگەکانی زمان لە سێ ڕوانگەوە سەیربکرێن :

١ـ لە ڕووی دروستکردنەوە Articulatory Phonetics ئەمە میکانیزمییەتی ئەندامانی ئاخاوتن دەگرێتەوە.

٢ ـ لە ڕووی چۆنیەتی گواستنەوەی دەنگەکان لە هەوادا بە هۆی شەپۆلی بەهێزی ڕەوتی بای لە سییەکانەوە هاتوو و بزوتنەوەی ئەندامانی ئاخاوتنەوە دروست دەبن Acoustic Phonetics .

٣ ـ لە ڕووی وەرگرتنی ئەم دەنگانەوە بە گوێ و شیکردنەوەو پاراستنیان لە مێشکا Auditor Phonetics ئەمەیان میکانیزمییەت و فسیۆلۆجییەتی گوێ و مێشك دەگرێتەوە.[٢]

---

[١]-حاتم صالح الضامن (١٩٨٩ :٤٧ ).

[٢]–بڕوانە وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩ : ٤٦ ـ٤٧).

## ( ٢-١/٢ ) ئەركی ئەندامەكانی ئاخاوتن لە دركاندنی دەنگەكاندا :

دركاندنی دەنگەكان بەبیٚ بەشداریكردنی ئەندامەكانی ئاخاوتن نابێت، ئەندامانی ئاخاوتنیش لەدوو بەشی سەرەكی پێكهاتووە ، بەشێكیان بەئەندامی سەرەكی دركاندن دادەنرێت و ئەو بەشەی دیكە بە ئەندامی دركاندنی لاوەكی دادەنرێت، كەواتە هەندێكیان بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ بەشدارن و هەندێكی دیكە بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ یارمەتی ئەندامە سەرەكییەكان دەدەن لە كردەی دركاندنی فۆنەكان، ئەوانەش وەك (سییەكان، بۆری هەناسە، ناوپەنچەك، ماسولكەكانی نێوان پەراسووەكان، ئەو ماسولكانەی هاوكاری زمان دەكەن لە جوڵە و هەڵسوكەوتی زمان، كركراگەكانی قوڕگ و ئەو ماسولكە و ڕیشاڵانەی بەیەكیانەوە دەبەستیٚ)[١]، ئەندامە سەرەكییەكان پێكهاتووە لە:

١. لێوەكان.
٢. ددانەكان.
٣. پووك.
٤. زمانۆكە، پێشەوەی زمان، ناوەڕاستی زمان، دواوەی زمان، سەری زمان.
٥. مەڵاشوو ( ڕەقە مەڵاشوو، نەرمە مەڵاشوو).
٦. لەهات.
٧. گەروو.
٨. ژییەكانی دەنگ.
٩. بۆشایی لووت.[٢]

## (٣-١/٢) فۆنۆلۆجی

لە زانستی زماندا، فۆنۆلۆجی نموونەیەكی نابەرجەستە ( abstract)ی ئەو دەستورانەیە كە قالّبی دەنگ دروست دەكەن بۆ بیری مرۆڤ،[٣]یاخود فۆنۆلۆجی سیستەمێكی یەكەی دەنگی بێواتا و لێكدان و خستنە پاڵیەكی ئەم یەكانەیە و گرێدانی بەیەكترەوە بۆ پێكهێنانی مۆرفێم و وشەی فەرهەنگی مانادار.[٤]هەرزمانێك كۆمەڵێك یاسای تایبەتی بە خۆی هەیە، كە بەهۆیەوە فۆنۆلۆجی فۆنێمەكان دەست نیشاندەكات و لە ناو قالّبی برگەی فۆنەتیكیدا ئەم فۆنێمانە لێكدەدات و برگەی فۆنۆلۆجی پێكدێنیٚ و لە ئەنجامی فۆنێمەكانیش، دەنگ هەیە دەگۆڕێت، یان دەتوێتەوە، یان پەیدادەبێت......هتد.[٥]ئەم حاڵەتانەش بەیاسای فۆنۆلۆجی ناودەبرێت.

---

[١]–سمیر شریف استیتیە(٢٠٠٨: ٢٢).

[٢] –بڕوانە وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩ : ٤٧–٤٨ ).

[٣]– غازی فاتح وەیس (١٩٨٤: ١٧ ).

[٤]- غازي علي خورشيد (٢٠١٠ : ١٦٧ ).

[٥]– **وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩ : ٥٣ ).**

## (٢/١-٤) فۆنێم و ئەلۆفۆن

فۆنێمیش بچوکترین یەکەی دەنگییە، کە لە زماندا وشە دروست دەکەن و بە گۆڕینی ئەم دەنگانە واتا دەگۆڕێت.

فۆنێم لە دەنگ گرنگترە، چونکە جیاوازی دەخاتە نێوان واتای وشەوە، بۆیە هەموو فۆنێمێك دەنگە، بەڵام هەموو دەنگێك، فۆنێم نییە، بۆ نموونە (قیژە، هاوار، قۆڕەی سك، قرقێنە، نزگەرە، پرخەپرخ، کۆکە..)هەموو دەنگن، بەڵام هیچیان فۆنێم نین.[١] هەر وەها فۆنێم بە دانەیەکی دەنگی جیاکەرەوە دادەنرێت لە چوار چێوەی سیستەمێکی تایبەتیدا، واتە فۆنێم جیاوازی واتایی دێنێتە کایەوە لە وشەکاندا. بۆ نموونە ئەو وشانە وەردەگرین، کە هەموو دەنگەکانیان وەك یەکن، تەنیا لە تاکە دەنگێکدا جیاوازن، ئەم جیاوازییەش لەم تاکە دەنگەدا دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکان، ئەم وشانە پێیان دەوترێ جووتە وشە بە بەراورد کردنی ئەم جووتە وشانە فۆنێمەکانی زمانێك دەستنیشان دەکرێن، ئەگەر فۆنێمی /س/ لە وشەی [سیر] بگۆڕین بە /ش/، ئەوا وشەی [شیر] دروست دەبێت کە جیاوازە لە وشەی [سیر]، کە واتە هەر یەکێك لە دەنگەکانی /س، ش/ فۆنێمن، چونکە واتای وشەیان گۆڕیوە و جیاوازیی واتایی وشەیان خستۆتە ڕوو. هەندێ فۆنێم لە فۆنێك زیاتر دەنوێنن، کە پێیان دەوترێت (ئەلۆفۆن )، کە واتە فۆنێم لە یەك دەنگ پێك نایەت، بەڵکو خێزانە دەنگێکە بە هەر یەکەیان دەوترێت ئەلۆفۆن.[٢] بۆ نموونە /س/ و/ص/ لە زمانی کوردیدا یەك فۆنێمن و [ص] ئەلۆفۆنی /س/ە، بۆ نمونە :

وشەی (سەد : صەد)، (ساڵ: صاڵ ) لەم وشانەدا [ص] ئەلۆفۆنی فۆنێمی/س/ە، چونکە بەگۆکردنی هیچ واتای وشەی نەگۆڕیوە، واتە [س] و [ص] دوو دەنگی جیاوازی هەمان فۆنێمن، یاخود شێوەیەکە لە شێوەکانی درکاندنی هەمان فۆنێم، بێ ئەوەی درکاندنی ئەو شێوە جیاوازە کار لە واتای وشە بکات، واتە ئەو کۆمەڵە دەنگەیە کە فۆنێمێك دەیانگرێتە خۆ و بە ئەندامێکی یان ئەلۆفۆنی ئەو فۆنێمە دادەنرێت، وەك گۆکردنی /ت/ لەم وشانەدا بەشێوەی جیاواز (تەڕ، تەمەن، تاڵ......هتد).[٣] بەڵام لە زمانی عەرەبیدا دوو فۆنێمی جیاوازن. بۆ نمونە لە (وشەی عصیر: عسیر)، فۆنی /س/ و/ص/ دوو فۆنێمی جیاوازن، چونکە بەئاڵوگۆڕکردنیان واتای وشە دەگۆڕن. فۆنی هەر زمانێك وەربگرین دەبینین بەهەمان شێوە دروستبووە، بۆیە فۆن گشتییە، بەڵام فۆنێم تایبەتە، چونکە هەر زمانێك تایبەتمەندی خۆی هەیە لە ڕووی ژمارە و شێوەی فۆنێمەکان.

---

[١]- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٨٥ :٨١ – ٨٢ ).

[٢]– محمد علی الخولی (١٩٨٧ : ٥٩ ).

[٣]– طالب حسین علی (٢٠٠٥ : ١٢ ).

**( ٥-١/٢ ) فۆنێمەکانی زمانی عەرەبی و  فارسی وشێوەزاری خانەقین لەمانە  پێك هاتوون:**

١. **فۆنێمەکانی زمانی عەرەبی (٢٨)ی سەرەکین**، بەپێی ڕیزبوونی هیجائی ئەمانەن : (أ، ب، ت، ث، ج، ح، خ، د، ذ، ر، ز، س، ش، ص، ض، ط، ظ، ع، غ، ف، ق، ك، ل، م، ن،ه، و، ي). [١] لەگەڵ **شەش فۆنێمی ڤاوڵ** (ئەلف، واو، یا، (فەتحە، زەممە، کەسرە)*).[٢]

٢. **فۆنێمەکانی زمانی فارسی  لە (٣٢ ) فۆنێمی سەرەکی پێکهاتوون**، ئەمانەن :( أ، ب، پ، ت، ث، ج، چ، ح، خ، د، ذ، ر، ز، ژ، س، ش، ص، ض، ط، ظ، ع، غ، ف، ق، ك، گ، ل، م، ن، و، ه، ی) لەگەڵ **شەش فۆنێمی ڤاوڵ** (ئەلف، یا، واو، فەتحە، زەممە، کەسرە).[٣]

شایانی باسە هێمای (و) چەندین دەنگی هەیە کە نزیکە لە دەنگەکانی (وو،ۆ، ڤ، و)ی کوردی، ئەگەر دەنگی ( ا ) لەپێش دەنگی (م) یان ( ن ) ەوە هات، ئەوە بەدەنگی ( و) دەخوێنرێتەوە، بۆ نمونە: وشەی (نام ) لەکاتی گۆکردندا بە (ناو) گۆدەکرێت و (و)ێك دەنووسرێت کە ناخوێنرێتەوە وەکو:( خواهر – خواستن کە بە خاهر و خاستن)دەخوێنرێتەوە.[٤]

٣. **فۆنێمەکانی شێوەزاری خانەقین لە (٣٨) فۆنێم پێکهاتووە:**[٥]

**کۆنسنانتەکان** ( ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤـ، ق، ك، گ، ل، ڵ، م، ن، ه، و،ی).

**ڤاوڵەکان** ( ا، وی، وێ ،وو، ێ، ۆ، و، ی،ە، بزرۆکە).

[١] – رمضان عبد التواب (١٩٩٧ :٤٢ –٥٩ ).

[٢] – کمال بشر (٢٠٠٠ :٤٢٢ ).

* (فەتحە،زەممە، کەسرە)  لە زمانی عەرەبیدا  پێی دەوترێ دەنگە بزوێنەکان  و بەرانبەر (ئەلف، واو، یا) دەوەستن زمانناسان بە سەر دەڵێن ئەلفی بچووك، بە بۆر دەڵێن واوی بچووك، بە ژێریش دەڵێن یای بچووك، چونکە واتای وشە دەگۆڕن، کە لەزمانی کوردی بەرانبەر بزوێن (ە، و، ی) دادەنرێت.

٣– بهمن انصاری( ١٣٩١ :٧ ).

٤– احمد کمال الدین حلمی (١٩٨٦ : ١٣–١٤ ).

٥ - شایانی باسە سەلام ڕەحیم لەنامەی ماستەرەکەیدا تەنها (٣٥ ) فۆنێمی دەستنیشانکردووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: {سەلام ڕەحیم ڕەشید،( ٢٠١٤، ل(٤٦ ).

**(٦-١/٢) نمونەی فۆنێمەکان لە وشەی خانەقینی:**

| Nimune | نمونە | Pit | پیت | ژ |
|---|---|---|---|---|
| Saf | (ساف/سوف)* /سیف | (ا ) بزوێن | A | ١ |
| Baļ | باڵ/کاڵ/داڵ | بـ-ب | B-b | ٢ |
| Pa | پا/وا/کا | پـ-پ | P-p | ٣ |
| Tem | تەم/کەم/جەم/شەم/پەم | تـ-ت | T-t | ٤ |
| Car | جار/بار/کار | جـ-ج | C-c | ٥ |
| Ma Ç ÇWar | ماچ/ماڵ/ مان/ چوار/خوار/ | چـ-چ | Ç-ç | ٦ |
| Ĥeft | حەفت/خەفت/کەفت | حـ-ح | Ĥ-ĥ | ٧ |
| Xas | خاس/لاس/ڕاس/باس | خـ-خ | X-x | ٨ |
| Dar | دار/کار/غار | د | D-d | ٩ |
| Mar | مار/ماڵ/ماچ/ماس | ر | R-r | ١٠ |
| Ŗaw | ڕاو/ناو/داو/باو | ڕ | Ŗ-Ŗ | ١١ |
| Zana | زانا/دانا/ | ز | Z-z | ١٢ |
| Jan | ژان/خان/بان | ژ | J-j | ١٣ |
| Saļ | ساڵ/خاڵ/ماڵ | سـ-س | S-s | ١٤ |
| Şan | شان/بان/ژان | شـ-ش | Ş-ş | ١٥ |
| Bar | بار /بیر/بوور | ( ە ) | E | ١٦ |
| Â tir | عەتر /مەتر/چەتر | عـ-ع | -Ââ | ١٧ |
| Ĝar | غار /بار/مار | غـ-غ | Ĝ-Ĝ | ١٨ |
| Kef | کەف/کەی/کەم/کەو | فـ-ف | F-f | ١٩ |
| Vean | ڤیان/ژیان/گیان | ڤـ | V-v | ٢٠ |
| Zaq | زاڵ/زام/زاق | قـ-ق | Q-q | ٢١ |
| Kar | کار/بار/دار | کـ-ك | K-k | ٢٢ |
| Geŗ | گەڕ/کەڕ/بەڕ | گـ-گ | G-g | ٢٣ |
| Kel | کەل/کەڵ/کەو/کەس | لـ-ل | L-l | ٢٤ |

* وشەی (ساف، سوف ) بەدەنگی (ص) گۆڕدەکرێت ( صاف ، صوف )و ئەلەفۆنی فۆنی (س )ە

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Maḽ | ماڵ/مار/ماچ | ڵـ–ڵ | Ḽ-ḽ | ٢٥ |
| Mar | مار/هار/بار | مـ–م | M-m | ٢٦ |
| Nan | نان/بان/شان | نـ–ن | N-n | ٢٧ |
| ؟ | دویٚ/دوو/ده | و^یٚ | ؟ | ٢٨ |
| Har | هار/دار/پار | هـ | H-h | ٢٩ |
| Suf | سوف/ساف/سیف | و | U | ٣٠ |
| Dom | دۆم/ دیم/ دەم | ۆ | O | ٣١ |
| ؟ | سویر/سەر/سر | و^ی | ؟ | ٣٢ |
| kûÎ / Dû | دوو/دە/دا/دی, کووڵ/ کوڵ/کاڵ | وو | û | ٣٣ |
| Wek | وەك/چەك/تەك | و | W-w | ٣٤ |
| Bîr | /بیر/بور/بار | ی | î | ٣٥ |
| Xêr | خێر/خەر/خار | یـ–ێ | ê | ٣٦ |
| DiÎ | دڵ/داڵ/دەڵ | بزرۆكە | I | ٣٧ |
| Yar | یار/دار/بار | ی | Y | ٣٨ |

دەنگی (ص) تەنها لە چەند وشەیەكدا دەبینرێت وەكو : عاصن، صەطل، صاڵ، صەنەم، صەندوق، صلّپ، صاقت، صەموون،صەنیا،صەوز،مصەور،موصیبە،ماص،پاص، صالۆنصە، صالۆن......هتد دەنگی (ط )یش لەچەند وشەیەكدا دەبینرێت وەكو ( طماطة، طبلة، صطل، طابوقة، طباشیر،.... هتد). ئەم دەنگانەش زیاتر لەو وشە عەرەبییانەوە، كە هاتونەتە نێو شێوەزاری خانەقین و لای ژمارەیەكی بەرچاو لە دانیشتوانەوە بەهەمان شێوە دەخوێنرێتەوە و ژمارەیەكی دیكە بە دەنگی (ت) دەیخوێننەوە، كە واتە (ص، ط) بە ئەلۆفۆنی فۆنێمی/س، ت/ دادەنرێت. ئەم دوو دەنگە لە شێوەزاری خانەقیندا بوونی هەیە، بەڵام فۆنێم نین، چونكە واتای وشە ناگۆرێت لە بەر ئەوە ناچێتە ناو ڕێنووسی كوردییەوە.[١]

ئەمە جگە لە بزرۆكە كە بەڕێنووسی عەرەبی پیتێكی دیاریكراوی نییە و نانوسرێ و تەنها لە ڕێنوسی لاتینی دەنوسرێ كە بە(I-i) ی بزرۆكە دیاری دەكرێ.

دەنگەكانی (ظ، ض، ذ، ث) لە شێوەزاری خانەقیندا بوونی هەیە، كەچی فۆنیم نین و بەهەمان شێوە واتای وشە ناگۆڕن، بۆ نمونە وشەكانی (ظابط، ضیاء، ذكری، ثریا....هتد) بەهەمان شێوەی عەرەبی (ظابط، ضیاء، ذكری، ثریا....هتد) دەخوێنرێتەوە، چونكە ئەم ناوچەیە بە عەرەبكراوە (تعریب) و ئەو

[١] نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو(٢٠١٤ : ١٣ ).

کۆمەڵە کەوتۆتە ژێرکاریگەریی زمانی عەرەبییەوە لە ڕووی خوێندن و ڕۆشنبیریی ودام دەزگا و شوێنە فەرمییەکان بە عەرەبی بوون، بۆیە گۆکردنی ئەم جۆرە وشانە لای هەندێ لە دانیشتوانی خەڵکی شارەکە ئاساییە، هاوکات لەهەمان شار و شوێن بەشێوەیەکی تر لای ژمارەیەکی دانیشتوانی ناوچەکە گۆدەکرێت، بەتایبەتی ئەوانەی لەسنووری ئێرانەوە نزیکن و دوورن لە خوێندن و تێکەڵاوییان زیاترە لە نێوان گوندەکانەوە و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوانیان زۆر و بەرفراوانە، بەهۆی تێکەڵاوی لە ڕێگەی ژنهێنان و هاوسەرگیری و جموجۆڵی بازرگانی لە نێوانیاندا، بۆیە زیاتر کاریگەربوون بەو زمانە و دەنگەکانی (ظ، ض، ذ، ث) بە فۆنێمی ( ز، س )ە گۆدەکەن، چونکە خراوەتە بەر پرۆسەی سیستەمی یاسای فۆنۆلۆجی کوردییەوە، بۆ نمونە: وشەکانی (ظابط، ضیاء، ذکری، ثریا.....هتد) بەم شێوەیە گۆدەکرێت، زابت، زییا، زکرا،سورەییە....هتد

ڕاهاتنی ماسوولکەی دەم و زمان و گەروو بە جۆرێکی تایبەتی، دەبێتە هۆی ئەوە کە خاوەنەکانی زمانێك یان تەنانەت خاوەنەکانی زارێك هەندێ دەنگ یان وشەیان بۆ نەیەت و بەلایانەوە لە بار و زمان خۆش نەبێ، بۆیە بە درکاندنی خۆیان ئەو دەنگانە یان ئەو وشانە لە بار و زمان خۆش دەکەن، ئینجا ئەمەش بە گۆڕینی دەنگەکان، یان بەگۆڕینی جێگای ، یان بە سوواندنی.[١]

## تەوەری دووەم:

لە شێوەزاری خانەقیندا، کاریگەریی زمانە دراوسێکان بۆتە هۆی پەیدابوونی کۆمەڵێك دیاردە و یاسای دەنگی، کە ئەمانەن:

### (٢/٢-١) جێگرتنەوەی دەنگ ( دەنگە گۆڕکێ).

ئەم دیاردەیە هەندێ جار لە مۆرفێمێك، یان وشەیەك دوو دەنگی جیاواز ئاڵوگۆڕ دەکات، ئەمەش لە زارێکدا ڕوودەدات، یان لە نێوان دوو زاردا دەبێت[٢]. کە واتە، ئەم گۆڕانە نابێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە، یان لە ئەنجامی لێکدانی دەنگەکاندا، هەندێ دەنگ دەگۆڕێ بەدەنگێکی تر.[٣]هەندێ جاریش وا ڕێك دەکەوێ لە وشەیەك یان فرێزێکدا، دەنگێك بگۆڕێت بە دەنگێکی تر، بەهۆی بەسەرچوونی چەند سەدەیەك لەسەر وشەکان.[٤]

---

[١] – بڕوانە حەسەنی قزڵجی (١٩٧٨ :١٢١ ).

[٢] – ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٤: ١٥٩).

[٣]– بەکرعومەر عەلی ( ٢٠١٤ : ١٩٢ ).

[٤] – محمەد ئەمین هەورامانی ( ١٩٧٣ : ٨٤ ).

## (٢/٢–١–١) جێگرتنەوەی کۆنسنانت بە کۆنسنانت:

( ح) :دەنگێکی گەروویی خشۆکی کپە[١].

(ح ) ئەم دەنگە لەشێوەزاری خانەقینیدا فۆنێمە، کەم دەردەکەوێت، چونکە وشە زۆر بەکەمی دێتە بەرچاو کە دەنگی (ح)ی تێدا هەبێت، وەکو ئەوەی بوونی نەبێت لەم شێوەزارەدا، بۆیە لەگەڵ هاوئۆرگانەکانیدا لە شوێنە جۆربەجۆرەکاندا ئەلتەرناسیۆن دەکات، بەتایبەت لەو وشانەی لەزمانی عەرەبییەوە هاتۆتە نێو زمانی کوردییەوە و بێ ئەوەی کاربکاتە سەر واتای وشەکە، ئەم جێگۆرکێیە لەم شێوەزارەدا بەزەقی ڕوون وئاشکرایە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی و دراوسێتی سنووری لەگەڵ میللەتانی کە زمانەکەیان نزیکییەکی کلتووری و ڕۆشنبیری و ئەوتۆی هەیە لەگەڵ شێوەزارەکەمان، ئەم کاریگەرییە بەم شێوەی خوارەوەیە:

### (٢/٢–١–١ –١) گۆڕینی دەنگی (ح) بۆ (هـ)

لە هەندێك شوێندا دەتوانن بچنە شوێنی یەك و کاریگەریی بۆ سەر واتای وشەکەش نەبێت، ئەم دوو دەنگە گەروویین، هەردوکیشیان دەنگێکی خشۆکی کپن، دەتوانن لە هەندێك دەوروبەری دەنگیدا بچنە شوێنی یەك:

ئەو وشانە، کە لە عەرەبییەوە خوازراون بەگۆڕینی دەنگی(ح) بۆ دەنگی(هـ) هاتونەتە نێو شێوەزاری خانەقین:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز . فارسی | ز . عربی |
|---|---|---|---|
| هەمید/ هەمی | حەمید | | حمید |
| هەرف | پیت | | حرف |
| مەهمی | مەحمود | | محمود |
| هەساو | ژماردن | | حساب |
| هەیوان | ئاژەڵ | | حیوان |
| هەق | ماف | | حق |
| هەقیقەت | ڕاستی | | حقیقە |
| هاشا | دوور | | حاشا/حاشە |
| هەتا | هەتا | | حتی |
| هەواڵ | هەواڵ | | احوال |
| هەڵوا | شیرینی | | حلوی |
| هەڵقە | ئەڵقە | | حلقە |

[١] – ابراهیم انیس (٢٠٠٧: ٨٥).

### (٢/٢–١– ١–٢ ) گۆڕینی دەنگی (ح) بۆ (ئـ)

(ئـ) لەگەل (ح)دا هاوئۆرگانن و شوێنی دەستپێکردنی دەنگ و دەرچوونیان یەکێکەو هەردووکیشیان کپن، بەڵام یەکەمیان تەقاو و دووەمیان خشۆکە، بۆیە لەهەندێك باردا (ح) دەبێت بە (ئـ)، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز. فارسی | ز .عربی |
|---|---|---|---|
| ئەڵقوم | هەڵقوم | | حلقوم |
| ئەزرەت | حەسرەت | | حسره |

### (٢/٢ –١– ١–٣ ) گۆڕینی دەنگی ( ج) بۆ ( چ)

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی | زمانانی تر |
|---|---|---|---|---|
| چاکەت | چاکێت | | جاکیت | جاکێت<br>(ئینگلیزی)یە |

### (٢/٢–١–١–٤) گۆڕینی دەنگی (ح) بۆ (خ)

دەنگی (ح ) دەنگێکی کپە لەگەڵ دەنگی (خ ) کپە، هەردووکیان هاوئۆرگانن، بۆیە لەگۆڕینی هیچ کاریگەریی لە واتای نەکردووە.

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی | زمانانی تر |
|---|---|---|---|---|
| خنە | خەنە | | حنە | Kenna<br>(هندوستانی)یە |

### (٢/٢–١– ١–٥) گۆڕینی دەنگی (ب) بۆ (و)، لەسەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا هەن:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| وا | با | باد | |
| وەهار | بەهار | بهار | |
| واران | باران | باران | |
| وەفر | بەفر | برف | |
| قەور | گۆڕ | | قبر |
| شەروەت | شەربەت | شربت | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| زوراو | زۆراب | سهراب | |
| خراو | خراپ | خراب | |
| شەو | شەو | شب | |
| کەواو | کەباب | کباب | کباب |
| هەساو | ژماردن | حساب | حساب |
| کەوك | کەو | کبك | |
| ئاو | ئاو | اب | |
| ئاوایی | ئاوایی | ابادی | |
| سیوڵ | سمێل | سبیل | |
| سەوز | سەوز | سبز | |
| خەوەر | هەواڵ | خبر | خبر |
| جەوەڵ | چیا | | جبل |
| ئەزاو | ئازار | عذاب | عذاب |
| غەریو | بیانی | غریب | غریب |
| دوشاو | دۆشاو | دوشاب | |

## (٢/٢–١– ١–٦ ) گۆڕینی دەنگی (ب) بۆ (م)

ئەو وشانە، کە لە عەرەبی و فارسییەوە خوازراون بە گۆڕینی دەنگی(ب) بۆ دەنگی(م) وشەکە و هەردووکیان لێوی و گڕن، بۆیە واتای نەگۆڕیوە.

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| کموتر | کۆتر | کبوتر | |
| تەماشیر | تەباشیر | | طباشیر |

## (٢/٢–١– ١–٧) گۆڕینی دەنگی (ب) بۆ (ف)

ئەو وشانە، کە لە فارسی خوازراون یان (هاوبەشن) بە گۆڕینی دەنگی(ب) بۆ دەنگی(ف) وشەکە هاتۆتە نێو شێوەزاری خانەقین، بەتایبەتی لە کۆتایی وشەدا و کاتێك دەکەوێتە دوای ڤاولی ( ی، ا ):

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| سیف /سێف | سێو | سیب | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| تەناف* | پەت | طناب | |

دەنگی (ت) لەگەڵ دەنگی (د) دا دەستە خوشکن، چونکە لە زمانی کوردیدا بەرانبەر هەندێ دەنگی ئاوازەدار، دەنگی کپ هەیە، بەرانبەر دەنگی (د)، کە ئاوازەدارە، دەنگی (ت) هەیە، کە دەنگێکی کپە، نزیکی ئەم دوو دەنگە وایکردووە لەهەندێك دەوروبەری دەنگیدا، بەهۆی دیاردەی کپبوونی گیراوە دەنگدارەکانەوە، (د) بۆ (ت) بگۆڕێت، ئەم حاڵەتەی دیاردەیەکی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردییە،[١] بۆ نمونە:

## (٢/٢-١ – ا-٨ ) گۆڕینی دەنگی /د / بۆ /ت/

ا- لەکۆتایی وشەدا.

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| مەخسەت | ئامانج | | مقصد |
| ئشتهات | زانایی | | اجتهاد |
| شایەت* | شایەت | | شاهد |

ب- لەژمارەدا بەدی دەکرێت.

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| نەوەت | نەوەت | نود | |

## (٢/٢-١- ا-٩) گۆڕینی دەنگی ( د ) بۆ( ی )

ئەو وشانە، کە لەزمانی عەرەبی و فارسییەوە خوازراون و (هاوبەشن) بە گۆڕینی دەنگی(د) بۆ دەنگی(ی) هاتونەتە نێو شێوەزاری خانەقین لە ناوەڕاست و کۆتایی وشە، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| ئایەم | ئادەم | آدم | آدم |
| قەیر | نرخ | قدر | |
| کایان | کایان | کاەدان | |
| بایەم | بایەم | بادام | |
| زیایە | زیادە | | زیادە |
| ئەلحەمیللا | ئەلحەمدولیلا | | الحمد لله |

* - شایانی باسە لەم وشەدا دوو گۆڕانکاری ڕوو دەدات.

[١]- ئەوڕەحمانی حاجی مارف ( ١٩٧٦ : ٣٦ ).

** – دیسان لەم وشەدا دوو گۆڕانکاری ڕوو دەدات.

| | | | |
|---|---|---|---|
| سەیەقە | سەدەقە | | صدقە |
| قایر | قادر | | قادر |
| ئاوایی | دێ | ابادی | |
| مرزامرای | میرزامرای | میرزا مراد | |
| یامرای | یارموڕای | یارمراد | |

### (٢/٢–١– ١–١٠) گۆڕینی دەنگی /ط/ بۆ /ت/

| ش.خانەقینی | د.ن | ز. فارسی | ز. عربی |
|---|---|---|---|
| خەڵەت | هەڵە | | غلط |
| تاخوت | ستەمکار | | طاغوت |
| نەفت | نەوت | نفط | نفط |
| خەتەر | خەتەر | | خطر |
| شخاتە | شقارتە | | شخاطة |
| تانە | تانە | | طعن |
| تەبیات | ڕەوشت/سروشت | | طبیعة |
| تەیشت | تەشت | طشت | طشت |
| زەخت | فشار | | ضغط |
| تەڕ | تەڕ | طري | طري |

### (٢/٢–١– ١ – ١١) گۆڕینی دەنگی (ع) بۆ (ئـ)

ئەو وشانە، کە لە فارسی و عەرەبییەوە خوازراون بە گۆڕینی دەنگی(ع) بۆ دەنگی(ئـ) هاتونەتە نێو شێوەزاری خانەقین:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| ئەمود | ستون | | عمود |
| ئەلی | عەلی | | علی |
| ئەزیز | عەزیز | | عزیز |
| ئەف/ ئاف | بەخشی | عَف | عف/عاف |
| ئەفو | لێبوردن | | عفو |
| ئەید | جەژن | | عید |
| ئەرەو | عەرەب | | عرب |

### (٢/٢-١- ا- ١٢) گۆڕینی دەنگی (ع) بۆ (ا)

| ز.عربی | ز.فارسی | د.ن | ش.خانەقینی |
|---|---|---|---|
| تعزیه | | پرسە/تەعزێ | تازیە |
| معنی | معنی | مانا(واتا) | مانا |
| بعقوبه | | باقوبە | باقوبە |

### (٢/٢-١- ا-١٣) گۆڕینی دەنگی (ل) بۆ (ڵ)

ئەو وشانە، کە لەزمانی فارسی و عەرەبییەوە خوازراون یان هاوبەشن بە گۆرینی دەنگی(ل) بۆ دەنگی(ڵ) لەهەندێ وشەدا و خراونەتە ژێر سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانی کوردییەوە و هەر وەکو خۆی وەرگیراوە و هاتۆتە نێو شێوەزاری خانەقینەوە:

| ز.عربی | ز.فارسی | د.ن | ش.خانەقینی |
|---|---|---|---|
| | فال | فاڵ | فاڵ |
| | شال | شاڵ | شاڵ |
| | کال | کاڵ | کاڵ |
| | سال | ساڵ | ساڵ |
| | دل | دڵ | دڵ |
| خال | خال | خاڵ | خاڵ |
| شکل | | شێوە | شکڵ |
| | دال | هەڵۆ | داڵ |
| جبل | | شاخ | جەوەڵ |
| قتل[١] | | کوشتن | قەتڵ |
| | لال | لاڵ | لاڵ |
| جمال | | جوانی | جەماڵ |
| کمال | | کامڵ | کەماڵ |
| عادل | | عادل | ئادڵ |
| سلطة | | دەسەڵات | سوڵتە |

[١] - تارا عەبدوڵڵا سەعید (٢٠١٤ :٢٢ ).

(٢/٢-١- ا-١٤ )گۆڕینی دەنگی (أ ، ئـ) بۆ (ع)

| زمانانی تر | ز.عربی | ز.فارسی | د.ن | ش.خانەقینی |
|---|---|---|---|---|
| | أمان | | ئەمان | عەمان |
| | أیام | | ڕۆژگار | عەیام |
| | قران | | قورئان | قورعان |
| انترنیت | | | ئەنتەرنیت | عەنتەرنیت |
| | | انجیر | هەنجیر | عەنجیر |
| | سؤال | | پرسیار | سوعال |
| | | امبار | عەمبار | عەممار |
| | | انار | هەنار | عەنار |

(٢/٢-١- ا-١٥ ) گۆڕینی دەنگی (ك) بۆ (ق) و (ذ ) بۆ ( ز )

گۆڕینی ئەم دەنگە لە ناوەڕاستی وشەدا بەدی دەکرێت، بۆ نمونە:

| ز.عربی | ز.فارسی | د.ن | ش.خانەقینی |
|---|---|---|---|
| | کاغذ | کاغەز | قاقەز |
| | کاغذي | کاغەزین | قاقەزی |
| بذور | بذر | تۆ | بەزر |

(٢/٢-١-ا-١٦) گۆڕینی دەنگی /چ / بۆ / ئـ /

ئەو وشانە کە لە فارسییەوە خوازراوە لە سەرەتای وشەدا دەگۆڕێ، بۆ نمونە:

| ز.عربی | ز.فارسی | د.ن | ش.خانەقینی |
|---|---|---|---|
| | چرا | بۆ | ئەرا |

(٢/٢-١-ا-١٧ ) گۆڕینی دەنگی (ة) بۆ (ت)

ئەو وشانە، کە لە عەرەبییەوە خوازراون بە گۆڕینی دەنگی(ة) بۆ دەنگی(ت) وشەکە هاتۆتە نێو شێوەزاری خانەقین:

| ز.عربي | ز.فارسی | د.ن | ش.خانەقینی |
|---|---|---|---|
| طاقة | | وزە | تاقە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| جەنەت | بەهەشت | | جنة |
| عەبادەت | عیبادەت(پەرستن) | | عبادة |
| زیارەت | سەردان | | زيارة |
| سەعات | کاتژمێر | | ساعة |
| سەراحەت | ڕاشکاویی | | صراحة |
| شوهرەت | بەناوبانك | | شهرة |
| کەرامەت | کەرامەت | | كرامة |
| شەفاهەت | بەخشین | | شفاعة |
| هوریەت | ئازادی | | حرية |
| هەقیقەت | ڕاستی | | حقيقة |
| عەمەلیات | نەشتەرگەری | | عملية |

## (٢/٢-١- ١-١٨ ) گۆڕینی دەنگی (ئـ) بۆ (ی)

ئەو وشانە، کە لە عەرەبییەوە خوازراون بە گۆڕینی دەنگی(ئـ) بۆ دەنگی(ی) وشەکە هاتونەتە نێو شێوەزاری خانەقین:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| قایمقام | قایمقام | | قائم مقام |
| دایم | بەردەوام | | دائم |
| قایمە | لیست | | قائمة |
| قایم | توند | | قائم |
| تایفە | تایفە | | طائفة |
| غاین | خیانەتکار | | خائن |
| شایعە | باو | | شائعة |

## (٢/٢-١-١- ١٩) گۆڕینی دەنگی (ص) بۆ (س)

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| ئاسی | چەقبەستوو | | عاصي |
| مسەفا | مستەفا | | مصطفى |
| سەور | ئارامگرتن | | صبر |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مسەوەر | وێنەگر | | مصور |
| عەسر | عەسر | | عصر |

## (٢/٢-١-١- ٢٠ ) گۆڕینی دەنگی (ق) بۆ (خ)

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي | ز.تورکی |
|---|---|---|---|---|
| باڵخ | پێگەیشتوو/باڵغ | بالق | | |
| ئوتاخ | ژوور | اتاق | | |
| وەخت | کات/ وەخت | | وقت | |
| تاخم | تاقم | تاقم | | |
| مەخسەت | مەبەست | | مقصد | |
| قەچاخ | قاچاغ | | | قاچاق |
| یاخوب | یاقوب | | یعقوب | |
| بوخچە | بوخچە | | | بقچە |

## (٢/٢-١-١- ٢١) گۆڕینی دەنگی (م) بۆ (و)

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| ناو | ناو | نام | |
| زەوی | زەمین/زەوی | زمین | |
| تەواو | تەواو | تمام | تمام |

## (٢/٢-١-١- ٢٢ ) گۆڕینی دەنگی (ح) بۆ (ھ) و (ھ) بۆ (ح)

ئەم گۆڕینە لە زۆر وشەی خوازراوی قورئانیدا ڕوودەدات، ئەم دوو دەنگە لەگەڵ یەکدا هاوئۆرگان و خشۆك و کپن. ئەو وشانە لە زمانی فارسی و عەرەبییەوە خوازراون بە گۆڕینی دەنگی(ھ)ەوە، کە دەنگێکی کپە بۆ دەنگێکی کپ(ح) و بە پێچەوانەوە، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| مهەرەم | موحەڕەم | | محرم |
| جەحەنم | دۆزەخ | | جهنم |
| گوناح | تاوان | گناه | |

### (٢/٢-١-١- ٢٣) گۆڕینی دەنگی (ع) بۆ (هـ)

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| تەهتیل | پشوو | تعطیل | |

### (٢/٢-١- ١-٢٤ ) گۆڕینی دەنگی (هـ) بۆ (ی)

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| جایەڵ | هەرزە | | جاهل |
| نویەم | نۆهەم | نهم | |

### (٢/٢-١-١- ٢٥ ) گۆڕینی دەنگی (ڤ) بۆ (و)

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| باوە | باوە | پاوەpave | باوە |
| داود | داود | داود davd | داود |
| باوەڕ | باوەڕ | باورbaver | |

### (٢/٢-١-١- ٢٦ ) گۆڕینی دەنگی (ف) بۆ (م)

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| کەمتار* | کەمتیار | کفتار | |

### (٢/٢-١-١- ٢٧ ) گۆڕینی دەنگی (ا) بۆ (هـ)

ئەو وشانە، کە لەزمانی فارسییەوە خوازراون یان هاوبەشن بە گۆڕینی دەنگی(ا)ەوە بۆ (هـ) هاتونەتە نێو شێوەزاری خانەقین:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| هەور | هەور | ابر | |
| هەرزان | هەرزان | ارزان | |
| هەژدەها | ئەژدەها | اژدەها | |

* کونا کەمتار: ناوی گوندێکی خانەقینە.

### (٢/٢-١-١- ٢٨) گۆڕینی دەنگی (ف) بۆ (و)

ئەو وشانە، کە لە فارسییەوە خوازراوە یان هاوبەشە بە گۆڕینی دەنگی(ف) بۆ دەنگی(و) وشەکە هاتۆتە نێو شێوەزاری خانەقین:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| کەوش | پێڵاو | کفش | |

### (٢/٢-١-١- ٢٩ ) گۆڕینی دەنگی (ع) بۆ (م)

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| مەمو | مام | عمو | عم |

### (٢/٢-١-١- ٣٠ ) گۆڕینی دەنگی (ن) بۆ (م)

ئەو وشانە، کە لە فارسی و عەرەبییەوە خوازراون بە گۆڕینی دەنگی(ن) بۆ دەنگی(م) وشەکە هاتونەتە نێو شێوەزاری خانەقین:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| مەمبەر | بەرنوێژ | | منبر |
| بایمجان | باینجان | | باذنجان |
| دەمبوس | دەمبوس | دنبوس | دنبوس |
| زەممور | زەردەواڵە | زنبور | زنبور |
| قومچە | خونچە | غنچە | |

### (٢/٢-١-١- ٣١ ) گۆڕینی دەنگی (ژ) بۆ (ش)

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| جەشن | جەژن | جژن | |

### (٢/٢-١-١- ٣٢ ) گۆڕینی دەنگی ( ج) بۆ ( ژ )

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| ئەژداد | باپیران | | اجداد |
| هەیژدە | هەژدە | هجدە | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| سوژده | سوژده | | سجدة |
| وژدان | ویژدان | | وجدان |

### (٢/٢-١-١- ٣٣ ) گۆڕینی دەنگی ( ب)  بۆ (پ)

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی | زمانانی تر |
|---|---|---|---|---|
| پاتری | باتری | باتری | | باتری(ئینگلیزی)یە |
| پلاستیک | پلاستیک | | | بلاستیک |
| پرتقاڵ | پرتەقاڵ | | برتقال | پرتەقاڵ(بورتوغالی)یە |
| پورتقالی | پرتەقاڵی | | برتقالی | |
| پەتاتە | پەتاتە | | بطاطا | |

### (٢/٢-١-١- ٣٤) گۆڕینی دەنگی (ج) بۆ (ش)

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| ئشتهات | کوڵنەدەر/هەوڵ | اجتهاد | اجتهاد |
| ئشتماع | کۆبوونەوە | اجتماع | اجتماع |

### (٢/٢-١-١- ٣٥ ) گۆڕینی دەنگی (ع) بۆ (ح)

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| تەماح | تەماع | | طماع |

### (٢/٢-١-١- ٣٦ ) گۆڕینی دەنگی (خ) بۆ (ق)

ئەو وشانە، کە لە فارسی و عەرەبییەوە خوازراون بە گۆڕینی دەنگی(خ) بۆ دەنگی(ق) لە کۆتایی وشەکەدا هاتۆتە نێو شێوەزارەکە، بۆ نموونە:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| بەرزەق | بەرزەخ | برزخ | برزخ |
| یەقە | یەخە | یاخە | یاخە |

### (٢/٢-١-١- ٣٧) گۆڕینی دەنگی ( ظ، ض) بۆ ( ز)

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| زاڵم | زاڵم | | ظالم |
| زەریبە | زەریبە | | ضريبة |

### (٢/٢-١-١ -٣٨ ) گۆڕینی دەنگی (غ) بۆ (خ)

ئەو وشانە، کە لە فارسی و عەرەبییەوە خوازراون یان هاوبەشن بە گۆڕینی دەنگی(غ) بۆ دەنگی(خ) لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەکە و هاتۆتە نێو شێوەزاری خانەقین:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| خەم | خەم/غەم | غم | غم |
| خەمین | خەمگین/غەمگین | غمگین | |
| باخ | باخ/باغ | باغ | |
| داخ | داخ/داغ | داغ | |
| باڵخ | باڵق | | بالغ |
| خەڵەت | هەڵە | | غلط |
| خەفڵەت | نەزانین | | غفلة |
| خافڵ | بێ ئاگا | | غافل |
| تاخوت | ستەمکار | | طاغوت |
| بناخە | بناغە/بناخە | | بناغة |
| خوڵام | غوڵام | | غلام |

### (٢/٢-١-١- ٣٩) گۆڕینی دەنگی (خ) بۆ (غ)

ئەو وشانە، کە لە عەرەبییەوە خوازراون بە گۆڕینی دەنگی(خ) بۆ دەنگی(غ) وشەکە و گۆڕینی دەنگی(ئـ) بۆ (ی)ی وشەکە هاتۆتە نێو شێوەزاری خانەقین:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| غاین | ناپاک | خائن | خائن* |
| بەغیل | بەخیل/چاوچنۆک | | بخيل |

### (۲/۲-۱-۱-٤۰ ) گۆڕینی دەنگی (ك) بۆ (خ)

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | زمانانی تر |
|---|---|---|---|
| دختۆر | دکتۆر | دکتور | دکتور(ئینگلیزی)یه |

### (۲/۲-۱-۱- ٤۱ ) گۆڕینی دەنگی (غ) بۆ (ق)

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| قورباقە(قورواقە) | بۆق | غورباقە | |
| قومچە | خونچە | غنچە[1] | |

### (۲/۲-۱-۱- ٤۲ ) گۆڕینی دەنگی (ث) بۆ (ت)

ئەو وشانە، کە لە عەرەبییەوە خوازراون بە گۆڕینی دەنگی(ث) بۆ دەنگی(ت)وشەکەدا هاتونەتە نێو شێوەزاری خانەقین:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| تەلاجە | سەلاجە | | ثلاجة |
| تەمینە | قەدردار/بەنرخ | | ثمينة |

### (۲/۲- ۱-۱- ٤۳)گۆڕینی دەنگی (ر) بۆ (ڕ)

ئەو وشانە، کە لە عەرەبی و فارسییەوە خوازراون بە گۆڕینی دەنگی(ر) بۆ دەنگی(ڕ) وشەکەدا هاتونەتە نێو شێوەزاری خانەقین:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| موبەڕیدە | موبەڕیدە | | مبردة |
| موڕەبا | مرەبا | | مربى |
| ڕیشە | ڕەگ | ریشە | |
| بەڕاد | ساردکەرەوە/بەڕاد | | براد |
| ڕاتب | مووچە | | راتب |

[1] - عبد علي كاظم جلاب (۲۰۰٦ :۱۹۷ ).

* لەم وشەدا دووگۆڕان بەدی دەکرێت.

### (٢/٢-١-ا- ٤٤) گۆڕینی دەنگی (س) بۆ ( ز )

ا-ئەو وشانە، کە لە فارسی و عەرەبییەوە خوازراون بە گۆڕینی دەنگی(س) بۆ دەنگی(ز) وشەکەدا هاتونەتە نێو شێوەزاری خانەقین:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| زڵق | سڵق | | سلق |
| بزمار | بزمار | | مسمار |
| مەگەز | مەگەز | مگس | |

ب- لە وشەی لێکدراودا بەدی دەکرێت، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| دەزگا | دەزگا | دەستگاە | |

### (٢/٢-١-ا- ٤٥ ) گۆڕینی دەنگی ( ك ) بۆ ( ب )

ئەو وشانە، کە لە فارسییەوە خوازراون بە گۆڕینی دەنگی( ك) بۆ دەنگی( ب) وشەکە و بە پەیدابوونی دەنگی نوێ هاتۆتە نێو شێوەزاری خانەقین:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| بویچك | بچووك | کوچك | |

### (٢/٢- ١-ا-٤٦ ) گۆڕینی دەنگی ( ه ) بۆ ( و )

ئەو وشانە، کە لە فارسییەوە خوازراون یان هاوبەشن بە گۆڕینی دەنگی(ه) بۆ دەنگی(و)، لە ژمارەکانیشدا ڕوون و دیارە و هاتۆتە نێو شێوەزاری خانەقین:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| چوار | چوار | چهار | |
| کڵاو | کڵاو | کلاه | |
| چواردە | چواردە | چهاردە | |

### (٢/٢-١-ا- ٤٧ ) گۆڕینی دەنگی ( ن) بۆ ( ی )

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| پوشییە | پێچە | پوشینە | |

### (٢/٢-١-١- ٤٨ ) گۆڕینی دەنگی ( ب) بۆ (س )

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| خاس* | باش | خوب | |

### (٢/٢-١-١- ٤٩ ) گۆڕینی دەنگی ( ف ) بۆ ( ڤ )

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| هەڤدە | حەڤدە | هفده | |

### (٢/٢-١-١- ٥٠) گۆڕینی دەنگی (ط ) بۆ (د )

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| مدبەق* | مەتبەخ/مەوبەق | | مطبخ |

### (٢/٢-١-١-٥١) گۆڕینی دەنگی ( ڵ ) بۆ (ل )

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| وەلا | بەخوا | | والله |
| فتحولا | فەتحوڵڵا | | فتح الله |

### (٢/٢-١-١- ٥٢) گۆڕینی دەنگی ( ذ ) بۆ ( ی )

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| بایمجان | باینجان | | باذنجان |

### (٢/٢-١-١-٥٣) گۆڕینی دەنگی (ن) بۆ (ژ ) ، (ا) بۆ (ی)

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|

* لەم وشەدا دوو گۆڕانکاری تیا بەدی دەکرێت.

** دیسان لەم وشە دوو گۆڕانکاری تیایدا ڕوودەدات.

| | | | |
|---|---|---|---|
| دریژ | درێژ | دراز | |

(٢/٢-١-ا-٥٤) گۆڕینی دەنگی ( گ) بۆ (ج )

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | زمانانی تر |
|---|---|---|---|
| سرنجە | سرنج | | سرنگ(فەرەنسی) |
| زنجار | ژەنگ | زنگار | |

(٢/٢-١-ا-٥٥) گۆڕینی دەنگی ( ر ) بۆ (ڵ)

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| صڵاحیە | | صراحیە | |
| فلّچە | فلّچە | فرچە | فرشة |

(٢/٢-١-ا- ٥٦) گۆڕینی دەنگی ( ذ ) بۆ (د)

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| ئوستاد | مامۆستا | | استاذ |

(٢/٢-١-ا-٥٧) گۆڕینی دەنگی ( ش ) بۆ ( ز )

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| شاباز | شاباش | شاباش | |

(٢/٢-١-ا-٥٨) گۆڕینی دەنگی ( چ ) بۆ (ك )

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| دولّکە | دۆلّکە | دولچە | |

**(٢/٢-١-ا-٥٩) گۆڕینی دەنگی ( ض ) بۆ (ز )**

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| زەخت | فشار | | ضغط |
| قەرز | قەرز | | قرض |

### (۲/۲-۱- ب ) جێگرتنەوەی ڤاوڵ بۆ ڤاوڵ

### (۲/۲-۱-ب- ۱) گۆڕینی دەنگی (ی) بۆ ( ا )

ئەو وشانە، کە لە زمانی عەرەبییەوە خوازراون بە گۆڕینی دەنگی(ی) بۆ دەنگی(ا) وشەکە هاتونەتە نێو شێوەزاری خانەقین:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| مانا | واتا | | معنی |
| دیالا | دیالە | | دیالی |
| کوبرا | کوبرا | | کبری |
| موسا | موسا | | موسی |
| مسەفا | مستەفا | | مصطفی |

### (۲/۲-۱-ب- ۲ ) گۆڕینی دەنگی (و) بۆ دەنگی ( i )

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.تورکی |
|---|---|---|---|
| ت | تۆ | تو | |

(۲/۲-۱-ب- ۳ ) گۆڕینی دەنگی ( ی) بۆ دەنگی ( i )

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| ئاخر | کۆتایی | | اخیر |

(۲/۲-۱-ب- ٤) گۆڕینی دەنگی (وی) بۆ دەنگی (ۆ)

ئەو وشانە، کە لە تورکییەوە خوازراون بە گۆڕینی دەنگی(وی) بۆ دەنگی(ۆ) وشەکان هاتونەتە نێو شێوەزاری خانەقین:س

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.تورکی |
|---|---|---|
| کۆپری | پرد | کوییری |
| ئاڵتوین کۆپری | ئاڵتون کۆپری | التون کوییری |

## (٢/٢-١-ب- ٥) گۆڕینی دەنگی (و) بۆ (وی)

دەنگی (و) دەنگی بزوێنە، چونکە لەکاتی دروستکردنیان هیچ بەشێکی زار بەهیچ بەشێکی تر ناکەوێ وبای لەسییەکانەوە بێ تەگەرە بە زاردا تێدەپەرێ.[١]

لە شێوەزاری خانەقین ئەم دەنگە( و ) دەگۆڕێ بۆ دەنگی ( وی )، چونکە دەنگی (وی) دەنگێکی بزوێنە و بەهەمان شێوە با لە سییەکانەوە بێ تەگەرە دێتە دەرێ، لەبەر ئەوەی لەکاتی دروستکردنیان، هیچ بەشێکی زار بەر بەشێکی تر ناکەوێ، بۆیە بە ئاسانی ئەم دوو دەنگە گۆڕاوە و ئاڵوگۆڕدەکات.

ئەو وشانە، کە لە فارسی و عەرەبی و تورکییەوە خوازراون بە گۆڕینی دەنگی (و)بۆ دەنگی(وی) وشەکەدا هاتونەتە نێو شێوەزاری خانەقین:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی | ز.تورکی |
|---|---|---|---|---|
| کویچە | کۆڵان | کو – کوچە | | |
| حویت | نەهەنگ | | حوت | |
| ئالتوین | زێر/ ئاڵتون | | | التون |
| پویل | پارە | پول | | |
| دویر | دوور | دور | | |
| خوین | خوێن | خون | | |

## (٢/٢-١-ب- ٦) گۆڕینی دەنگی (ا) بۆ (ە)

ئەو وشانە، کە لە عەرەبی و فارسییەوە خوازراون یان هاوبەشن بە گۆڕینی دەنگی (ا) بۆ دەنگی (ە) وشەکەدا هاتونەتە نێو شێوەزاری خانەقین:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| بایەم* | بادەم | بادام | |
| چەقو | چەقۆ | چاقو | |
| تەنکی | تەنکی | | تانکي |

## (٢/٢-١-ب- ٧) گۆڕینی دەنگی (ە) بۆ (i) یان (ە) بۆ( ێ)

ئەو وشانە، کە لە فارسییەوە خوازراون یان هاوبەشن بە گۆڕینی دەنگی (ە) بۆ دەنگی (i) وشەکەدا هاتونەتە نێو شێوەزاری خانەقی:

[١]- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩ :٥٢ ).

* شایانی باسە لەم وشەدا دوو گۆڕانکاری تیایدا بەدی دەکرێت.

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| س | سێ | سه | |
| سێ | سێ | سه | |

## (٢/٢-١-ب- ٨) گۆڕینی دەنگی (ا) بۆ (ی)

ئەو وشانە، کە لە فارسییەوە خوازراون بە گۆڕینی دەنگی (ا)بۆ دەنگی(ی) وشەکەدا هاتونەتە نێو شێوەزاری خانەقی:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| دریژ | درێژ | دراز | |
| ڕی* | ڕێگا | راه | |

## (٢/٢-١-ب- ٩) گۆڕینی دەنگی ( و) بۆ ( وو)

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| دوو* | ماستاو/دۆ | دوغ | |

## (٢/٢-١-ب- ١٠) گۆڕینی دەنگی ( ی) بۆ ( ێ)

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي | زمانانی تر |
|---|---|---|---|---|
| شێخ | شێخ | | شیخ | |
| خێر | خێر | | خیر | |
| مێز | مێز | میز | میز | میز(تورکی)یە |

## (٢/٢-١-ب- ١١) گۆڕینی دەنگی ( و) بۆ ( ۆ)

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| لۆمە | شورەیی | | لومة |

---

* * لەم وشەدا گۆڕین و قرتاندن تیا بەدی دەکرێت.

* ** لەم وشەدا گۆڕین وقرتاندن تیا بەدی دەکرێت.

**(٢/٢-١ -ب- ١٢) گۆڕینی دەنگی ( ی) بۆ ( ە)**

| زمانانی تر | ز.عربي | ز.فارسی | د.ن | ش.خانەقینی |
|---|---|---|---|---|
| پیژامە(ئینگلیزی)یە | | پیژامە | بیجامە | پەجامە |

## ( ٢/٢-١-پ ) جێگرتنەوەی کۆنسنانت بۆ ڤاوڵ:

(٢/٢-١-پ -١ ) گۆڕینی دەنگی (هـ) بۆ (ا)

| ز.عربي | ز.فارسی | د.ن | ش.خانەقینی |
|---|---|---|---|
| | پهلوان | پاڵەوان | پاڵەوان |
| | تهران | تاران | تاران |
| قهوة | | قاوە | قاوە |
| قهوائي | قهوەایی | قاوەیی | قاوایی |
| | قهرمان | قارەمان | قارەمان |
| بهرام | بهرام | بارام | بارام |
| قهر | | خەفەت | قار |
| مهر | | مارەیی | مارە |
| | سیاه | ڕەش | سیە |
| | شهر | ناوچە | شار |

## ( ٢/٢-١-ج ) جێگرتنەوەی ڤاوڵ بۆ کۆنسنانت:

**(٢/٢-١-ج-١) ڤاوڵ بۆ کۆنسنانت ( ا ) بۆ(ع ) ، (ا ) بۆ ( ر)**

| زمانانی تر | ز.عربي | ز.فارسی | د.ن | ش.خانەقینی |
|---|---|---|---|---|
| ادبسز(تورکی)یە | ادبسز | | بێ ئەدەب | عەدەبسز |
| | جزاء | | سزا | جەزر* |

(٢/٢-١ -ج-٢) ڤاوڵ بۆ کۆنسونانت ( ا ) بۆ(ئـ )

| ز.عربي | ز.فارسی | د.ن | ش.خانەقینی |
|---|---|---|---|
| ایمان | | باوەڕ | ئیمان |

* لەم وشەدا گۆڕان و قرتاندن تیا بەدی دەکرێت.

| ئوستاد | مامۆستا/ ئوستاز | استاذ | استاذ |
|---|---|---|---|

**(٢/٢-١-چ-١) گۆڕینی دوو دەنگی کۆنسنانت پێکەوە (م ) بۆ (ب)، (س) بۆ( ز )**

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| بزمار | بزمار | | مسمار |

**(٢/٢-١-چ-٢) گۆڕینی دوو دەنگی کۆنسنانت پێکەوە بۆ دەنگێکی ڤاوڵ وکۆنسنانت**

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| میوان | مێوان | مهمان | |
| پاڵەوان | قارەمان | پهلوان | |

**(٢/٢-١-چ-٣) گۆڕینی دوو دەنگی کۆنسنانت پێکەوە بۆ دەنگێکی کۆنسنانت ودەنگێکی ڤاوڵ:**

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| قورواقە | بۆق | غورباقە | |

**(٢/٢-١-چ-٤) گۆڕینی دوو دەنگ پێکەوە بۆ دەنگێکی کۆنسنانت ودەنگێکی ڤاوڵ:**

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی | ز.تورکی |
|---|---|---|---|---|
| قەچاخ | قاچاخ | | | قاچاق[١] |
| کوبرا | زۆرگەورە | | کبری | |
| خاس | باش | خوب | | |
| ئاڵتوین | زێڕ | | | التون |

## ( ٢/٢-٢ ) تێچوونی دەنگ ( قرتاندن ) Omitting:

تێچوونی دەنگ یاخود قرتاندن واتە گۆ نەکردنی دەنگێك، یان چەند دەنگ لە ئاخاوتندا.[٢] لەناوچوون یان سووانی دەنگ، یاسایەکە لە یاسا فۆنۆلۆجییەکان و لەژێر بارودۆخێکی تایبەتدا سەر هەڵدەدات.[٣]

[١] - عبد علي كاظم جلاب (٢٠٠٦ : ٢٠١ ).

[٢] - نیعمەت عەلی سایە (٢٠٠٤ :٩١ ).

[٣] - علی محمد حق شناس (١٣٨٦ : ١٥٧ ).

ئینجا دەنگ ڤاوڵ بێ یاخود کۆنسنانت لەناودەچێت و هەندێ جاریش بڕگەکە لە ناو دەچێت،[1] چونکە قسەکەر هەر بەبەردەوامی زمانەکەی بەرەوئاسانی دەبات وکەرەسەی دووبارەوەبوو فڕێ دەدات ودەیقرتێنێ،[2] ئەم دیاردەیە لە زماندا ئاساییە، بۆ ئەوەی وزە کەمتر سەرف بکا ومەبەستەکەی بپێکێت.

## ( ٢/٢-٢-١ ) تێچوونی( قرتاندن ) دەنگی کۆنسنانت:

### (٢/٢-٢-١-١) قرتاندنی دەنگی ( د )

شوێنی دروستبوونی ئەم دەنگە کاتێك سەری زمان دەکەوێتە سەر بنی ددانە بڕبڕەکانی سەرەوە و سەرەتای پووك دەکەوێت، بۆ ساتێك هەوا فشارێك دروستدەکات، کتوپڕ زمان لەو شوێنی نووسانە دوور دەکەوێتەوە، دەنگێکی تەقیو/گیراو دروستدەبێت، دەنگە ژێکانیش دەلەرێنەوە، بۆیە دەنگێکی ددانی–پووکی گیراوی دەنگدار دروستدەبێت، ئەویش (د)ە.[3]

وەکو دگان، پاداش، داد، بیداد ......هتد.

ا–ئەو وشانە، کە لە فارسی و عەرەبییەوە خوازراون بە قرتاندنی دەنگی(د)ەوە هاتونەتە نێو شێوەزاری خانەقین، زۆربەی لە کۆتایی وشەدا بەرچاو دەکەوێ، کاتێك ڤاوڵەکانی (ا،ی، و، بزرۆکە) دەکەوێتە پێش دەنگی (د )وە .

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| سفی | سپی | سفید | |
| با | با | باد | |
| مەجی | مەجید | | مجید |
| زیا | زۆر | زیاد | زیادة |
| ئەڵوەن | ئەڵوەن | | الوند |
| بەغدا | بەغا | | بغداد |
| چەن | چەند | چند | |
| هەمی | حەمید | | حمید |
| مەهمو/ مەهمی | مەحمود | | محمود |

[1] - Crystal,D.(١٩٩١:١٦٦)

[2] - بەکر عومەر عەلی (١٩٩٢ :٤٦ ).

[3] - کمال بشر( ٢٠٠٠ : ٢٥٠ ).

ب– لەناوەڕاستی وشەدا کاتێك دەکەوێتە پێش ڤاوڵ یان پاش ڤاوڵی ( ا، ی، بزرۆکە):

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| کام | کام | کدام | |
| کامن | کامە | کدامین | |
| گەنم | | گندم | |

پ– یان کاتێك دەکەوێتە کۆتایی بڕگەی یەکەم وسەرەتای بڕگەی دووەم لە وشەی داڕێژراودا

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| کورسان | کوردستان | | |

ج– هەندێ جار دەنگی ( د) دەقرتێنرێت یان لە ناودەچێت، بەهۆی کارتێکردنی ئەو دەنگەی کە بەدوایدا دێت، بەتایبەتی بکەوێتە پێش فۆنێمی /ت/ یان /ك/وە،[١] لە سازکردنی وشەی لێکدراودا:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی |
|---|---|---|
| زیاتر | زیادتر | زیادتر |
| زیاکردن | زیادکردن | زیادکردن |
| تونکردن | توندکردن | تندکردن |

چ– قرتاندنی دەنگی ( د )، لە وشەی خوازراوی یان هاوبەشی فارسیدا لە ژمارەکانیشدا بەدی دەکرێت:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی |
|---|---|---|
| دوانزە | دوازدە | دوازدە |
| سینزە | سێزدە | سیزدە |
| پانزە | پازدە | پانزە |
| یانزە | شازدە | یازدە |
| هەشتا | هەشتا | هشتاد |
| هەفتا | حەفتا | هفتاد |

[١]- ئومێد بەرزان برزو(٢٠١٥ : ٩٧ ).

### (٢/٢-٢ -١-٢)  قرتاندنی دەنگی ( ح )

ئەو وشانە، کە لە فارسی و عەرەبییەوە خوازراون بە قرتاندنی یان لەناوچوونی دەنگی( ح )ەوە هاتۆتە نێو شێوەزاری خانەقین لە کۆتایی وشەدا بەرچاو دەکەوێ  ئەگەر دەنگی بزوێنی (وو،ە ) بکەوێتە پێش یان پاش وشەکە و هەندێ جاریش لەناوەڕاستی وشەدا دەبینرێ، وەك:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| سوو | سبەی | صبُح | |
| مەمەد | محەمەد | | محمد |

### (٢/٢-٢-١-٣) قرتاندنی دەنگی (ت)

(ت) دەنگێکی کپە، چونکە لە دروستکردنیا پێشەوەی زمان خۆی لە ددانەکانی سەرەوە دەدات.[١]

ا-ئەو وشانە کە لەزمانی فارسیەوە خوازراون یان هاوبەشن بە قرتاندنی یان لەناوچوونی دەنگی(ت)ەوە هاتۆتە نێو شێوەزاری خانەقین، بەتایبەتی لە کۆتایی وشەدا کاتێك بەدوای دەنگەکانی (س) یان (ش)دا دێت،[٢]وەك:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| ڕاس | ڕاست | راست | |
| ماس | ماست | ماست | |
| دەس | دەست | دست | |
| خەس | خەست | خست | |
| پاداش | پاداشت | پاداشت | |
| یاداش | یاداشت | یاداشت | |
| دوس | دۆست | دوست | |
| پووس | پێست | پوست | |

ب-هەندێك جار دەنگی ( ت ) لە ناودەچێت ئەگەر بکەوێتە سەرەتای برگەی دووەم و سێیەمی وشەو ودوای دەنگی (س ) بێت و هەریەکە لە ڤاوڵەکانی( ا ، ە )ی بەدوادا بێت.[٣]بەتایبەتی لە وشەی داڕێژراودا بەدی دەکرێت:

---

[١] - وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩ :٥٢ ).

[٢] - دولبەر ئیبراهیم فەرەج ( ٢٠٠٠: ٦٨ ).

[٣] - سەلام ڕەحیم ڕەشید ( ٢٠١٤ : ٧٢ ).

| ز.عربي | ز.فارسی | د.ن | ش.خانەقینی |
|---|---|---|---|
| | دسته | دەستە | دەسە |
| | کردستان | کوردستان | کورسان |
| | زمستان | زستان | زمسان |
| | دوستان | یاران | دوسان |

پ- دەنگی (ت) لە ناودەچێت ئەگەر بکەوێتە کۆتایی بڕگەی یەکەم، کە لە وشەی لێکدراودا بەدی دەکرێت:

| ز.عربي | ز.فارسی | د.ن | ش.خانەقینی |
|---|---|---|---|
| | دست باز | دەست کراوە | دەسواز |
| | دست پاك | دەست پاك | دەسپاك |
| | دست اب | دەساو | دەساو |
| | دست نماز | دەستنوێژ | دەسنماز |
| | دستگاه | دەزگا | دەزگا |

ج-هەندێ جار دەنگی (ت) لەناوەڕاستی وشەی لێکدراو یان ناوی سادە دەمێنێت، بێ ئەوەی لە ناوبچێت، چونکە لەناوچوونی واتای وشە دەگۆڕێت، بۆیە وەکو خۆی دەمێنێتەوە:

| ز.عربي | ز.فارسی | د.ن | ش.خانەقینی |
|---|---|---|---|
| | بختیار | بەختیار | بەختیار |
| مختار | | | موختار |

## (٢/٢-٢-١-٤) قرتاندنی دەنگی (گ)

ا- ئەو وشانە، کە لەزمانی فارسییەوە خوازراون یان هاوبەشن بە قرتاندنی دەنگی(گ)ەوە، کە هاتونەتە نێو شێوەزاری خانەقین، بەتایبەتی لە وشەی داڕێژراودا کاتێك دەکەوێتە پێش ڤاوڵی (ی ،ا)وە. زمانیش کەرەسەیەك فڕێ نادات، ئەگەر ئەو کەرەسەیە کاربکاتە سەر توانستی زمان و لەتوانستی وشەکە کەمبکاتەوە، هەر بۆیە دیاردەی فڕێدان وقرتاندن ڕۆیشتووە و وەرگیراوە و لەلایەن گوێگر پەسەندکراوە،[١] بۆ نمونە:

[١] - بەکر عومەر عەلی ( ٢٠١٤ :١٨٩ ).

| ز.عربی | ز.فارسی | د.ن | ش.خانەقینی |
|---|---|---|---|
| | غمگین | خەمگین | خەمین |
| | سنگین | سەنگین | سەنین |
| | رنگین | ڕەنگین | ڕەنین |

ب- لە وشەی سادە، بەتایبەتی کاتێك دەکەوێتە دوای دەنگی (ن )، چونکە دەنگی (ن ) دەنگی لوتییە و دەنگی (گ ) یش دەنگی مەلاشوویيە و هەردوکیان گڕن، بۆیە یەکێکیان لە ناودەچێت .

| ز.عربی | ز.فارسی | د.ن | ز.خانەقینی |
|---|---|---|---|
| | رنگ | ڕەنگ | ڕەن |
| | جنگ | شەڕ | جەن |

## (٢/٢-٢-١-٥) قرتاندنی دەنگی ( ع )

ئەو وشانە، کە لەزمانی فارسی و عەرەبییەوە خوازراون بە قرتاندنی دەنگی(ع)ەوە هاتونەتە نێو شێوەزاری خانەقین بەتایبەتی ئەگەر لە دوای دەنگی ( م، ن ) دا بێت، چونکە ئەم دوو دەنگە دەنگێکی لووتیە ودەنگی(ع ) گەروییە، بۆیە دەنگی (ع ) لە ناودەچێت:

| ز.عربی | ز.فارسی | د.ن | ش.خانەقینی |
|---|---|---|---|
| شمع | شمع | مۆم | شەم |
| قانع | قانع | قانیع | قانی |

## (٢/٢-٢-١-٦) قرتاندنی دەنگی (ب)

ئەو وشانە، کە لە فارسییەوە خوازراون بە قرتاندنی دەنگی( ب)ەوە هاتۆتە نێو شێوەزاری خانەقین، کاتێك دەکەوێتە دوا یان پێش ڤاوڵی (و)

| ز.عربی | ز.فارسی | د.ن | ش.خانەقینی |
|---|---|---|---|
| | دنبگ | تەپڵ | دومگ |

## (٢/٢-٢-١-٧) قرتاندنی دەنگی ( خ )

ئەو وشانە، کە لە فارسییەوە خوازراون یان هاوبەشن بە قرتاندنی دەنگی(خ)ەوە هاتونەتە نێو شێوەزاری خانەقین، چونکە دەنگی (خ) و (ش) هەردوکیان دەنگێکی کپ و زارین، بۆیە دەنگی (خ) لەناو

دەچێت و بێ ئەوەی کار لە واتای بکات، دەنگی (خ)یش ئەگەر بکەوێتە دوای ڤاوڵەکانی (ە، ا) لە ناودەچێت، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| بەش | بەش | پخش | |
| زام | برین | زخم | |

## (٢/٢-٢-١-٨) قرتاندنی دەنگی ( غ )

ئەو وشانە، کە لە فارسییەوە خوازراون یان هاوبەشن بە قرتاندنی دەنگی(غ )ەوە هاتونەتە نێو شێوەزاری خانەقین، دەنگی (غ ) لەناو دەچێت، ئەگەر لە دوای ڤاوڵی (و )دا بێت و هەردوکیان دەنگێکی گڕن، بۆیە (غ) لەناو دەچێت، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| دوو* | دۆ | دوغ | |
| دروو* | درۆ | دروغ | |

## (٢/٢-٢-١-٩) قرتاندنی دەنگی ( ء )

دەنگێکی کۆنسنانتی گەروویيە، وەستانێکی تەقێنراوە.[١]

ا-ئەو وشانە، کە لە عەرەبییەوە خوازراون بە قرتاندنی دەنگی(ء) لە کۆتایی وشەکە، بەتایبەتی کاتێك دەکەوێتە دوای ڤاوڵی ( ا) ی وشەکەوە هاتۆتە نێو شێوەزاری خانەقین:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| ئەخەتا | هەڵە | | اخطاء |
| ئنشا | داڕشتن | | انشاء |
| ئملا | ڕێنوس | | املاء |
| جزر[٢] | سزا | | جزاء |
| بەنا | بەنا | بناء | بناء |
| کارەبا | کارەبا | بەرق | کهرباء |

* شایانی باسە لەم وشەدا لەگەڵ قرتاندن گۆڕانی دەنگی تیا بەدی دەکرێت.

** دیسان لەم وشەدا گۆڕانی دەنگی تیا بەدی دەکرێت.

[١] - کمال بشر ( ١٩٩٨ : ٥٧ ).

[٢] - نعمەت عەلی سایە (١٩٨٨ : ٢٠٥ ).

| | | | |
|---|---|---|---|
| هەوا | هەوا | | هواء |
| وەفا | وەفا | | وفاء |
| دوعا | نزا | | دعاء |
| ڕەجا | تکا | | رجاء |

ب–ئەو وشانە، کە لە عەرەبییەوە خوازراون بە قرتاندنی دەنگی( ئـ )وە، لەناوەڕاستی وشەدا هاتونەتە نێو شێوەزاری خانەقین، بەتایبەتی کاتێك دەکەوێتە پێش ڤاوڵی (ی) یان دەنگی کۆنسنانتی عەرەبی:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| دایرە | دائـیرە | | دائـرة |
| دایم | هەمیشە | | دائـم |
| مسایل | ڕاهێنان | | مسائـل |
| مەسەلە | مەسەلە | | مسألة |
| موامەڕە | پیلان | | مؤامرة |
| موەبەد | هەتاهەتایی | | مؤبد |
| ئزرایل | ئیزرائیل | | عزرائیل |
| ومن | باوەڕدار | | مؤمن |
| موەید | موەیەد | | مؤید |

پ– ئەو وشانە، کە لە فارسییەوە خوازراون یان هاوبەشن بە قرتاندنی دەنگی( ئـ )وە، هاتۆتە نێو شێوەزاری خانەقین لە هەندێ وشەی لێکدراودا، کە بەشی دووەمی بە (ئـ ) دەست پێ بکات:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| گوڵاو | گوڵاو | گل اب | |
| دەساو | دەستاو | دست اب | |
| دوشاو | دۆشاو | دوشاب | |
| کەماو | کەم ئاو | کم اب | |
| سەراو | سەڕاب | سر اب | |
| چاڵاو | چاڵاو | چال اب | |

## (٢/٢-٢-١-١٠) قرتاندنی دەنگی ( ھ )

( ھ ) دەنگێکی خشۆکی گەرووی کپە، لەسەرەتاو و ناوەڕاستی وشەدا هەیە.

لە وشە کوردییەکاندا (ھ) لەسەرەتای وشەکانەوە پێگەی بەهێزە، لەو وشە وەرگیراوانەی کە لەسەرەتاوە بە (ھ) دەستیان پێکردووە، دەتوانێت وەك خۆی بمێنێتەوە ومەیلی بۆ تیاچوون و گۆڕان نییە: (هیدایەت، هامان، هارون، هودا....).

(ھ) لەو وشانەی لە ناوەڕاستەوە هەیە، زۆربەی وەك خۆی: (جیهاد، بورهان،ئەهل.....).[1] ماوەتەوە و ئەو وشانە، کە لەزمانی فارسییەوە خوازراون یان هاوبەشن بە قرتاندنی دەنگی (ھ) ەوە:

ا-زۆربەی لە کۆتایی وشەدا هاتۆتە نێو شێوەزاری خانەقین، کاتێك دەکەوێتە دوای ڤاوڵەکانی (ا،و):

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| گیا[2] | گیا | گیاه | |
| کو | کوێ | کوه | |
| سیە-سیا | ڕەش | سیاه | |
| تەبا | تەبا | تباه | |

ب- قرتاندنی دەنگی(ھ) لەسەرەتای وشەدا:

ئەو وشانە، کە لەزمانی عەرەبی و فارسییەوە خوازراون بە قرتاندنی دەنگی(ھ)ەوە لە سەرەتای وشەدا هاتۆتە نێو شێوەزاری خانەقین:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| وا* | با | هوا | هواء |

پ- قرتاندنی دەنگی (ھ) لە ناوەڕاستی وشەدا:

لە ناوەڕاستی وشەی سادە و داڕێژراودا:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| فام | تێگەیشتوو | | فاهم |
| ئەشەدو | ئەشەدو | | أشهد |
| فامیدە | تێگەیشتوو | فاهمیدە | |

[1] بەهمەن تاهیر نەریمان (٢٠١٣ : ١٢٥ ).

[2] نعمت علی سایە (١٩٨٨ :٧٤ ).

* لەم وشەیەدا دوو قرتاندن بەدی دەکرێت.

ج– قرتاندنی دەنگی (ھ) لەناوەڕاستی وشەدا، لە ژمارەکاندا بەدی دەکرێت.

| ز.عربی | ز.فارسی | د.ن | ش.خانەقینی |
|---|---|---|---|
| | چهل | چل | چل |
| | چهل ويك | چل ویەك | چلویەك |

چ– قرتاندنی دەنگی (ھ)لەناوەڕاستی وشەی لێکدراودا.

| ز.عربی | ز.فارسی | د.ن | ش.خانەقینی |
|---|---|---|---|
| | گوناهکار[١] | تاوانبار | گوناکار |

## (٢/٢–٢ –١–١١) قرتاندنی دەنگی (م )

ئەو وشانە، کە لەزمانی عەرەبییەوە خوازراون بە قرتاندنی دەنگی(م)ەوە لە ناوەڕاستی وشەدا، بەتایبەتی لە وشەی لێکدراودا، هەر وەها (ئـ) گۆڕاوە بە (ی):

| ز.عربی | ز.فارسی | د.ن | ش.خانەقینی |
|---|---|---|---|
| قائـم مقام | | قایمقام | قایمقام |

## (٢/٢–٢–١–١٢) قرتاندنی دەنگی ( ط)

ئەو وشانە، کە لەزمانی عەرەبییەوە خوازراون بە قرتاندنی دەنگی( ط )ەوە لە ناوەڕاستی وشەدا، بەتایبەتی لە وشەی لێکدراودا:

| ز.عربي | ز.فارسی | د.ن | ش.خانەقینی |
|---|---|---|---|
| مصطفى | مصطفى | مستەفا | مسەفا |

## (٢/٢–٢–١–١٣) قرتاندنی دەنگی( ە )

| ز.عربی | ز.فارسی | د.ن | ش.خانەقینی |
|---|---|---|---|
| حوريه | | حوری | هوری |

[١] – علیرضاعبدالمحمدی ( ١٣٩٠ : ٩٠ ).

### (٢/٢-٢-١-١٤) قرتاندنی دەنگی( ش)

ئەو وشانە، کە لەزمانی فارسییەوە خوازراون بە قرتاندنی دەنگی (ش)ەوە لە ناوەڕاستی وشەدا، بەتایبەتی لە وشەی لێکدراودا:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| خوشکڵ | سیمای جوان | خوش شکل | |

## (٢/٢-٢-٢ ) قرتاندنی ڤاوڵ:

### (٢/٢-٢-٢-١) قرتاندنی دەنگی ( ا ):

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| مەلك | پەری | | ملاك |

### (٢/٢-٢-٢ -٢) قرتاندنی دەنگی ( ی ):

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| تەڕ | تەڕ | | طري |

## (٢/٢-٢ -٣) قرتاندنی کۆنسنانت و ڤاوڵ پێکەوە:

نەمانی یان قرتاندنی چەند دەنگ پێکەوە کە زیاتر لەناوی داڕێژراو و لێکدراو دروست دەبن بە تایبەت ئەو ناوانەی کە لە دوو بەش پێکهاتوون و کاتی خۆی بەهۆی نزیکی کلتووری خانەقین و وڵاتی ئێران ئەمجۆرە ناوانەی لە ناوەکانی خۆیان ناوە و لەئێستادا زۆر بەکەمی ئەم ناوانە ماون و بەکاردێن و ناوەکان لە دوو یان سێ ناوی تێکەڵی فارسی و عەرەبییەوە پێکهاتوون و بە قرتاندنی دوو یان سێ دەنگ یان زیاتر هاتۆتە نێو شێوەزاری خانەقین و لەگەڵ گۆڕین و پەیدابوونی هەندێ دەنگ، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی | زمانانی تر |
|---|---|---|---|---|
| مامەلی | ئیمام عەلی | امام علی | امام علی | |
| مەمەلی | محەمەد عەلی | | محمدعلی | |
| مەمەین | محەمەد ئەمین | | محمدامین | |
| مرزامرای | میرزا موراد | میرزا مراد | | |
| یامرای | یارموراد | یار مراد | | |
| ئەلمرای | عەلی موراد | علی مراد | | |
| سەی مرای | سەید موراد | سید مراد | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| شرمەمە | شێر محەمەد | شير محمد | | |
| مەمەسەین | محەمەد حوسێن | | محمدحسين | |
| مەمەسەن | محەمەد حەسەن | | محمدحسن | |
| ئەلیرزا | عەلی رەزا | علي رضا | | |
| برا | برا | برادر | | |
| ئاخر[1] | کۆتایی | اخرين | اخير | |
| قزان | مەنجەڵ | | | قازقان (تورکی) |
| هوسەین مەمە* | حسێن محەمەد | | حسين محمد | |

## ( ٢/٢-٣ ) پەیدابوونی دەنگ:

لە ئەنجامی کۆبوونەوەی هەندێ دەنگ، کە ناتوانرێت لەگەڵ یەکتردا گۆ بکرێن یان دەربڕینیان گران بێت لە سەر زمان، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گران دەربڕینە ئەو دەنگە نوێیە دێتە نێوانیانەوە،[٢] واتە دەنگێك پەیدا دەبێت، لە کاتێك کەوتنە پاڵ یەکتریی دەنگەکانی زمان، بۆ ئەوەی دانەیەکی دیکە دروست بکەن،[٣] دەنگە نوێیەکەش ڤاوڵ یان کۆنسنانت دەبێت.[٤] هەروەها پەیدابونی دەنگ دوو جۆرە:

## ( ٢/٢-٣-١ ) پەیدابوونی دەنگی کۆنسنانت:

### (٢/٢-٣-١-١) پەیدابوونی دەنگی (ن)

لە ژمارەکاندا بەدی دەکرێت، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسي |
|---|---|---|
| دوانزە | دوازدە | دوازده |
| سیانزە | سێزدە | سيزده |

### (٢/٢-٣-١-٢) پەیدابوونی دەنگی ( گ)

ئەم دەنگە لە نەناسراوی، بەدی دەکرێت:

[١]- نعمت علی سایە (١٩٨٨ : ١٣ ).

*هسێن مەمە: ناوی گوندێکی خواری خانەقینە، کە یەکێکە لە گوندەکانی سورەمێری.

[٢] – علی محمد حق شناس(٢٠٠٥: ١٥٩).

[٣]- نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو(٢٠١٤: ٩١ ).

[٤]- Jack C.Richards and Richard Schmidt(٢٠١٠:١٩٩).

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی |
| --- | --- | --- |
| ژنیگ | ژنێك | زنی |

(٢/٢-٣-١-٣) پەیدابوونی دەنگی ( ئـ )

لەسەرەتای وشەکاندا بەدی دەکرێت

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی |
| --- | --- | --- |
| ئارد | ئارد | ارد |
| ئاو | ئاو | اب |

(٢/٢-٣-١-٤) پەیدابوونی دەنگی (ی)

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
| --- | --- | --- | --- |
| تەیارە* | فرۆکە | | طائـرة |

(٢/٢-٣-١-٥) پەیدابوونی دەنگی (هـ )

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
| --- | --- | --- | --- |
| هاورد | هێنا | اورد | |

(٢/٢-٣-١-٦) پەیدابوونی دەنگی (ع )

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
| --- | --- | --- | --- |
| عاسمان | ئاسمان | اسمان | |

## (٢/٢-٣-٢ ) پەیدابوونی ڤاوڵ:

(٢/٢-٣-٢-١) پەیدابوونی ڤاوڵی (ە)

ا- ڤاوڵی (ە) بەدی دەکرێت لە ناوەڕاست و کۆتایی هەندێ وشەدا :

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
| --- | --- | --- | --- |
| هەتا(حەتا) | تاکو | | حتی |
| دەس | دەست | دست | |

* لەم وشەدا سێ گۆڕانکاری تێدا بەدی دەکرێت.

| | | | |
|---|---|---|---|
| تانه | تەعن | | طعن |
| ماره | | | مهر |
| زەخم | زام | زخم | |
| کەفگیر | کەوگیر | کفگیر | |
| شەڕ | شەڕ | | شر |

ب–پەیدابوونی ڤاوڵی(ە) لە ژمارەکاندا، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی |
|---|---|---|
| یەك | یەك | یك |
| پەنج | پێنج | پنج |
| شەش | شەش | شش |
| هەفت | حەوت | هفت |

پ–پەیدابوونی ڤاوڵی(ە) لە (ناوی تایبەتی)، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| شەرمین | شەرمین | شرمین | |
| مەحبوبە | ڕووخۆش | محبوبە | محبوبة |
| نەدا | نەدە | | ندی |

## (٢/٢–٣–٢–٢) پەیدابوونی ڤاوڵی (ی):

ا– لەناوەڕاستی وشەدا، بۆنمونە:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| ئیجازە | مۆڵەت | | اجازة |
| ویژدان | ویژدان | | وجدان |
| عیبادەت | پەرەستن | | عبادة |

ب– لە سازکردنی وشەی داڕێژراودا

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| موریچە | مێرووله | مورچە | |

پ- لە  وشەی لێکدراودا بەدی دەکرێت، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| ئاوکیش | ئاوکێش | ابکش | |

ت- لە ژمارەکاندا بەدی دەکرێت، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| هەیژدە | هەژدە | هجده | |
| هەیشت | هەشت | هشت | |
| هەیشتا | هەشتا | هشتاد | |

(٢/٢-٣-٢-٣) پەیدابوونی ڤاولی ( و ) لە ناوەڕاستی وشەدا بەدی دەکرێت، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي | زمانانی تر |
|---|---|---|---|---|
| قوربان | قوربان | قربان | | |
| شوهرەت | ناوبانگ | | شهرة | |
| کوبرا | گەورە | | کبری | |
| ئوتاخ | ژوور | اتاق | | |
| توخم | توخم | تقم | | |
| گوناح/گونا | گوناح/تاوان | گناه | | |
| دوڵمە | یاپراخ/ دۆڵمە | دلمه | دولمة | یاپراخ(تورکی)یە |
| رووبع | ڕوبع/ چارەك | | ربع | |
| کولیە | کۆلێچ | | کلیة | |
| سوڵتە | دەسەڵات | | سلطة | |
| نویم | نۆیم | نهم | | |
| موسیبە* | مەرگەسات | | مصیبة | |
| کوشت | کوشت | کشت | | |
| دوشەك | دۆشەك | دشك | | |
| دوگمە | دوگمە | دگمه | | |
| ئوستاد | مامۆستا | | استاذ | |

### (٢/٢-٣-٢-٤) پەیدابوونی ڤاولی ( ا ):

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي | زمانانی تر |
|---|---|---|---|---|
| عاشق | عەشق | | عشق | |
| خواردن | خواردن | خوردن | | |
| پاڵتاو | باڵتۆ | | بالتو | پاڵتو[١] |

### (٢/٢-٣-٢-٥) پەیدابوونی ڤاوڵی (i )، بزرۆکە

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| جنازە | | | جنازة |
| خنە | خەنە | | حنة |

## ( ٢/٢-٤ ) لێکچوونی یان گونجانی دەنگ" Assimilation" :

بریتییە لە گۆڕین و گونجانی دەنگ بە هۆی دراوسێتییەوە لە گەڵ دەنگێکی تر،[٢]واتە کاریگەریی دەنگێك لەسەر دەنگێکی تر، بەجۆرێك کە لێکچوون و گونجان لە تێوانیاندا زیاد بێت و جیاوازییان کەم بێتەوە، لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی دەنگە دراوسێکان ئارەزووی لێکچوون و گونجانیان هەیە.[٣]کەواتە مەبەست لە گونجان ئاسانکردنی درکاندنە، ئەم دیاردەیەش هۆی ڕوودانی دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئەندامانی ئاخاوتن و ڕێکخستن و گونجاوی لەرینەوەی ماسوولکەکان لەکاتی گۆکردنی دەنگەکاندا، ئەمەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی گونجان لەناو دەنگە دراوسێکاندا، کە بەچەند یاسایێکی فۆنۆلۆژی دەخرێنە ڕوو و لێك دەدرێنەوە .[٤]

## (٢/٢-٤-١ ) لێکچوونی یان گونجانی تەواو "Complete assimilation":

لەم جۆرە لێکچوونە یان گونجانەدا دەنگێك دەگۆڕێت بۆ ئەوەی بەتەواوی لە دەنگێکی تر بچێت، واتە دەنگی کارتێکراو دەگۆڕێت بە دەنگی کارتێکردوو.[٥]

---

[١]- عبد علي کاظم جلاب (٢٠٠٦ : ٢٠٠ ).

*ئەم وشەیە لە گۆکردندا بە دەنگی (ص) گۆ دەکرێت، چونکە کاریگەریی زمانە دراوسێکان کەوتۆتە سەری و ئەلەفۆنی دەنگی (س )ە.

[٢] – احمد مختار عمر(١٩٩٧ :٣٧٨ ).

[٣] – محمد علي الخولي (١٩٩٠ :٢١٩ ).

[٤] – طالب حسين علي ( ١٩٨٩ : ٤٩ ).

[٥] – تالیب حوسێن عەلی (٢٠١٤ :٢٦٢ ).

لێکچوونی تەواویش لە ڕووی ئاڕاستەکردنەوە بە سەر دوو جۆردا دابەشکراوە:[1]

١–لێکچوونی ڕاستەوخۆ (progressive).

٢–لێکچوونی پێچەوانە (Regressive).

## (٢/٢–٤–١–١) لێکچوونی ڕاستەوخۆ:

ئەو گۆڕانەی کە بەرەو پێشەوە –Progressive– ڕوودەدات.[2]واتە کارتێکردنی دەنگی پێشەوە لەسەر دەنگی دواوە.[3] بۆ نموونە:

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| زەممور | زەردەواڵە | | زمبور |
| مەمبەر | میمبەر | | منبر |
| مەولوو | مەولوو | | مولود |
| مەحموو | مەحموو | | محمود |

وەك لەنموونەکاندا دەردەکەوێت سازگەی دەنگی کارتێکراو و کارتێکردوو جیاوازن، دەنگی (م) شوێنی دروستبوونی لێوییە و حاڵەتی لووتییە، لەگەڵ دەنگی (ب) کە لێوییە و حاڵەتی تەقیووە، کە جیاوازن، بەڵام هەردووکیان گڕن، بۆیە گۆڕانەکە بە جۆرێك ڕووی داوە کە دەنگە کارتێکراوەکە لە گەڵیدا بگۆڕێت، بە هەمان شێوە دەنگی (ن) شوێنی دروستبوونی ددانییە و حاڵەتی دروستبوونی لووتییە وهەردووکیان گڕن، بۆیە گۆڕانەکە بەجۆرێك لە گەڵیدا گونجاوە و ڕووی داوە، دەنگی (د)یش شوێنی دروستبوونی ددانییە و حاڵەتی تەقیوە لەگەڵ دەنگی (و) کە شوێنی دروستبوونەکەی لێوییە و حاڵەتی خلێسکاوە، کە واتە لە ڕووی سازگەوە جیاوازن، بەڵام هەردووکیان گڕن، بۆیە گونجانی تەواو لەنێوانیاندا دروست دەبێت و سازگەی دەنگەکەیش دەگۆڕێت.

## (٢/٢–٤–١–٢ ) لێکچوونی پێچەوانە:

ئەو گۆڕانەی کە بەرەو دواوە – Regressive– ڕوو دەدات،[4] واتە کارتێکردنی دەنگی دواوە بۆ سەر دەنگی پێشەوە. بۆ نموونە:

| ش.خانەقینی | د.نس | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| بەتتر | | بدتر | |
| ساووین | | | صابون |

[1]– ئومێد بەرزان برزو (٢٠١٥: ٩٢ ).

[2] –تاڵیب حوسێن عەلی (٢٠١٤ :٢٦٣).

[3] – أحمد مختار عمر (١٩٩٧ : ٣٧٩ ).

[4] - تاڵیب حوسێن عەلی (٢٠١٤ :٢٦٢ ).

لەم نمونانە بۆمان دەردەکەوێت، کە دەنگی کارتێکراو وکارتێکردوو یەك سازگەیان هەیە، کە دەنگی (ت) و(د) شوێنی دروستبوونیان ددانیین و حاڵەتیان تەقیوە، بەڵام لە ڕووی سیمای گڕ و کپیدا جیاوازن، کە دەنگی (ت) کپە، لەگەڵ دەنگی ( د) گڕە، بۆیە سازگەی دەنگەکە نەگۆڕاوە و گۆڕان بەسەر یەکێك لەسیماکانی گڕی و کپیدا هاتووە.

## (٢/٢-٤-ب) لێکچوونی یان گونجانی ناتەواو"Partial assimilation":

لەم گونجانە بەشێك یاخود سیفەتێك لە دەنگەکە دەگۆڕێت، بۆ ئەوەی جۆرە گونجانێك پەیدا بکات لەگەڵ دەنگێکی تردا،[١] واتە گۆڕان بەسەر سیفەتی دەنگەکاندا دێت، ئەویش لەڕووی سیفەتی گڕی یان کپی یان قەڵەوی یان سازگەوە یان لێوخڕبوونەوە، کە لەخوارەوە باسیان دەکەین:

### (٢/٢-٤-ب-١) لێکچوون لە ڕووی گڕییەوە:

بریتییە لە گۆڕینی دەنگێکی کپ بۆ دەنگێکی گڕ.[٢] بۆ نمونە:

(٢/٢-٤-ب-١-١) (س) بۆ( ز)

| ز.عربی | ز.فارسی | د.ن | ش.خانەقینی |
|---|---|---|---|
| | دست گاه | دەزگا | دەزگا |
| سلق | | سڵق | زڵق |
| تسبیح | | تەزبیح | تەزبیح |
| مسمار | | بزمار | بزمار |

(٢/٢-٤-ب-١-٢) (ه ) بۆ ( ی )

| ز.عربی | ز.فارسی | د.ن | ش.خانەقینی |
|---|---|---|---|
| جاهل | | هەرزە | جایەڵ |
| | نهم | نۆیم | نویم |

(٢/٢-٤-ب-١-٣) ( ف ) بۆ (ڤ )

| ز.عربي | ز.فارسی | د.ن | ش.خانەقینی |
|---|---|---|---|
| | حفدە | حەڤدە | هەڤدە |

[١]- طالب حسین علي (١٩٨٩ : ٥٠ ).

[٢]- محمد علي الخولي ( ١٩٩٠ : ٢٢٠ ).

(٢/٢-٤-ب-١-٤) (ش) بۆ (ژ)

| ز.عربي | ز.فارسى | د.ن | ش.خانەقینى |
| --- | --- | --- | --- |
| | دشمن | دوژمن | دژمن |
| مشغول | | سەرقاڵ | مەژغوڵ |

(٢/٢-٤-ب-١-٥) (ك) بۆ (ب)

| ز.عربي | ز.فارسى | د.ن | ش.خانەقینى |
| --- | --- | --- | --- |
| | كوچك | بچووك | بویچك |

(٢/٢-٤-ب-١-٦) ( ه ) بۆ ( و )

| ز.عربى | ز.فارسى | د.ن | ش.خانەقینى |
| --- | --- | --- | --- |
| | چهار | چوار | چوار |
| | كلاه | كڵاو | كڵاو |

(٢/٢-٤-ب-١-٧) ( چ) بۆ ( ژ )

| ز.عربى | ز.فارسى | د.ن | ش.خانەقینى |
| --- | --- | --- | --- |
| | خرچنگ | قرژاڵ | قرژنگ |

(٢/٢-٤-ب-١-٨) ( ف) بۆ ( م )

| ز.عربي | ز.فارسى | د.ن | ش.خانەقینى |
| --- | --- | --- | --- |
| | كفتار | كەمتیار | كەمتار |

(٢/٢-٤-ب-١-٩) ( ف) بۆ ( و )

| ز.عربي | ز.فارسى | د.ن | ش.خانەقینى |
| --- | --- | --- | --- |
| | كفش | پێڵاو | كەوش |

(٢/٢-٤-ب-١-١٠) ( خ ) بۆ ( غ )

| ز.عربي | ز.فارسى | د.ن | ش.خانەقینى |
| --- | --- | --- | --- |
| خائـن | خائـن | ناپاك | غاین |

(٢/٢-٤-ب-١-١١) ( ش ) بۆ ( ز )

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| شاباز | شاباش | شاباش | |

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو نمونانەی سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە لە پاش یان لە پێشی دەنگێکی کپەوە، دەنگێکی گڕ هاتووە، ئەو دەنگە گڕە کاریکردۆتە سەر دەنگە کپەکەی پێش یان دوای و وەکو خۆی گڕی کردووە، واتە لە زمانی کوردیدا، لەدوای دەنگێکی کپەوە ئەگەر دەنگێکی گڕ هات، ئەوە دەنگە گڕەکە کار دەکاتە سەر دەنگە کپەکەی بەردەمی وەکو خۆی دەیکاتە دەنگێکی گڕ.[١]

## (٢/٢-٤-ب-٢) لێکچوون لە ڕووی کپییەوە:

واتە گۆڕینی دەنگێکی گڕ بۆ دەنگێکی کپ.[٢]بۆ نمونە

بڕوانە نمونەکانی لێکچوونی دەنگەکانی(٢/٢- ١-١-٣( ج )بۆ( چ )، (٢/٢- ١-١-٧ (ب) بۆ (ف)، ( ٢/٢-١ -١-٨ (د) بۆ (ت)، (٢/٢- ١-١-٢٣(ع) بۆ (ھ) ، (٢/٢- ١-١-٣١(ژ) بۆ( ش)، (٢/٢- ١-١-٣٣(ب) بۆ (پ)، (٢/٢- ١-١-٣٤ (ج) بۆ (ش)، (٢/٢- ١-١-٣٥(ع) بۆ ( ح)، (٢/٢- ١- ١-٣٨ (غ) بۆ (خ)، (٢/٢-١-١-٤١ ( غ) بۆ (ق)، (٢/٢- ١-١-٤٨ ( ب ) بۆ ( س ) لەم نامەیە.

ئەگەر سەرنجێك بدەینە ئەم نمونانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە لە پێش یان پاش هەموو دەنگێکی گڕ، دەنگێکی کپ هەیە وەکو دەنگی (ت) کە کپە دەکەوێتە دوای دەنگێکی گڕ و دەیکاتە کپ، ئەمەش لە زمانی کوردیدا ئەگەر لەدوای دەنگێکی گڕدا دەنگی کپدا بێت، ئەوە دەنگە کپەکە کار دەکاتە سەر دەنگە گڕەکەی بەردەمی و وەکو خۆی دەیکاتە دەنگێکی کپ واتە دەیهێنێتە ڕیزی ئەو پۆلە دەنگانەی کە خۆی یەکێکە لێیان و بەتایبەتی ئەگەر لەپاش دەنگی (ز) و (ژ)ەوە دەنگی (ت) هەبێت.[٣] هەندێ جاریش دەنگەکانی (ا،ە)یش دەکەونە پاش یان پێش ئەو دەنگانە کە گۆڕاون بۆ کپ، بۆنمونە، لە وشەی ( جەژن) یان (باغ)دا، دەنگەکانی(ە،ا) دەکەوێتە پێش دەنگە گڕەکە و دەیگۆڕێت بۆ دەنگێکی کپ.

---

[١] - ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦ :٥٧ ).

[٢] - محمد علي الخولي ( ١٩٨٧ :٢٢٠ ).

[٣] - ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦ :٥٧ ).

**(٢/٢–٤–ب– ٣) لێکچوون لە ڕووی قەڵەوییەوە:**

بریتییە لە گۆڕانی دەنگی سووك بە قەڵەو بە مەبەستی گونجاندنی لە گەڵ دەنگێکی تردا لە سیفەتی قەڵەویدا،[1] واتە ئەو دەنگانەی سیفەتی قەڵەوییان لەگەڵدا نییە، درکاندنیان دەگۆڕێت و سیمای قەڵەوی وەردەگرن، ئەمەش لە ئاکامی کارتێکردنی دەنگەکانی دەوروبەرە.[2] بۆ نمونە:

(٢/٢–٤–ب–٣–١) گۆڕینی دەنگی (ر) بۆ (ڕ)

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربی |
|---|---|---|---|
| موبەڕیدە | موبەڕیدە | | مبردە |
| موڕەبا | مرەبا | | مربی |
| ڕیشە | ڕەگ/ڕیشە | ریشە | |
| بەڕاد | بەڕاد/ساردکەرەوە | | براد |
| ڕاتب | مووچە | | راتب |
| شەڕ | شەڕ | | شر |

(٢/٢–٤–ب–٣–٢) بڕوانە دەنگی (ل) بۆ (ڵ) لە نموونەکانی (٢/٢–١–ا–١٣ ) ، لە شێوەزاری خانەقین تەنها دوو دەنگ، دەنگی (ل) بۆ(ڵ) و(ر)بۆ( ڕ )، بە قەڵەوی دەریدەبڕن، کە لەزمانی عەرەبی و زمانی فارسییەوە هاتونەتە ناو شێوەزارەکەوە ئەویش زیاتر بەهۆی دراوسێیەتی وتێکەڵاوی خەڵك .

(هەروەها لە شێوەزاری خانەقیندا، کە لە ژێرکاریگەریی زمانی فارسیدا، ناوی یەزدان ( الله )، لە زمانی عەرەبی و زارەکانی تری زمانی کوردی بەقەڵەوی دەردەبڕێت، بەڵام لەم شێوەزارەدا و بەتایبەتی لە هەندێ ناوی لێکدراوی وەرگیراو لە زمانی عەرەبییەوە بە سووکی دەردەبڕێت.

بۆ نموونە:

سیف الله .....سەیفەلا.

عبدالله .....عەبولا.

شمس الله ......شەمسولا.

فتح الله ......فەتحولا).[3]

---

[1] - طالب حسين علي(١٩٨٩: ٥٣ ).

[2] - شنۆ قادر محمد (٢٠٠٨ : ٢٤ ).

[3] – سەلام ڕەحیم ڕەشید(٢٠١٤ : ٨٣ ).

### (٢/٢-٤-ب-٤) لێکچوون له ڕووی لێو خڕبوونەوه:

بریتییه لەو دەنگەی کە شێوەی خڕبوونەوەی تیا نییە, بەڵام لە کاتی گۆکردنی لـە گـەڵ ئـەو دەنگانـە شـێوەی خڕبوونـەوەیان هەیـە، دەنگەکـە شـێوەی خڕبوونـەوە وەردەگرێـت ووەکـو ئـەو دەنگانـەی لـێ دێت،[1] هەردوو لێو لەگەڵ درکاندنی هەندێ دەنگدا چەند بارێکی تایبەتی وەردەگرن، کە کار دەکەنە سـەر جۆر وتایبەتمەندیی دەنگەکان، ئەمەش بەزۆری لە دەنگە ڤاوڵەکاندا دەردەکەوێت.

لە شێوەزاری خانەقیندا دەنگەکانی (و، وو، وی، وێ، ۆ)، کە سیمای لێو خڕبوونـەوەیان هەیـە، کاتێـك دەکەونە تەنیشت دەنگە کۆنسنانتەکانەوە، کە سیمای لێـو خڕبوونـەوەیان لەگەڵـدا نییـە، ئـەوە لـەکاتی درکاندنیان کار دەکەنە سەر دەنگە کۆنسنانتەکان و شێوەی درکاندنیان دەگۆڕێت وسیمای خڕبوونەوەیان پێدەبەخشێت و بەتایبەتی کاتێك دەکەونە دوای دەنگە کۆنسنانتەکانەوە. هەرچـەندە نمونـە زۆرە بـەڵام چەند نمونەیەکمان بۆ ڕوونکردنەوەی لێکچوونەکە خستۆتە ڕوو، بڕوانە نمونەکانی لای خوارەوە:

(٢/٢-٤-ب-٤-١) دەنگی (ۆ)

| ش.خانەقینی | د.ن |
|---|---|
| کۆپری | پرد |

(٢/٢-٤-ب-٤-٢-) دەنگی (وی)

| ش.خانەقینی | د.ن |
|---|---|
| کویچە | کۆڵان |
| حویت | حوت/نەهەنگ |
| ئالتوین | زێڕ/ئاڵتون |
| پویل | پارە |
| دویر | دور |
| سویر | شایی |

(٢/٢-٤-ب-٤-٣) دەنگی (وو)

| ش.خانەقینی | د.ن |
|---|---|
| دوو | دۆ |

[1] - محمد علي الخولي (١٩٩٠ : ٢٢١ ).

(٢/٢-٤-ب-٤-٤) دەنگی ( وێ)

| ش.خانەقینی | د.ن |
| --- | --- |
| دوێکە | دوێنێ |
| دوێت | کچ |

(٢/٢-٤-ب-٤-٥) دەنگی (و)

| ش.خانەقینی | د.ن |
| --- | --- |
| گولْ | گولْ |

لە وشەکانی ( کۆپری، حویت، ئاڵتوین، پویل، دویر، دوو....هتد)، لە کاتی درکاندنی دەنگەکانی( ك، ح، ت، پ، د، س، د، گ،...هتد ). هەردوولێو خڕ دەبنەوە و دەنگەکانیش شێوەی خڕبوونە دەگرێتە خۆی.

## (٢/٢-٥ ) جێگۆرکێی دەنگ Metathesis:

بریتییە لە گۆڕینی شوێنی فۆنیمێك بە فۆنیمێکی دیکە، واتە جێگۆڕکێکردنی شوێنی فۆنیمەکان.[١] لەم بارەیەوە (د.نەسرین فەخری ) دەڵێ:((بەهەموو حاڵەتێك دەگوترێت کە دەنگێك یان زیاتر لە شوێنی خۆیەوە دەچێتە شوێنێکی دیکە لە وشەدا)).[٢]هەروەها مەبەست لەم یاسایە ئەوەیە کە دەنگێك یان زیاتر لە پێکهاتەی وشەیەکدا شوێنی خۆیان دەگۆڕن، کە دەنگی بڕگەی یەکەم شوێنی خۆی لەگەڵ دەنگی بڕگەی دووەم دەگۆڕێت یاخود بە پێچەوانەوە دەنگی بڕگەی دووەم شوێنی خۆی لەگەڵ بڕگەی یەکەم دەگۆڕێت.[٣]واتە گۆڕینی دەنگێك پەیوەستە بە کاریگەریی دەوروبەری ژینگەی ئەو زمانە لە ناو وشەیەك .[٤]

| ش.خانەقینی | د.ن | ز.فارسی | ز.عربي | زمانانی تر |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| قوڵف | قوفلْ | | قفل | |
| تشقیر | زەردکەرەوە | | تقشیر | |
| حوکمەت | حوکمەت | | حکومة | |

[١] - دەروون عبدالرحمن سالح(٢٠١٢ :٧٨ ).

[٢] – نەسرین فەخری (١٩٨٥ :٢٦٣).

[٣] – نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو(٢٠١٤ :١٠٣ ).

[٤] - محمد علي الخولي (١٩٩٨ :٩ ).

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | جنس | | ڕەگەز | جسن |
| | | برف | بەفر | وەفر |
| | | ناخن | نینۆك | نیخان |
| | لعنة | | لەعنەت | نەعلەت |
| | یوسف | | یوسف | ویسف |
| | یونس | | یونس | وینس |
| یونان | | | یۆنان | وینان |
| ملیون(فەڕەنسی)یە | ملیون | | ملیۆن | ملوین |
| | | سبیل | سمێڵ | سیوڵ |
| | سجود | | | سوژدە |
| | مبارك | | پیرۆز | بمارك |
| | جوارب | | | جوراب |
| | | کلوچە | | کولیچە |
| بایسکل(ئینگلیزی)یە | | | | پاسکیل |

## بەشــی سێیەم:
## تەوەری یەکەم :

### کاریگەریی زمانی فارسی و عەرەبی لەسەر شێوەزاری خانەقین لە ڕووی مۆرفۆلۆجی:

### پێشەکی:

کاریگەریی زمانەکان لەسەر یەکتر بابەتێکی فراوانە و بەراوردکردنی سەرجەم لایەنەکانی، کات و ساتێکی زۆر و ماندوبوونێکی زیادی دەوێت، بۆیە لەم تەوەرەی نامەکەدا باسی کاریگەریی زمانی فارسی و عەرەبی لە سەر زمانی کوردی (شێوەزاری خانەقین) دەکەم، لە ڕووی بەکارهێنانی پێشگر و پاشگرەکانیانەوە، بۆ مەبەستی نیشاندانی کاریگەرییەکان.

### (٣/١–١) وشە و پێناسەکردنی:

وشە بەدانەیەکی سەرەکی شیکردنەوەی وشەسازی دادەنرێت و لە چوارچێوەی گریَ و ڕستە باس لە گۆڕانکاریی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژییەکان دەکرێت، کە بەسەر وشەدا دێت، وشەسازیش لقێکی زمانەوانی تیۆرییە و تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە فۆرمی وشە و پێکهاتەکانی.

### (٣/١–٢) وشە سازی (مۆرفۆلۆجی ):

وشەسازیش لقێکی ڕێزمانە لەگەڵ پەیدابوونی قوتابخانەی ڕۆنانکاری سەریهەڵدا و بەشێك لە توانستە زمانییەکانمان پێکدێنێت لە پاڵ زانستەکانی تر و زانستێکە لە پێکهاتەی ناوەوەی وشە و پۆلێنکردنی مۆڕفێمەکان و دەستنیشانکردنی پێکهاتە و ئەرکی دەکۆڵێتەوە.[١]هەروەها وشەی مۆرفۆلۆجی چەند واتایەك دەگرێتە خۆی، لە زمانەوانی کۆندا، لێکۆڵینەوەیە لە شێوەی وشەکان لە ڕووی شیکردنەوە و داڕشتنەوە، بەڵام لە زمانەوانی ئێستادا لێکۆڵینەوەیە لە وەسفکردنی بونیاتی ناوەوەی وشەکان و لێکۆڵینەوەی ئەو یاسایانە کە زاڵن بەسەریاندا.[٢]یاخود ئەو زانستەیە، کە لە مۆرفیمی وشە دەکۆڵێتەوە، لەڕووی قەوارەو و جۆرو مانایەوە.[٣] کە لەزنجیرەی ڕێکخستنی یەکەی ڕێزمانی زمان لە ڕۆنانی وشەدا بەکارهاتووە،[٤]بۆیە پێوەندیی وشە سازی بە فۆنۆلۆجییەوە زۆر بەتینە، چونکە مۆرفێم بەهۆی فۆنێمێك، یان زیاتر لە فۆنێمێکەوە دەنوێنرێت.

---

[١] - عەبدولواحید موشیر دزەیی(٢٠١٢: ١٧ ).

[٢] - جرجس میشال جرجس (بدون سنة :١٨١ ).

[٣] – محەمەد ئەمین هەورامانی(١٩٧٣ :١٠٩ ).

[٤] – یووسف شەریف سەعید (٢٠١٣: ٨ ).

## (٣-١/٣) ئەركی وشەسازی Morphology

وشەسازی چەند ئەركێكی هەیە:[١]

١. دەستنیشانكردنی كەرەستە خاوەكان، واتە پێكهاتەكانی وشەسازی.

٢. چۆنیەتی ڕیزبونی مۆرفێمەكان لە سنووری وشە و ڕستە و گرێدا.

٣. دەستنیشانكردنی مۆرفەكان، واتە بەستنەوەی فۆنۆلۆجی بە وشەسازی.

## (٤-١/٣) وشە ڕۆنان (بناء الكلمة –Word – formation)

**ڕۆنانی وشە:**

وشە ڕۆنان لە لێكۆڵینەوەی زماندا زۆر گرنگە و دەبێتە هۆی ناسینی وشەكانی زمان و زانینی چۆنیەتی پێكهاتنیان.

وشە ڕۆنان بە شێكە لە ڕێزمانی زمان، كە لە ڕۆنانی ناوەوەی وشە دەكۆڵێتەوە، واتە پەیوەستە بە لێكۆڵینەوەی پێكهاتەی ناوەوەی وشەی ناسادە. ئەو جۆرە وشانە كە لەمنداڵییەوە لای هەموو كەس ناسراون، وەك: كوڕ، منداڵ، خاڵ، شار، ئاگر،....هتد. ناو نراون بە(وشەی سادە)، چونكە لەیەك مۆرفێم دروست بووە، بەڵام ئەگەر لە دوو مۆرفێم یان پتر پێك هاتبیت، ئەوە بە وشەی ( وشەی ناسادە) دەناسرێت، كە واتە ڕۆنانی وشە لە دروستبوونی وشە دەكۆڵێتەوە.

وشە ڕۆنانیش لە زانستی زماندا بەو بەشە دەڵێن، كە لە چۆنیەتی پێكهاتن و یاسای دروستبوونی وشەكانی ئەمڕۆی زمان دەكۆڵێتەوە، نەك لە ڕووی مانا و واتاوە بەڵكو لە ڕووی نیشاندانی چۆنیەتی پێكهاتن و دروستبوونی وشە و دیاریكردنی پارچەكانی، بۆ نمونە ئەگەر لەبارەی وشە ڕۆنانەوە سەیری وشەی "كوردستان" بكەین، كە پێكهاتووە لە وشەی "كورد" وپاشگری "ستان"، بەم جۆرە لە وشەی "كوردستان"دا دوو پارچەی واتاداری هەیە و دەكرێت هەر پارچەیەكیان لەگەڵ پارچەی دیكە بەكاربهێنرێت، بۆ نمونە: كوردایەتی، كوردپەروەر..هتد، گۆڕستان....هتد.[٢]واتە ڕێگاكانی دروستبوونی وشەی زمان دەبێتە تەوەری ئەم لێكۆڵینەوەیە و بە دانەی سادەی شیتەڵكاری دەوترێت مۆرفێم. مۆرفێمیش بچوكترین دانەی واتایی یان ئەركداری زمانە، كە لە زنجیرەی ڕێكخستنی دانەیەكی ڕێزمانی زمان لە ڕۆنانی وشەدا بەكاردەهێنرێت.[٣]مۆرفێمیش چەند تایبەتییەكی هەیە:[٤]

---

[١] – عەبدولواحید موشیر دزەیی(٢٠١٢ :١٨ ).

[٢] – ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠١٤ :٣١ ).

[٣] - یووسف شەریف سەعید ( ٢٠١٣ :٨ ).

[٤] - محەمەد معروف فەتاح ، سەباح ڕەشید (٢٠٠٦ :١١ ).

١- له فۆنیمێك یان زیاتر پێكدێت.

٢- كەرت ناكرێت بۆ پارچەی بچووكتر.

٣- خاوەن فۆرم و شێوەیە و خاوەن واتایە.

٤- ئەركی وشە سازی و ڕستە سازی دەبینێت.

كە واتە ئەو فۆرمانە سادەترین چەمك و بچوكترین واتا دەردەبڕن و ناتوانرێت بچووكتر بكرێنەوە و بە مەرجێك واتا ڕاستەقینەكەیان نەفەوتێت، بۆ نمونە وشەی (كوردایەتی) لە دوو مۆرفێم پێكهاتووە و هەر یەكێك لەو مۆرفێمانە بچوكترین دانەی واتاداری زمانە، وشەیش ( لە ڕووی سازبوونیەوە كە لە مۆرفێمێك، یا زیاتر تێپەڕبكات، سیمانتیكەكەی بەلێڵی نامێنێتەوە، بەڵكو ڕوون دەبێتەوە، ئەمەش فاكتەرێكی گرنگە بۆ درككردن بەو نیشانە تایبەتییەی كە كاری كردۆتە سەر هۆش و بووە بەبناغەی پێكهاتنی وشە نوێكە، واتە ئەو سیگناڵە زەقەی چەقیوەتە چاو، چەمكەكە گرتوێتە خۆی و وشە فۆنەتیكێكەی لەسەر بنیاتنراوە).[١]

## (٣/١-٥) زمان تێكەڵكردن (ئاوێتەكردن)

چەند پێناسەیەكی دیاردەی زمان تێكەڵكردن پێویستە بخەینە ڕوو:

(بلۆم وگەمپێرز) لە بارەی زمان تێكەڵكردنەوە دەڵێن:(بەكارهێنانی دوو زاری زمانێكە، یان دوو زمانی جودا لەیەك ژینگەی كۆمەڵایەتیدا).[٢]

سەلام ناوخۆش دەڵێ:(تێكەڵكردنی دوو كۆد یان دوو زمان، دیاردەیەكی زمانەوانییە لە كۆمەڵگایەكی دوو زمانی و چەند زمانیدا بەرقەرارە).[٣]

زمان تێكەڵكردن: ((دیاردەیەكی بڵاوە لە ناو ئەو كۆمەڵگایانەدا كە دوو زمان یان زیاتریان تێدا بەكاردێت، بەتایبەتی لەئاستی ڕستەسازیدا، هەرچەندە لەئاستەكانی تری زمانیشدا دیاردەكە بەدی دەكرێ)).[٤] بەم پێیە زمان تێكەڵكردن بریتییە لە تێكەڵكردنی دوو زار یان دوو كۆد لە زمانێك یان دوو زمانی جودا یان زیاتر لە یەك دەوروبەری كۆمەڵایەتیدا.

## (٣/١-٦) ئاوێتەكردن ( قەرزكردن)

ئێمە لەكاتێكدا كە بە زمانێك قسەدەكەین سوود لە وشەیەك لەزمانی تر دەگرین، لە وانەیە ئەم بەكارهێنانە تاك بێت، ئەم تاكە دەستی كردووە بە قەرزكردن borrowing، لەوانەشە ئەم بەكارهێنانە

---

١ – فاروق عومەر سدیق (٢٠١١ :٤٥ ).

٢ - ( ١٩٧٢:٤٠٨ )Blom & Gumperz,

٣ - سەلام ناوخۆش ( ٢٠١٠: ٧ ).

٤ – شادان شكر صابر،عمر محمود كريم (٢٠١٤ : ٥٢ ).

به کۆمەڵ بێت، کە قسەپێکەرانی زمانی یەکەم دەستیان کردووە بە قەرزکردنی وشە یان چەند وشەیەك لە زمانی دووەم.
بەوێنە قرزکردنی قسەپێکەرانی زمانی عەرەبی هەندێ وشەی بیانی، وەکو (سینما، تلفون، رادار، تلفزیون، کامیرا، بطارية،...هتد). بەم پێیە دەتوانین قرزکردن بکەینە دووبەشەوە :

١. خواستنی وشە (قەرزکردن) تاکەکەسی individual borrowing : بەهۆی کەمی فەرهەنگی وشەکانی ئەو زمانە لە کاتی نەزانینی یان کورت هێنانی وشەیەك سوود لە وشەی زمانی بیانی دەگرێت بۆ پڕکردنەوەی فەرهەنگی وشەکانی.
٢. قەرزکردن بەکۆمەڵ collective borrowing : بە کۆمەڵ وشەگەلێك بەکاردێنن لە زمانێکی تر بەکاردێنن، کە خۆی بەهۆی قەرزکردنی تاك دروستبووە و دواتر بە هۆی قبوڵکردنی ئەو وشەیە لە لایەن کۆمەڵەوە بەکاریهێناوە.[١]

## (٣/١–٧) وشەی خوازراو(استعارە):

فەرهەنگی گشتی، بە پێی گۆڕان و گەشەکردنی زمان و بەرەو پێشچوونی قۆناغە مێژوییەکان، بە بەردەوامی وشەی نوێ دێتە کایەوە، لە شێوەزاری خانەقین بەتایبەتی ولە زمانی کوردیش بە گشتی وەکو هەموو زمانێکی تر چەندان وشەی خوازراو دێنە ئاراوە، ئەم وشانەش دەگەڕێنەوە بۆ زمانەکانی تری ئەم خێزانە زمانە(خێزانە ئێرانییەکان) بەتایبەتی و زمانە بێگانەکانی تر بەگشتی.[٢]

## (٣/١–٨) وشە لە ڕووی ڕۆنانەوە دابەش دەبێتە سەر دوو جۆر:

١. وشەی سادە.
٢. وشەی نا سادە.

## (٣/١–٨–١) ناوی سادە:

تاکە وشەیەکە و هیچ زیادەیەکی پێوە نییە واتای تەواوی هەیە،[٣] وەك: ساڵ، کوڕ، کچ، ئاو....هتد، واتە وشەیەکە بەبێ بوونی پێشگر و پاشگر پێکهاتووە.
ئەو وشە سادانەی کە لە زمانانی دیکەوە هاتونەتە نێو شێوەزاری خانەقینیدا بریتین لە زمانی عەرەبی و فارسی و زمانانی تر وەکو تورکمانی و ئینگلیزی و هیندی بەڵام بەشێوەیەکی کەم کاریگەرییان هەبووە.

---

[١] - محمد علي الخولي( ١٩٨٨ : ٩٥ ).
[٢] – هیدایت عبداللة محمد (٢٠٠٧ :٣١ ).
[٣] – عەبدولواحید موشیر دزەیی(٢٠١٢: ٦٧).

### (٣/١–٨–١–١) ناوی سادەی عەرەبی

ئەو وشە عەرەبییانەی کە بە هۆی کاریگەریی ئایینی ئیسلامەوە بە گۆڕانکارییەوە هاتونەتە نێو شێوەزاری خانەقین و زۆربەی هەمان ئەو وشانەن بە گۆڕانکارییەوە فارسی زمانەکان بەکاری دەهێنن.

| ش.خانەقین | د.ن | ز.عربي |
|---|---|---|
| دین | ئایین | دین |
| سورەت | سورەت | سورة |
| ئایەت | ئایەت | اية |
| وەعز | وەعز | وعظ |
| ئزرایل | ئیزراعیل | عیزرائیل |
| برایم | ئیبراهیم | ابراهیم |
| زڵم | زوڵم/ ستەم | ظلم |
| زاڵم | زاڵم/ ستەمکار | ظالم |
| تالوکە | مەترسی | تهلكة |
| ئەشرەت(ئێڵ) | هۆز | عشیرة |
| رەمەزان | ڕەمەزان | رمضان |
| تاخوت | ستەمکار | طاغوت |
| تەلاق | تەلاق | طلاق |
| مومن | موسڵمان | مؤمن |
| شێخ | شێخ | شیخ |
| مەلا | مەلا | ملا |
| سەی | سەید | سید |
| جەوەڵ | شاخ | جبل |
| هەساو | ژمارە | حساب |
| قەور | گۆڕ | قبر |
| لەعنەت | نەفرەت | لعنة |
| خەڵەت | هەڵە | غلط |
| خەفڵەت | نەزانی | غفلة |
| شەهوەت | حەز | شهوة |

| | | |
|---|---|---|
| ئاخرەت | کۆتایی | اخرة |
| خافڵ | بێئاگا | غافل |
| بەرزەق | بەرزەخ | برزخ |
| خرور | خۆبایی | غرور |
| مەخسەت | مەبەست | مقصد |
| سوژدە/ سوجدە | سوژدە | سجود |
| زیارەت | زیارەت/ سەردان | زيارة |
| مەهەمەد(هەمە) | محەمەد(حەمە) | محمد |
| ڕەووف | ڕەئوف | رؤوف |
| قار | خەفەت | قهار |
| یاقوب | یاقوب | يعقوب |
| ئیمان | ئیمان | ايمان |
| جەم | کۆ | جمع |
| فتنە | فیتنە/ دوڕویی | فتنة |
| لۆمە | لومە | لومة |
| توبە | تەوبە | توبة |
| سەعات | کاتژمێر | ساعة |
| سەرات | سەرات | صراط |
| سەراهە | ڕاستکرداری | سراحة |
| جەماعەت | کۆمەڵ | جماعة |
| شەفاعەت | بەخشسندە | شفاعة |
| هوریەت | ئازادی | حرية |
| هوری | حوری | حورية |
| هەقیقەت | ڕاستی | حقيقة |
| شەهید | شەهید | شهيد |
| شایەت | شاهید | شاهد |
| جەنەت | بەهەشت | جنة |
| عەبادەت | پەرەستن | عبادة |
| تازیە | ماتەم/ پرسە | تعزية |

| | | |
|---|---|---|
| جەزر | سزا | جزاء |
| جمە/ جومعە | هەینی | جمعة |
| ئەفو –ئاف | بەخشین | عاف –عفو |
| قانی | قانیع | قانع |
| قبلە | قیبلە | قبلة |
| قیامەت | قیامەت | قیامة |
| خەڵق | خەڵك | خلق |
| شکر | شکور | شكر |
| کابە | کەعبە | كعبة |
| هاشا | حاشا | حاشا |
| وەلا | وەڵڵا | والله |
| ئسرائیل | ئیسرائیل | اسرائیل |
| خوڵام | غوڵام | غلام |
| بەغیل | بەخیل | بخیل |
| ئمبیا | ئەنبیا | انبیاء |
| تارەت | تارات | طهارة |
| فام | تێگەیشتن | فهم |
| فامیدە | تێگەیشتوو | فاهم |
| جەحەنەم | دۆزەخ | جهنم |
| جاحل | نەزان | جهل |
| یەخین | گومان | یقین |
| خێر | خێر | خیر |
| وەسیەت | وەسیەت | وصیة |
| موئزە | وتار | موعظة |
| غاین | خیانەتکار | خائن |
| تەواو | تەواو | تمام |
| سەلام | سڵاو | سلام |
| ئیمام | حەزرەت | امام |
| مهەرم | موحەرەم | محرم |

| | | |
|---|---|---|
| بمارك | پیرۆز | مبارك |
| ئاشورا | عاشورا | عاشوراء |
| تاسوئا | تاسوعا | تاسوعاء |
| خەتەنە | خەتەنە | ختان |
| موعەلم | مامۆستا | معلم |
| ئەلوەداع | خواحافیزی | الوداع |
| دوعا | دوعا/نزا | دعاء |
| عەید | جەژن | عید |
| فەتیرە | فەتیر | فطیرة |
| حەماڵ | بارکیش | حمال |
| ئوستاد | مامۆستا | استاذ |
| قەبولە | قبولْ بێت | مقبول |
| قەرز | قەرز | قرض[1] |
| تەڕ | تەڕ | طري |
| ڕامان/ ڕەهمان | میهربان | رحمن |
| خەوەر | هەواڵ | خبر |

### (٣/١-٨-١-٢) ناوی سادەی فارسی:

بەهۆی هاوبەشی زۆرێك لە وشەكانی نێوان زمانی فارسی و زمانی كوردی بەگشتی هەیە و تەنیا بەهەندێ گۆڕینی دەنگەوە بە جیاوازییەك دەخوێنرێتەوە، دەكرێت بوترێت موڵكی هیچ كام لەوانە نییە و بەجۆرێك لەبەر ئەوەی لەیەك لقی زمانەوانیدان ئەو هاوبەشییە بەدیدەكرێت و لە زار و شێوەزارەكانی تر كەمتر یان پتر تێكەڵ بوونیان هەیە و لە شێوەزاری خانەقینیش بەهۆی كاریگەریی دراوسێتییەوە قەرزكردنی وشەكان زیاتر بەدی دەكرێن، لای خوارەوە هەندێ لەو وشە فارسیانەیە كە زۆرترین بەكارهێنانیان هەیە و لە قسەكردنی خانەقینیەكان بەكاردێت و ئەم كاریگەرییە زەقتر كردوەتەوە، ئەمانەن:

| ش.خانەقین | د.ن | ز.فارسی |
|---|---|---|
| خوین | خوێن | خون |
| قرژنگ | قرژاڵ | خرچنگ |

[1] - عەزیز ئاگرەیی (١٩٧٨ :١١٦ ).

| | | |
|---|---|---|
| دوس | دۆست | دوست |
| دگان | ددان | دندان |
| دروو | درۆ | دروغ |
| دیو | جنۆکه | دیو |
| دەمبوس | تۆبز | دبوس |
| دریژ | درێژ | دراز |
| ڕیشه | ڕەگ | ریشه |
| زەخم | برین/ زام | زخم |
| زوان | زمان | زبان |
| شیوەن | گریان | شیون |
| کەوش | پێڵاو | کفش |
| نیخان | نینۆك | ناخن |
| گوش | گوێ | گوش |
| گوم | ون | گم |
| گوناح/گونا | تاوان | گناه |
| ئاڵتوین | زێڕ | التون |
| جەن(جەنگ) | شەڕ | جنگ |
| خەفتن | نووستن | خفتن |
| خرس | ورچ | خرس |
| خەر | کەر | خر |
| هیوردە | وردە | خُردە |
| خاڵو/لاله | خاڵ | خالو |
| بیگانه | | بیگانه |

| | | |
|---|---|---|
| قوربان | قوربان<br>بیانی | قربان |
| پایز | پایز | پائیز |
| ساڵ | ساڵ | سال |
| پاك | پاك | پاك |
| خەنین | پێكەنین | خندە |
| دەیشت | دەر/ دەشت | دشت |
| چای | چا | چای |
| صەك | شیك | چك |
| دەرزی | دەرزی | درزی[1] |
| پەردە | پەردە | پردە |
| پوشییە | پێچە | پوشینە |
| دوشەك | دوشك | دشك |
| گڵێم | گڵێم | گلیم |
| بان[2] | سەربان | بالا |
| باوك(پدەر) | باوك | پدر |
| جعدە | شەقام | جادە[3] |
| قاپی | دەرگا | قاپو |
| داشتن | هەبوون | داشتن |

لە ژمارەكانیش كاریگەریی و هاوبەشی فارسی خۆی دەرخستووە بەسەر شێوەزاری خانەقین

[1] - عبد السلام محمد بني ( ١٩٨٦ : ٥٥ ).

[2] - عبد المحسن بني ویس (١٩٨٥ :٨٩ ).

[3] - السید ادی شیر (١٩٨٧ –١٩٨٨ :٣٩ ).

ڕۆژانی هەفتە

وەرزەکانی ساڵ[1]

| ش.خانەقینی | ز.فارسی |
|---|---|
| یەك | یك |
| د — دو | دو |
| س–سێ | سه |
| چوار | چهار (چار) |
| پەنج | پنج |
| شەش | شش |
| هەفت | هفت |
| هشت | هشت |
| ن — نو | نه |
| دە | ده |
| سەد | سەد |
| هەزار | هەزار |
| **خانەقینی** | **فارسی** |
| شەمە | شنبه |
| یەك شەمە | یك شنبه |
| د /دو شەمە | دو شنبه |
| س/سێ شەمە | سه شنبه |
| چوار شەمە | چهار شنبه |
| پەنج شەمە | پنج شنبه |
| جمە/ جومعە | جمعه |
| **ش.خانەقینی** | **ز.فارسی** |
| وەهار | بهار |
| تاوسان | تابستان |
| پاییز | پائیز |
| زمسان | زمستان |

[1] - راجي الاسمر:ترجمة اغناطيوس الصيصي( ٢٠٠٤ :٣٥ ).

ئەژمار کردنی ساڵ:

| ش.خانەقینی | ز.فارسی |
|---|---|
| پار | پار |
| پارساڵ(پارەکە) | پارسال |
| ئەمساڵ/ ئمساڵ | امسال |

## (٣/١–٨–٢) ناوی نا سادە:

ئەو ناوەیە، کە بەلای کەمەوە لە دوو وشەی واتاداری تێدابێت،[١] یان وشەیەکی واتادار و زیادەیەك (پێشگر و پاشگر)، یان هەردووکیان پێکدێت، وەك: (دڵشاد، گوڵەگەنم، پیاوەتی، هونەرمەند،.......).

## (٣/١–٨–٢–١) وشەی نا سادەی عەرەبی:

تەنها لەچەند وشە و فرێز ورستەدا دەردەکەوێت ئەویش زیاتر لە ناو وشە ئاینییەکانە وەکو: (الحمدالله، صباح الخیر، مساءالخیر، صباح النور، ماشاءالله، ان شاء الله، في امان الله، سبحان الله، سلام علیك، اعوذبالله، الله ویاك،.....هتد). بەتایبەتی لەناوی لێکدراودا وەکو:(فتح الله، عبدالله، عبدالکریم، عبدالرحمن، زین العابدین، ....هتد)، دەردەکەوێت.

بەگشتی زاراوەی خانەقین کاریگەریی زمانی فارسی لە سەریدابووە و بەتایبەتی ئەو دێ وگوندانە، کە لەسنووری ناوچەکەدان ودواتر زمانی عەرەبی کاریگەریی زۆری بەسەر ژمارەیەکی دیکەی تاکەکانی ناوشارەکەدا هەبووە، بەهۆی زمانی ئاینی ئیسلامەوە و زۆربوونی کەسانی ڕۆشنبیر و خوێندن بەزمانی عەرەبی و ساڵانی دوور و درێژی تەعریب و بەزۆر ڕاگواستن و نیشتەجێکردنی عەرەبی هاوردە بۆ ئەم سنوورە و قەدەغەکردنی ئاخاوتن بە زمانی زگماگ.

## (٣/١–٨–٢–٢) وشەی نا سادەی فارسی:

لە تێکەڵ بوونی یەك وشەی سادە لەگەڵ پێشگرێك یان پاشگرێك، یان لە دوو وشەی سادەی واتاداری پێکهاتووە یان زیاتر، وەکو : تاب + ستان = تابستان

لە شێوەزاری خانەقینیدا تاو +سان = تاوسان

دل+پاك = دلپاك

لە شێوەزاری خانەقینیدا دڵ + پاك = دڵپاك

---

[١] – لیژنەی زمان ( ١٩٧٦: ١٦).

که واته پێشگر و پاشگر دەربڕینێکن، که به زنجیره دەکەونه سەرەتای وشه، یان کۆتایی و واتایەکی نوێیان پێ دەبەخشن و له هەندێ باردا شێوەی دروستبوونیان دەگۆڕێت، بۆ نمونه، ناو دەگۆڕن بۆ ئاوەڵناو یان به پێچەوانەوه.[1]

(پرۆسەکانی وشه هەڵگواستنی (سازکردن) له زمانی کوردیدا بەکشتی ئەم پرۆسانه دەگرێتەوه:

یەکهەم : پرۆسەی هەڵگواستنی ناو

دووهەم: پرۆسەی هەڵگواستنی کردار

سێیهەم: پرۆسەی هەڵگواستنی ئاوەڵناو

چوارهەم: پرۆسەی هەڵگواستنی ئاوەڵکردار).[2]

**(٣/١-٨-٢-١) ناوی داڕێژراو:**

شێوەزاری خانەقینیش بەگشتی له ژێر کاریگەریی داڕشتنی وشەی فارسی دایه و لەڕاستیدا بەهۆی نزیکی شێوازی داڕشتنی هەورامی و فارسی و زۆر نزیکن و بوونی ناوچەی خانەقین له نێوان بازنەی شێوەزاری زاری هەورامی و زمانی فارسیدا کەوتۆته ژێر کاریگەریی ئەو دوو ئاخاوتنه له وشه سازییدا و له شێوەزاری خانەقینیشدا، ئەو زیادەییه، که دەچێته سەر وشەیەکی ساده و دەبێته هۆی دروستکردنی ناوی داڕێژراو

بریتییه له: پێشگرو پاشگر یان هەردوو پێشگرو پاشگر لەگەڵ وشەی ساده.[3] بۆ نمونه:

١.وشەیەکی ساده + پاشگرێك لەشێوەزاری خانەقینی

مانگ +انه ـــــ مانگانه لەشێوەزاری خانەقینی مانگ + انه ـــــ مانگانه

٢. پێشگرێك + وشەیەکی ساده

بێ + کار ـــــ بیکار بی + کار ـــــ بیکار

**(٣/١-٨-٢-١-ا) پاشگر:** به لاتینی به (suffixes) ناسراوه، ئەو مۆرفیمەیه که به کۆتایی بناغەی وشەوه دەنووسێ و ڕواڵەت و ناوەرۆکی وشه دەگۆڕێ و دەوری ڕۆنانی وشه دەبینێ.[4]

پرۆسەی سازکردنی ناو له شێوەزاری خانەقین بەکاریگەریی زمانی فارسی و عەرەبی بەم شێوەی خوارەوەییه:-

[1] حسن احمدی گیوی / حسن انوری (١٣٧٠ :٢٢٩ ).

[2] نەرمین عومەر ئەحمەد ( ٢٠١٠: ٣٤ ).

[3] ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩: ١٠٧ ).

[4] ئەورەحمانی حاجی مارف ( ٢٠١٤ :٥٣ ).

**(۱/۳-۸-۲-۱-ا) سازکردنی ناوی داڕێژراو لە ناو بە یاریدەی پاشگر:**

ا-۱-ئەو پاشگرانەی ناوی خاوەن پیشە دادەڕێژن:

ا-۱-۱- ناو +پاشگری /- ەوان/، /-ی/، /- ەوا/، /-گر/، /-مەند/،/چی/=ناوی داڕێژراو

| ناوی سادە | پاشگری /-ەوان/ | ناوی داڕێژراو | ناوی سادە | پاشگر | ناوی داڕێژراو |
|---|---|---|---|---|---|
| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
| باخ | -ەوان | باخەوان | باغ | -بان | باغبان |
| مەل | -ەوان | مەلەوان | مل | -وان | ملوان |
| هەلاج | -ی | هەلاجی | هلاج | -ی | هلاجی |
| نان | -ەوا | نانەوا | نان | -وا | نانوا |
| ئاسن | -گر | ئاسنگر | اهن | -گر | اهن گر |
| مس | -گر | مسگر | مس | -گر | مس گر |
| هونەر | -مەند | هونەرمەند | هنر | -مند | هنرمند |
| هوش | -مەند | هوشمەند | هوش | -مند | هوشمند |
| کار | -مەند | کارمەند | کار | -مند | کارمند |
| ئاو | -چی | ئاوچی | اب | -چی | ابچی |
| توپ | -چی | توپچی | توپ | -چی | توپچی |
| چای | -چی | چایچی | چای | -چی | چایچی |

ا-۲-ئەو پاشگرانەی ناوی شوێن دادەڕێژن (لۆگاتیڤەکان ) وهەندێ پاشگر هاوبەشن لە زمانی کوردی:

۱-۲-۱- ناو+پاشگری /- ەڵان/، /-زار[1]/، /-(سان-ستان)/، /-دان/[2]=ناوی داڕێژراو

| ناوی سادە | پاشگری | ناوی داڕێژراو | ناوی سادە | پاشگری | ناوی داڕێژراو |
|---|---|---|---|---|---|
| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
| قامیش | -ەڵان | قامیشەڵان | گی | -لان | گیلان |

[1] - نیعمەت عەلی سایە (۲۰۰٤ :۹۸ ).

[2] - اسماعیل حمە سور امین الجباري (۲۰۰۱ :۹۹).

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| گوڵ | – زار | گوڵزار | گل | – زار | گلزار |
| قەور | –سان | قەورسان | قبر | – ستان | قبرستان |
| گوڵ | –سان | گوڵسان | گل | – ستان | گلستان |
| بوی | –سان | بویسان | بو | – ستان | بوستان |
| خوا | –دان | خوادان | نمك | – دان | نمكدان |
| شەم | –دان | شەمدان | شمع | –دان | شمعدان |
| قەڵەم | –دان | قەڵەمدان | قلم | –دان | قلمدان |
| قەن | –دان | قەندان | قن | –دان | قندان |
| گوڵ | –دان | گوڵدان | گل | –دان | گلدان |
| سورمە | –دان | سورمەدان | سرمە | –دان | سرمەدان |
| کا | –دان | کادان | کاه | –دان | کاهدان |

١–٣– ئەو پاشگرانە ناوی نابەرجەستە (ئەبستراکت) دادەڕێژن :

١–٣–١– ناو +پاشگری /–ی/=ناوی داڕێژراو

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناو | پاشگری/–ی/ | ناوی داڕێژراو | ناو | پاشگری/–ی/ | ناوی داڕێژراو |
| جوان | –ی | جوانی | جوان | –ی | جوانی |
| خاس | –ی | خاسی | خوب | –ی | خوبی |
| دوس | –ی | دوسی | دوست | – ی | دوستی |

١–٣–٢– ئاوەڵناو+پاشگری /–ی/[١]= ناوی داڕێژراو

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاوەڵناو | پاشگری/–ی/ | ناوی داڕێژراو | ئاوەڵناو | پاشگری/–ی/ | ناوی داڕێژراو |

[١] – حسن انوري ، محمد رضا زاد هوش(١٣٩٠: ٤٢).

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بەد | ــی | بەدی | بد | ــی | بدی |
| روشن | ــی | روشنی | روشن | ــی | روشنی |

١-٣-٣- ناو +پاشگری /-وارە/، /شن/، /ین/= ناوی داڕێژراو

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوی سادە | پاشگر | ناوی داڕێژراو | ناوی سادە | پاشگر | ناوی داڕێژراو |
| گووش | ــوارە | گووشوارە | گوش | ــوارە | گوشوارە[١] |
| گوڵ | ــشەن | گوڵشەن | گل | ــشن | گلشن |
| شیر | ــین | شیرین | شیر | ــین | شیرین |

١-٣-٤-ناو+پاشگری/- ید/

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوی سادە | پاشگری /ــید / | ناوی داڕێژراو | ناوی سادە | پاشگر | ناوی داڕێژراو |
| فام | ــید | فامید | فهم | ــید | فهمید |

١-٤-ئەو پاشگرانە ناوی بچوککراو دادەڕێژن:

بریتییە لەو ناوانە، کە واتای بچوک و کەمی دەگەیەنێ، پێی دەڵێن بچوککراو.[٢]

١-٤-١- ناو+پاشگری(/-چە/، /-یچە/،/-ەچە/)*

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوی سادە | پاشگری | ناوی داڕێژراو | ناوی سادە | پاشگری | ناوی داڕێژراو |
| مور | ــیچە | موریچە | مور | ــ چە | مورچە |
| بێڵ | ــچە | بێڵچە | بیل | ــ چە | بیلچە |
| باخ | ــچە | باخچە | باغ | ــچە | باغچە |

[١] - علیرضا عبدالمحمدی ( ١٣٩٠ :٥٤ ).

[٢] - حسن احمدی گیوی/حسن انوری(١٣٧٥ : ٢٣٢ ).

*تێبینی ئەم پاشگرانە واتای بچوککردنەوە دەگەیەنن.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| میخ | –چە | میخچە | میغ | –چە | میغچە |
| پار | –چە | پارچە | پار | –چە | پارچە |
| دەفتەر | –چە | دەفتەرچە | دفتر | –چە | دفترچە |
| ماڵ | –ەچە | ماڵەچە | مال | –چە | مالچە |
| ئاڵو | –چە | ئاڵوچە | الو | – چە | الوچە |
| کو | –یچە | کویچە | کو | – چە | کوچە |
| دەریا | –چە | دەریاچە | دریا | – چە | دریاچە |

١–٥–پاشگری /–ان/ بۆ دارشتنی ناوی دارێژراو:

١–٥–١– ئاوەڵناوی سادە+پاشگری/–ان/

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاوەڵناوی سادە | پاشگری | ناوی دارێژراو | ناوی سادە | پاشگری | ناوی دارێژراو |
| شاد | –ان | شادان | شاد | –ان | شادان |

١–٦–١– ئاوەڵناوی ژمارەی بنجی+پاشگری /–ا/=ناوی دارێژراو، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاوەڵناوی ژمارەی بنجی | پاشگری /–ا/ | ناوی دارێژراو | ژمارە | پاشگری /–ا/ | ناوی دارێژراو |
| پەنج | –ا | پەنجا | پنج | –ا | پنجاه |
| هەفت | –ا | هەفتا | هفت | –ا | هفتاد |
| هەشت | –ا | هەشتا | هشت | –ا | هشتاد |

پاشگری /–ە/، ئەم مۆرفیمە لە وشە سازیدا دوو ئەرك سەرەکی دەبینێ لە دارشتنی وشەی نوێدا، ئەمانەن:

ا– دەبێتە ناوبەند(Interffixes) بۆ دارشتنی وشەی لێکدراو.

ب–دەبێتە پاشگر(Suffixes) بۆ دارشتنی وشەی دارێژراو، بەم یاسایانەی خوارەوە:

١–٦–٢– ناو+پاشگری /–ە/* =ناوی دارێژراو، بۆ نمونە:[١]

[١] – ئومێد بەرزان برزو(٢٠١١ : ١٢٤ )

*ئەم پاشگرە ناو وئاوەڵناویش دروست دەکات.

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ناوی سادە | پاشگر | ناوی داڕێژراو | ناوی سادە | پاشگر | وشەی داڕێژراو |
| دەس | ـە | دەسە | دست | ـ ه | دسته |
| ڕیش | ـە | ڕیشە | ریش | ـ ه | ریشه |
| تیخ | ـە | تیخە | تیغ | ـ ه | تیغه |
| چاڵ | ـە | چاڵە | چال | ـ ه | چاله |
| سەر | ـە | سەرە | سر | ـ ه | سره |
| وەهار | ـە | وەهارە | بهار | ـ ه | بهاره |
| ڕۆژ | ـە | ڕۆژە | روز | ـ ه | روزه |
| گووش | ـ ە | گووشە | گوش | ـ ه | گوشه |

١-٦-٣- ناو+پاشگری /ـە/ لە عەرەبی /ـە /=ناوی داڕێژراو

| ش.خانەقینی | | | ز.عربی | | |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ناوی سادە | پاشگری | ناوی داڕێژراو | ناوی سادە | پاشگر | ناوی داڕێژراو |
| تەمین | ـ ە | تەمینە | یمین | ـ ه | یمینه |
| سەمیر | ـ ە | سەمیرە | سمیر | ـ ه | سمیره |
| فەرەح | ـ ە | فەرحە | فرح | ـ ه | فرحه |

(٣/١-٨-٢-١-٢) ئاوەڵناوی سادە +پاشگر=ناوی داڕێژراو:

٢-١- ئاوەڵناوی سادە+پاشگری /ـە/ ، /ـا/=ناوی داڕێژراو، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ئاوەڵناوی سادە | پاشگر | ناوی داڕێژراو | ئاوەڵناوی سادە | پاشگر | ناوی داڕێژراو |
| سەوز | ـە | سەوزە | سبز | ـ ه | سبزه |
| خەراو* | ـ ە | خەراوە | خراب | ـه | خرابه |

*تێبینی هەر یەکێك لەم وشانە ئەرك و دروستبوونیان دەگۆڕێت لە ڕستەدا.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تیش* | – ە | تیشە | تیش | –ە | تیشە |
| زەرد | –ە | زردە | زرد | – | زرد |
| هەفت | –ە | هەفتە | هفت | – ە | هفتە |
| مرد | –ە | مردە | مرد | –ە | مردە |

٢–٢– ناو + پاشگری/–ەك/ لە فارسی /–ك/

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوی سادە | پاشگری /–ەك/ | ناوی داڕێژراو | ناوی سادە | پاشگری /–ك/ | ناوی داڕێژراو |
| فەند | – ەك | | فند | – ك | فندك |

(٣/١–٨–٢–١–٣) ڕەگی کردار+پاشگر=ناوی داڕێژراو:

٣–١– ڕەگی کردار+ پاشگری /–ە/ ،/–اك/=ناوی داڕێژراو، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگی کردار | پاشگری | ناوی داڕێژراو | وشەی سادە | پاشگر | ناوی داڕێژراو |
| لەرز | – ە | لەرزە | لەرز | – ە | لەرزە |
| گری | – ە | گریە | گری | –ە | گریە |
| خوەر | –اك | خوەراك | خور | –اك | خوراك |
| پیچ | –ە | پیچە | پوچ | –ە | پوچە |

٣–٢– ڕەگی ڕانەبردوو + پاشگری /–ە/ =ناوی داڕێژراو،[١] بۆ نمونە:

---

[١]- حسن احمد گيوى/حسن انورى ( ٧٠ ١٣ :٢٣٤ ).

| ز.فارسی | | | ش.خانەقینی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوی داڕێژراو | پاشگر | ڕەگی کردار | ناوی داڕێژراو | پاشگر | ڕەگی کردار |
| ماله | ـ ه | مال | ماڵه | ـ ه | ماڵ |

٣-٣-ڕەگی ڕابردوو+پاشگری /-ار/ =ناوی داڕێژراو.[١]

| ز.فارسی | | | ش.خانەقینی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| وشەی داڕێژراو | پاشگری/-ار/ | ڕەگی کردار | ناوی داڕێژراو | پاشگری /-ار/ | ڕەگی کردار |
| کردار | ـ ار | کرد | کردار | ـ ار | کرد |
| کشتار | -ار | کشت | کوشتار | -ار | کوشت |
| مردار | -ار | مرد | مردار | -ار | مرد |
| دیدار | -ار | دید | دیدار | -ار | دید |
| رفتار | -ار | رفت | ڕەفتار | -ار | ڕەفت |

٣-٤-ناوی سادە+پاشگری /-ار/ =ناوی داڕێژراو.

| ز.فارسی | | | ش.خانەقینی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| وشەی داڕێژراو | پاشگری/-ار/ | ناوی سادە | (ناوی داڕێژراو) | پاشگری /-ار/ | ناوی سادە |
| دستار | -ار | دست | دەسار | -ار | دەس |

(٣/١-٨-٢-١-٤) ژمارە +پاشگری /- ە/ =ناوی داڕێژراو، بۆ نمونە:

| ز.فارسی | | | ش.خانەقینی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| وشەی داڕێژراو | پاشگر | ژمارە | ناوی داڕێژراو | پاشگر | ژمارە |

[١] نیعمەت عەلی سایە (٢٠٠٤ : ٩٩).

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| هەفت | ـە | هەفتە | هفت | ـ ه | هفته |
| پەنج | ـ ە | پەنجە | پنج | ـ ه | پنجه |
| سەد | ـە | سەدە | صد | ـ ه | صده |
| چل | ـە | چلە | چل | ـ ه | چله |

(۱/۳-۸-۲-ب) **پێشگر :**

ئەو مۆرفێمەیە کە بە پێشی وشەوە دەلکێ و ڕواڵەتی و ناوەڕۆکی وشە دەگۆڕێ و دەوری ڕۆنانی وشە دەبینێ.[1]

**۱- ئەم پێشگرانە، کە ناوی داڕێژراو دروست دەکەن، ئەمانەن:**

۱-۱- پێشگری /-نا/،+ناوی سادە=ناوی داڕێژراو.

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پێشگر | ناوی سادە | ناوی داڕێژراو | پێشگر | ناوی سادە | ناوی داڕێژراو |
| نا- | هەق | ناهەق | نا- | حق | ناحق |

**(۱/۳-۸-۲-ج) سازبوونی ناوی داڕێژراو لە ئاوێتەبوون:**

۱-پێشگر + ناو + پاشگر = ناوی داڕێژراو

| ش.خانەقینی | | | | ز.فارسی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێشگر | ناو | پاشگر | ناوی داڕێژراو | پێشگر | ناو | پاشگر | ناوی داڕێژراو |
| نا- | هەق | -ی | ناهەقی | نا | هق | ی | ناهقی |
| بی- | کەس | -ی | بیکەسی | بی- | کس | ـ ی | بی کسی |

۲-پێشگر + ئاوەڵناو + پاشگر = ناوی داڕێژراو

| ش.خانەقینی | | | | ز.فارسی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێشگر | ئاوەڵناو | پاشگر | ناوی داڕێژراو | پێشگر | ئاوەڵناو | پاشگر | ناوی داڕێژراو |
| نا - | خوەش | -ی | ناخوەشی | نا - | خوش | ـ ی | ناخوشی |

[1] ئەوڕەحمانی حاجی مارف (۲۰۱٤ : ۵۲ ).

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نا– | درس | –ی | نادرسی | نا– | درست | –ی | نادرستی |
| نا– | مەرد | –ی | نامەردی | نا– | مرد | –ی | نامردی |

٣–پێشگر + ڕەگ + پاشگر= ناوی داڕێژراو

| ش.خانەقینی | | | | ز.فارسی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێشگر | ڕەگ | پاشگر | ناوی داڕێژراو | پێشگر | ڕەگ | پاشگر | ناوی داڕێژراو |
| نە– | دار | –ی | نەداری | ن – | دار | – ی | نداری |

٤–ناو+پاشگر + پاشگر= ناوی داڕێژراو

| ش.خانەقینی | | | | ز.فارسی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناو | پاشگر | پاشگر | ناوی داڕێژراو | ناو | پاشگر | پاشگر | ناوی داڕێژراو |
| شیر | –ین | –ی | شیرینی | شیر | –ین | –ی | شیرینی |

٥–ناو+ناو + پاشگر= ناوی داڕێژراو

| ش.خانەقینی | | | | ز.فارسی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناو | ناو | پاشگر | ناوی داڕێژراو | ناو | ناو | پاشگر | ناوی داڕێژراو |
| کتاو | –خان | –ە | کتاوخانە | کتاب | –خان | –ە | کتابخانە |

**(٣/١–٨–٢–٢) ئاوەڵناو:** زاراوەیەکە بەرانبەر ناو بەکارهاتووە و یەکێکە لەو دەربڕینانە بۆ پەسنی ناوێك یان شتێك بەکارهاتووە،[١] واتە بریتییە لە بەشێکی سەرەکی واتادار.

**(٣/١–٨–٢–٢–١) سازکردنی ئاوەڵناوی داڕێژراو لە ناو بە یاریدەی پاشگر:**

٢–١–١– ناو + پاشگری /–ی/ = ئاوەڵناوی داڕێژراو.[٢]

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوی سادە | پاشگر | ئاوەڵناوی داڕێژراو | ناوی سادە | پاشگر | ئاوەڵناوی داڕێژراو |

[١]- خدیجة الحدیثي (٢٠٠٧ :١٩٨ ).

[٢] -حسن انوری/حسن احمدی گیوی (١٣٧٥ : ٢٩٣ ).

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| هەنار/عەنار | ـی | هەناری/ عەناری | انار | ـی | اناری |
| شرین | ـی | شرینی | شرین | ـی | شرینی |
| شاگرد | ـی | شاگردی | شاگرد | ـی | شاگردی |
| بەغدا | ـی | بەغدادی | تهران | ـ ی | تهرانی |
| کەلار | ـی | کەلاری | اصفهان | ـ ی | اصفهانی |
| قەڵەم | ـی | قەڵەمی | قلم | ـ ی | قلمی |
| دختۆر | ـی | دختۆری | دکتر | ـ ی | دکتری |
| قاقەز | ـی | قاقەزی | کاغژ | ـ ی | کاغژی |
| تاریخ | ـی | تاریخی | تاریخ | ـی | تاریخی[1] |
| کورد | ـی | کوردی | فارس | ـی | فارسی |

٢-١-٢- ناو + پاشگری /ـی/ =ئاوەڵناوی داڕێژراو.

| ش.خانەقینی | | | ز.عربي |
|---|---|---|---|
| ناوی سادە | پاشگری /ـی/ | ئاوەڵناوی داڕێژراو | ناوی سادەی عەرەبی |
| شەیتان | ـی | شەیتانی | شیطان |
| ڕەحمان | ـی | ڕەحمانی | رحمن |
| ئسلام | ـی | ئسلامی | اسلام |
| عەرەو | ـی | عەرەوی | عرب |

٢-١- ٣-ناویان ئاوەڵناو + پاشگری /ـن/، /ـو/= ئاوەڵناوی داڕێژراو دروست دەکات:

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناویان ئاوەڵناو | پاشگری /ـن/ | ئاوەڵناوی داڕێژراو | ناوی سادە | پاشگری /ـن/ | ئاوەڵناوی داڕێژراو |
| شەرم(ئاوەڵناو) | ـن | شەرمن | شرم | ـن | شرمن |
| ڕیش(ناو) | ـو | ڕیشو | ریش | ـو | ریشو |

[1] علیرضا عبد المحمدی (١٣٩٢ :٩٣ ).

٢-١- ٤-ناویان ئاوەڵناو + پاشگری /-ین/*،/ینە/= ئاوەڵناوی داڕێژراو دروست دەكات:

| ز.فارسی | | | ش.خانەقینی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاوەڵناوی داڕێژراو | پاشگری /-ین/ | ناوی سادە | ئاوەڵناوی داڕێژراو | پاشگری /-ین/ | ناو یان ئاوەڵناو |
| شیرین[١] | -ین | شیر | شیرین | -ین | شیر |
| خونین | -ین | خون | خوینین | -ین | خوین |
| زرین | -ین | زر | زەڕین | -ین | زەڕ |
| نرمینە | -ینە | نرم | نەرمینە | -ینە | نەرم |
| رنگینە | -ینە | رنگ | ڕەنینە | -ینە | ڕەن |
| شرمگین | -گین | شرم | شەرمین | -ین | شەرم |
| دارین | -ین | دار | دارین | -ین | دار |

٢-١-٥- ناو + پاشگری /-ا/= ئاوەڵناوی داڕێژراو.

| ز.فارسی | | | ش.خانەقینی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاوەڵناوی داڕێژراو | پاشگری /-ا/ | ناوی سادە | ئاوەڵناوی داڕێژراو | پاشگری /-ا/ | ناوی سادە |
| سرما | - ا | سرد | سەرما | - ا | سەرد |
| گرما | -ا | گرم | گەرما | -ا | گەرم |

لە وشەی (سەرما)دا، دەنگی (د) گۆڕاوە بە دەنگی (م) ، ئەمیش دیاردەیەكی فۆنۆلۆجیی زمانی كوردییە، چونكە هەندێ جار دەنگ هەیە لەناو دەچێت یاخود پەیدادەبێت یان دەگۆڕێت.....هتد.[٢]

٢-١-٦- ناو + پاشگری /-انە/، /-مند/= ئاوەڵناوی داڕێژراو دروست دەكات:

| ز.فارسی | ش.خانەقینی |
|---|---|

[١] - حسن انوری/ یوسف عالی ( ١٣٩٠ :٤٦ ).

* - ئەم پاشگرە ناویش دروست دەكات.

[٢] - دڵشاد محەمەد غریب (٢٠١٣ :١٣٢ ).

* -پاشگری/-ناك/ ئەم پاشگرە لەگەڵ ناوی نابەرجەستە(واتایی)، ئاوەڵناوی داڕێژراو دروست دەكات.

| ناوی ساده | پاشگر | ئاوەڵناوی داڕێژراو | ناوی ساده | پاشگر | ئاوەڵناوی داڕێژراو |
|---|---|---|---|---|---|
| ژن | —انه | ژنانه | زن | —انه | زنانه |
| دلێر | —انه | دلێرانه | دلیر | —انه | دلیرانه |
| مەرد | —انه | مەردانه | مرد | —انه | مردانه |

٢–١–٧– ناو + پاشگری /–انی/، ئاوەڵناوی داڕێژراو دروست دەكات:

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوی ساده | پاشگری /–انی/ | ئاوەڵناوی داڕێژراو | ناوی ساده | پاشگری/–انی/ | ئاوەڵناوی داڕێژراو |
| ژن | —انی | ژنانی | زن | —ان | زنانی |

٢–١–٨– ناو + پاشگری /–ان/، /–ناك/*، /–وار/=ئاوەڵناوی داڕێژراو دروست دەكات:

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوی ساده | پاشگر | ئاوەڵناوی داڕێژراو | ناوی ساده | پاشگر | ئاوەڵناوی داڕێژراو |
| داغ | —ان | داغان | داغ | —ان | داغان |
| خەم | —ناك | خەمناك | غم | —ناك | غمناك |
| ترس | —ناك | ترسناك | ترس | —ناك | ترسناك |
| خەتەر | —ناك | خەتەرناك | خطر | —ناك | خطرناك |
| سام | —ناك | سامناك | سام | —ناك | سامناك |
| ئومید | —ەوار | ئومیدەوار | امید | —وار | امیدوار |

٢–١–٩– ئاوەڵناو+پاشگری/–تر/، /–ترین/= ئاوەڵناوی پلەی بەراورد/ باڵا

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاوەڵناوی ساده | پاشگری (بەراورد) | ئاوەڵناوی پلەی بەراورد | وشەی ساده | پاشگر | وشەی داڕێژراو |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| خاس | – تر | خاستر | خوب | –تر | خوب تر |
| موهم | –تر | موهمتر | مهم | –تر | مهم تر |
| بان | –تر | بان تر | بالا | –تر | بالا تر |
| خاس | –ترین | خاسترین/بالاّ | خوب | –ترین | خوب ترین |
| موهم | –ترین | موهمترین/بالاّ | مهم | –ترین | مهم ترین |
| بان | –ترین | بانترین/بالاّ | بالا | –ترین | بالاترین |

٢–٢– ڕەگی ڕابردو+پاشگری /– ە/ =ئاوەڵناوی کراوی داڕێژراو، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگی ڕابردوو | پاشگر | ئاوەڵناوی داڕێژراوی | ڕەگی ر ابردوو | پاشگر | وشەی داڕێژراو |
| خوارد | – ە | خوەردە | خورد | – ە | خوردە |
| برد | – ە | بردە | برد | – ە | بردە |
| کرد | –ە | کردە | کرد | –ە | کردە |

٢–٣– ڕەگی ڕانەبردوو +پاشگری /– ا/، /–ندە/، /–ان/=ئاوەڵناوی داڕێژراو، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگی ڕانەبردوو | پاشگر | ئاوەڵناوی داڕێژراو | ڕەگ | پاشگر | ئاوەڵناوی داڕێژراو |
| زان | – ا | زانا | زان | – ا | زانا |
| دان | – ا | دانا | دان | – ا | دانا |
| گیر | – ا | گیرا | گیر | – ا | گیرا |
| کوش | – ندە | کوشندە | کوش | – ندە | کوشندە |
| لەرز | – ان | لەرزان | لرز | – ان | لرزان |
|ناڵ | – ان | ناڵان | نال | – ان | نالان |

٢–٤– ژمارە + پاشگری /–ەم/، /–هەم/، /–مین/=ئاوەڵناوی داڕێژراو

| ش.خانەقینی | ز.فارسی |
|---|---|

| ژماره | پاشگر | ئاوەڵناوی داڕێژراو | ژماره | پاشگر | وشەی داڕێژراو |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| دو | – ەم | دوەم | دو | –م | دوم |
| چوار | – ەم | چوارم | چهار | – م | چهارم[1] |
| شانزه | – هم | شانزەهم | شانزده | – هم | شانزدهم |
| پەنج | – مین | پەنجمین | پنج | –مین | پنجمین |
| شەش | – مین | شەشمین | شش | –مین | ششمین[2] |
| هەڤدە | –ەمین | هەڤدەهمین | هفده | – همین | هفدهمین |
| هەفت | –ەمین | هەفتەمین | هفت | – مین | هفتمین |

**(٣/١–٨–٢–٢–ب) ئەو پێشگرانە ئاوەڵناو دروست دەکەن**

٢–ب–١–پێشگری /بی –/،[3] /لا–/ + ناوی سادە ،= ئاوەڵناوی داڕێژراودروست دەکات.[4]

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| پێشگر | ناوی سادە | وشەی داڕێژراو | پێشگر | ناوی سادە | وشەی داڕێژراو |
| بی– | مار | بیمار | بی– | مار | بیمار |
| بی– | کار | بیکار | بی– | کار | بیکار |
| بی– | یار | بییار | بی– | یار | بی یار |
| بی– | زار | بیزار | بی – | زار | بیزار |
| بی– | خود | بیخود | بی – | خود | بی خود |
| بی– | عەدەب | بیعەدەب | بی– | ادب | بیادب |
| لا– | مەسەو | لامەسەو | لا– | مذهب | لامذهب |
| بی– | کەس | بیکەس | بی– | کس | بیکس |
| بی– | هوش | بیهوش | بی– | هوش | بی هوش |
| بی– | هونەر | بیهونەر | بی– | هنر | بی هنر |

[1] - حسن احمدی گیوی/ حسن انوری (١٣٧٠ : ٢٣٥ ).

[2] – حسن اشرف الکتابی (١٣٩١ : ٥٨ ).

[3] – حسن انوری/ حسن احمدی گیوی (١٣٧٥ :٢٧٤ ).

[4] – حسن انوری/ یوسف عالی ( ١٣٩٠ : ١٧٦ ).

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بی– | گوناح | بیگوناح | بی– | گوناه | بیگناه |
| بی– | مەغز | بیمەغز | بی– | مغز | بی مغز |
| بی– | زوان | بیزوان | بی– | زبان | بی زبان |
| بی– | ارام | بی ارام | بی– | ارام | بی ارام |
| بی– | عیلاقە | بی عیلاقە | بی– | علاقە | بی علاقە[1] |
| بی– | دین | بیدین | بی– | دین | بیدین |

٢–ب–٢– پێشگری /نا–/+ ناوی سادە = ئاوەڵناوی داڕێژراو

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پێشگر | ناوی سادە | ئاوەڵناوی داڕێژراو | پێشگر | ناوی سادە | ئاوەڵناوی داڕێژراو |
| نا– | بوت | نابوت | نا– | بود | نابود |
| نا– | درس | نادرس | نا– | درست | نادرست |
| نا– | کام | ناکام | نا– | کام | ناکام |
| نا– | ئومید | نائومید | نا– | اومید | نااومید |
| نا– | شناس | ناشناس | نا– | شناس | ناشناس |

٢–ب–٣–پێشگری /نە–/،/بەر/+ناوی سادە=ئاوەڵناوی داڕێژراو

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پێشگر | ناوی سادە | ئاوەڵناوی داڕێژراو | پێشگر | ناوی سادە | ئاوەڵناوی داڕێژراو |
| نە – | دار | نەدار | ن– | دار | ندار |
| نە– | فام | نەفام | ن– | فهم | نفهم |
| بەر– | دەوام | بەردەوام | بر– | دوام | بردوام |

٢–ب–٤– پێشگری /–نا/، /نە/ ،/بە / + ڕەگی ڕانەبردوو = ئاوەڵناوی داڕێژراو

| ش.خانەقینی | ز.فارسی |
|---|---|

[1] - دکتر پرویز ناتل خانلری (١٣٧٣ :١٨٨ ).

| پێشگر | ڕەگ | ئاوەڵناوی داڕێژراو | پێشگر | ڕەگ | ئاوەڵناوی داڕێژراو |
|---|---|---|---|---|---|
| نا- | ساز | ناساز | نا- | ساز | ناساز |
| نە- | ترس | نەترس | ن- | ترس | نترس |
| نە- | سوز | نەسوز | ن- | سوز | نسوز |
| نە- | چەسپ | نەچەسپ | ن- | چسب | نچسب |
| بـ- | چەسپ | بچەسپ | بـ- | چسپ | بچسپ |
| بـ- | خوەر | بخوەر | بـ- | خور | بخور |

٢-ب-٥- پێشگری /نا-/،[١]/، /نە/ + ئاوەڵناوی سادە =ئاوەڵناوی داڕێژراو

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پێشگر | ئاوەڵناو | ئاوەڵناوی داڕێژراو | پێشگر | ئاوەڵناوی سادە | وشەی داڕێژراو |
| نا | مەرد | نامەرد | نا | مرد | نامرد |
| نا | پاك | ناپاك | نا | پاك | ناپاك |
| نا | شاد | ناشاد | نا | شاد | ناشاد |
| نا | ساق | ناساق | نا | ساغ | ناساغ |
| نا- | جوور | ناجوور | نا- | جور | ناجور |
| نا- | خوەش | ناخوەش | نا- | گوار | ناگوار |
| نا- | پەسەند | ناپەسەند | نا- | پسند | ناپسند |

٢-ب-٦- پێشگری /بی-/ + جێناوی خۆیی = ئاوەڵناوی داڕێژراو

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پێشگر | جێناوی خۆیی | ئاوەڵناوی داڕێژراو | پێشگر | جێناوی المشترك | ئاوەڵناوی داڕێژراو |
| بی - | خود | بیخود | بی- | خود | بی خود |

١ - نەریمان خۆشناو (٢٠١٢ :٦٠ ).

٢-ب-٧- پێشگری /وا-/ ،/ب-/+ ڕەگی ڕانەبردوو = ئاوەڵناوی داڕێژراو

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پێشگر | ڕەگ | ئاوەڵناوی داڕێژراو | پێشگر | ڕەگ | ئاوەڵناوی داڕێژراو |
| وا- | گیر | واگیر | وا- | گیر | واگیر |
| ب- | کوش | بکوش | ب- | کوش | بکوش |
| ب- | کیش | بکیش | ب- | کش | بکش |

## ( ٣/١-٨-٢-٣ )سازکردنی ئاوەڵکردار:

بریتییە لە چۆنیەتی وکاتی شوێنی ڕوودان دەستنیشان دەکات و لایەنی چەندێیەتی پیشان دەدا، نیشانەی بنەڕەتی جیاکردنەوەی ئاوەڵگوزارە وەکو بەشێکی ئاخاوتن ئەو دەورەییە کە لە ڕستەدا دەیگێڕێ.[١] یان، ((فرێزێکە، ڕوویەکی سینتاکسی و یەکێکی سیمانتیکی هەیە))،[٢] و بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، کە شیکردنەوەی کردارێك لە ڕستەکەدا دەکات و چۆنیەتی دروستبوونی کردار دەخاتە ڕوو پێی دەڵێن ئاوەڵکردار(ئەدڤێربڵ).[٣]

٨-٢-٣-١-ناوی سادە +پاشگری /- ە/، /-انە/، =ئاوەڵکرداری داڕێژراو، بۆ نموونە:

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوی سادە | پاشگر | ئاوەڵکاوی داڕێژراو | وشەی سادە | پاشگر | ئاوەڵکرداری داڕێژراو |
| زمسان | - ە | زمسانە | زمستان | - ە | زمستانە |
| وەهار | - ە | وەهارە | بهار | - ە | بهارە |
| مانگ | - انە | مانگانە | ماە | - انە | ماهیانە |
| ساڵ | - انە | ساڵانە | سال | - انە | سالیانە |
| ڕۆژ | - انە | ڕۆژانە | روز | - انە | روزانە |
| هەفت | - انە | هەفتانە | هفت | - انە | هفتانە |

٨-٢-٣-٢- ناو +پاشگری /-ی/= ئاوەڵکرداری داڕێژراو،[٤] بۆ نموونە:

[١] - کوردستان موکریانی (١٩٨٤ :٣٠٤ ).
[٢] – ئازاد احمد حسین(٢٠٠١: ٢٥ ).
[٣] – دکتر پرویز ناتل خانلری (١٣٧٣ :٧٥ ).
[٤] – ئازاد احمد حسین (٢٠٠١ :٦١ ).

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناو | پاشگری/–ی/ | ئاوەڵکرداری داڕێژراو | ناو | پاشگری/–ی/ | ئاوەڵکرداری داڕێژراو |
| ڕۆژ | –ی | ڕۆژی | روز | –ی | روزی |
| ساڵ | –ی | ساڵی | سال | –ی | سالی |
| مانگ | –ی | مانگی | ماه | –ی | ماهی |

٨–٢–٣–٣– ناو +پاشگری /–گار/= ئاوەڵکرداری داڕێژراو، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناو | پاشگر | ئاوەڵکرداری داڕێژراو | ناو | پاشگر | ئاوەڵکرداری داڕێژراو |
| ڕۆژ | –گار | ڕۆژگار | روز | –گار | روزگار |

٨–٢–٣–٤–ڕەگی کردار +پاشگری /– سان/ =ئاوەڵکرداری داڕێژراو، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگی کردار | پاشگر | ئاوەڵکرداری داڕێژراو | ڕەگی کردار | پاشگر | ئاوەڵکرداری داڕێژراو |
| تاو | –سان | تاوسان | تاب | –ستان | تابستان |

٨–٢–٣–٥– ناو +ناو= ئاوەڵکرداری داڕێژراو، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناو | ناو | ئاوەڵکرداری داڕێژراو | ناو | ناو | ئاوەڵکرداری داڕێژراو |
| شەو | کار | شەوکار | شب | کار | شبکار |

## (٣/١–٨–٢–٤ )سازکردنی ناوی /چاوگ/:

### ٨–٢–٤–١–سازکردنی بە یاریدەی پێشگر

کرداری داڕێژراو بە پێشگر: بریتییە لە پێشگرێك لە گەڵ کردارێکی بنەڕەتی.[١]

[١] – اسماعيل حمه سور امين الجباري (٢٠٠١ :١٨ ).

لێرەدا کردار وەك یەکەیەکی فەرهەنگی دەخرێتە ڕوو نەك وەك یەکەیەکی سینتاکسی.

هەموو چاوگێك لێرەدا بە پاشگری /–ن/ وە دروست دەبێت

٤–١–سازکردنی کردار لە پێشگری /دەر/، /بەر/، /وا/، /نا–/.

| ش.خانەقین | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پێشگر | کرداری ڕابردوو | کرداری داڕێژراو | پێشگر | کرداریداڕێژراو | کرداری داڕێژراو |
| دەر– | چوی | دەرچوی | در– | رفت | دررفت |
| بەر– | داشت | بەرداشت | بر– | داشت | برداشت |
| وا– | داشت | واداشت | وا– | داشت | واداشت |
| نا– | ڕەسید | ناڕەسید | نا– | رسید | نارسید |

٤–٢–سازکردنی کردار لە پێشگری / نە–/+ ڕەگی کردار+پاشگری /–ی/ .

| ش.خانەقین | | | | ز.فارسی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێشگر | ڕەگی کردار | پاشگر | کرداری داڕێژراو | پێشگر | ڕەگی کردار | پاشگر | کرداری داڕێژراو |
| نە– | دیدە | ی | نەدیدەی | نـ– | دید | –ی | ندیدی |

## (٣/١–٨–٢–٢–٢) وشەی لێکدراو (الکلمه المرکبه – Compound Word):

ئەو وشەیە کە وا بەلای کەمەوە دوو وشەی واتاداری تێدابێت.[١]

**٢ –١– سازکردنی ناوی لێکدراو:** ئەو ناوەیە کە لە دووبەش یان زیاتر پێکهاتووە و پێی دەڵێن لێکدراو.[٢]

٢–٢–١– (ناو)+(ناو)=ناوی لێکدراو، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوی سادە | ناوی سادە | ناوی لێکدراو | ناوی سادە | ناوی سادە | ناوی لێکدراو |
| ئاو | ڕوی | ئاوڕوی | ئاب | رو | اب رو |
| پڕ | ڕوی | پڕوی | پر | رو | پررو |

[١] – نەریمان خۆشناو( ١٠٢:٢٠١٢ ).

*– ئافێکس بەمانای (گیر، چەسپاو، لکاو، نووساو، ......) دێت.

[٢]– ماجد جاسب ملك الربيعي (٢٠٠١ : ٩٨ ).

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕوی | کەش | ڕویکەش | رو | کش | روکش |
| شار | نشین | شارنشین | شهر | نشین | شهرنشین |
| کاول | نشین | کاولنشین | کال | نشین | کالنشین |
| سەر | خەر | سەرخەر | سر | خر | سرخر |
| سەر | نشین | سەرنشین | سر | نشین | سرنشین |
| شیر | زاد | شیرزاد | شیر | زاد | شیرزاد |
| گوڵ | ئاو | گوڵاو | گل | اب | گلاب |
| دەس | ئاو | دەساو | دست | اب | دست اب |
| دوش | ئاو | دوشاو | دوش | اب | دوشاب |
| چاڵ | ئاو | چاڵاو | چال | اب | چال اب |
| خودا | پەرەس | خوداپەرەس | خدا | پرست | خداپرست |
| وەتەن | پەرەس | وەتەنپەرەس | وطن | پرست | وطن پرست |
| گوڵ | هەنار | گوڵهەنار | گل | انار | گلنار[١] |
| کەمەر | بەن | کەمەربەن | کمر | بند | کمربند |
| دەس | بەن | دەسبەن | دست | بند | دستبند[٢] |
| سەر | زەوی | سەرزەوی | سر | زمین | سرزمین |
| گوڵ | زار | گوڵزار | گل | زار | گلزار |
| گەنم | زار | گەنمزار | گندم | زار | گندمزار |
| چیمەن | زار | چیمەنزار | چمن | زار | چمنزار |
| دەس | نماز | دەسنماز | دست | نماز | دس تنماز |
| شەکەر | ئاو | شەکەراو | شکر | اب | شکراب |
| سەر | باز | سەرباز | سر | باز | سرباز |

[١] – علیرضا عبد المحمدی (١٣٩٢ :١٠١).

[٢] – علیرضا عبد المحمدی (١٣٩٠ :٥٢ ).

* ئەم وشەیە لە سازکردندا دەبێتە ئاوەڵناویش.

٢-٢-٢ -وشەی ساز کراو لەگەڵ ناوی سادەی (یار)*

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| (ناوی مەعنەوی) | ناوی سادە | وشەی لێکدراوی ناوی تایبەت | ناوی سادە | ناوی سادە | وشەی لێکدراو |
| بەخت | یار | بەختیار | بخت | یار | بختیار |
| هوش | یار | هوشیار | هوش | یار | هوشیار |
| کام | یار | کامیار | کام | یار | کامیار |

٢-٢-٣-وشەی سازکراو لەگەڵ وشەی سادەی (ناو – نام)

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| وشەی سادە(ئاوەڵناو) | وشەی سادە(ناوی) | وشەی لێکدراوی ناوی – ئاوەڵناوی | وشەی سادە | وشەی سادە | وشەی لێکدراو |
| خوەش | ناو | خوەشناو | خوش | نام | خوشنام |
| بەد | ناو | بەدناو | بد | نام | بدنام |

٢-٢-٤-وشەی ساز کراو لەگەڵ ناوی سادەی (کار)

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوی سادە | ناوی سادە | وشەی لێکدراو | ناوی سادە | ناوی سادە | وشەی لێکدراو |
| ستەم | کار | ستەمکار | ستم | کار | ستمکار |
| خوەش | کار | خوەشکار | خوش | کار | خوش کار |
| دەس | کار | دەسکار | دست | کار | دستکار |

٢-٢-٥-وشەی ساز کراو لەگەڵ ناوی سادەی (شا – شاه )

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوی سادە | ناوی سادە | ناوی لێکدراو | ناوی سادە | ناوی سادە | ناوی لێکدراو |
| شا | مار | شامار | شاه | مار | شاەمار |
| شا | پەسەن | شاپەسەن | شاه | پسن | شاپسن |

٢-٢-٢-١-سازكردنی ناوی لێكدراو لەگەڵ وشەی (نەو)ئاوەڵناو +ناو=ناوی لێكدراو

| ئاوەڵناوی سادە | ناوی سادە | ناوی لێكدراو | ناوی سادە | ناوی سادە | ناوی لێكدراو |
|---|---|---|---|---|---|
| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
| نەو | ڕۆژ | نەوروز | نو | روز | نوروز |
| نەو | زاد | نەوزاد | نو | زاد | نوزاد |
| نەو | دەس | نەودەس | نو | دست | نودست |
| نەو | بەهار | نەوبهار | نو | بهار | نوبهار |
| نەو | ڕەس | نەورەس | نو | رس | نورس |
| نەو | ماڵ | نەوماڵ | نو | مال | نومال |

٢-٢-٢-٣-ناو +ڕەگ=ناوی لێكدراو

| ناو | ڕەگ | ناوی لێكدراو | ناو | ڕەگ | ناوی لێكدراو |
|---|---|---|---|---|---|
| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
| شەكەر | شكین | شەكەرشكین | شكر | شكن | شكرشكن |
| دەس | هاڕ | دەسار | دست | هار | دستهار |
| دەس | شور | دەسشور | دست | شور | دست شور |
| مەردم | دار | مەردمدار | مردم | دار | مردم دار |
| ماڵ | دار | ماڵدار | مال | دار | مال دار |
| مناڵ | دار | مناڵدار | بچە | دار | بچەدار |
| ناو | دار | ناودار | نام | دار | نامدار |
| ژن | دار | ژندار | زن | دار | زن دار |
| شوی | دار | شویدار | شوهر | دار | شوهردار |
| كار | دار | كاردار | كار | دار | كاردار |
| سەر | دار | سەردار | سر | دار | سردار |
| نەو | ساز | نەوساز | نو | ساز | نوساز |

**٢-٢- وشەی ساز کراوی ئاوێتە ناو +ناوبەند+ناو =ناوی لێکدراو**

٢ -٢- ١ -ناوی سادە + ناوبەندی /-ە/ + ناوی سادە = ناوی لێکدراو.[١]

| ش.خانەقینی | | | | ز.فارسی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوی سادە | ناوبەند | ناوی سادە | ناوی لێکدراو | وشەی سادە | فەتحە | وشەی سادە | وشەی لێکدراو |
| باڵ | ـ ە | جوو | باڵەجوو | بالا | | جوب | بالاجوب |
| باڵ | ـە | دەشت | باڵەدەشت | بالا | | دشت | بالادشت |

٢-٢-٢-وشەی ساز کراو لەگەڵ وشەی داڕێژراو (خانە)، واتە ناو+ناو+پاشگر=ناوی لێکدراو

| ش.خانەقینی | | | | ز.فارسی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوی سادە | ناوی سادە | پاشگری -ە | ناوی لێکدراوی گشتی | ناوی سادە | ناوی سادە | پاشگری -ە | ناوی لێکدراو |
| دەرمان | خان | -ە | درمانخانە | درمان | خان | -ە | درمانخانە |
| گوڵ | خان | -ە | گوڵخانە | گل | خان | -ە | گلخانە |
| چای | خان | -ە | چایخانە | چای | خان | -ە | چایخانە |
| چاپ | خان | -ە | چاپخانە | چاب | خان | -ە | چابخانە |
| قاوە | خان | -ە | قاوەخانە | قهوە | خان | -ە | قهوە خانە |
| جەم | خان | -ە | جەمخانە | جمع | خان | -ە | جمخانە |
| هیچ | کار | -ە | هیچکارە | هیچ | کار | -ە | هیچ کارە |
| کار | خان | -ە | کارخانە | کار | خان | -ە | کارخانە |

٢ -٢-٣- ناو + ئاوەڵناو + پاشگری /-ی/ = ناوی لێکدراو، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | | | | ز.فارسی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوی سادە | ئاوەڵناو | پاشگری /-ی/ | ناوی لێکدراو | ناوی سادە | ئاوەڵناو | پاشگری/-ی/ | ناوی لێکدراو |

[١] - ئومێد بەرزان برزو( ٢٠١١ : ١٢٥ ).

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەر | شووڕ | ـی | سەرشووڕی | سر | شور | ـی | سرشوری |
| سەر | بەرز | ـی | سەربەرزی | سر | بلند | ـی | سربلندی |
| سەر | چەفت | ـی | سەرچەفتی | سر | کج | ـی | سرکجی |
| سەر | کەش | ـی | سەرکەشی | سر | کش | ـی | سرکشی |

٢ –٢–٤– ڕادە + ناو + پاشگری /ـی/ = ناوی لێکدراو، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | | | | ز.فارسی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕادە | ناو | پاشگر | ناوی لێکدراو | ڕادە | ناو | پاشگر | ناوی لێکدراو |
| کەم | دەس | ـی | کەمدەسی | کم | دست | ـی | کم دستی |
| کەم | بەخت | ـی | کەمبەختی | کم | بخت | ـی | کم بختی |
| کەم | شانس | ـی | کەم شانسی | کم | شانص | ـی | کم شانصی |

٢–٢–٥– ژمارە + ناو + پاشگری /ـی، ـیە/ = ناوی لێکدراو، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | | | | ز.فارسی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ناو | پاشگری | ناوی لێکدراو | ژمارە | ناو | پاشگری | ناوی لێکدراو |
| یەك | دەس | ـی | یەك دەسی | یك | دست | ـی | یك دستی |
| س | پا | ـیە | سپایە | سە | -پا | ـیە | سیپایە |
| چوار | پا | ـیە | چوارپایە | چهار | -پا | ـیە | چهارپایە |

٢ –٢–٦– ناو + ناو + پاشگر= ناوی لێکدراو، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | | | | ز.فارسی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناو | ناو | پاشگر | ناوی لێکدراو | ناو | ناو | پاشگر | ناوی لێکدراو |
| سەر | دەرد | ـی | سەردەردی | سر | درد | ـی | سردردی |
| سەر | سەر | ـی | سەرسەری | سر | سر | ـی | سرسری |
| سەر | قوفڵ | ـی | سەرقوفڵی | سر | قفل | ـی | سرقفلی |

٢ –٢–٧– ناو +ناوبەند + ناوی داڕێژراو= ناوی لێکدراو، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | | | | ز.فارسی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناو | ناوبەند | ناوی داڕێژراو | ناوی لێکدراو | ناو | ناوبەند | ناوی داڕێژراو | ناوی لێکدراو |
| باڵ | ـە | خانە | باڵەخانە | بالا | | خانە | بالاخانە |

٢ -٢-٨- ناو + ڕەگی کار + پاشگر= ناوی لێکدراو، بۆ نمونە:

| ش.خانەقینی | | | | ز.فارسی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناو | ڕەگی کار | پاشگر | ناوی لێکدراو | ناو | ڕەگی کار | پاشگر | ناوی لێکدراو |
| دەس | شور | ـی | دەسشوری | دست | شور | ـئی | دستشورئی |

٢-٢-٩-ئاوەڵناو+ناوبەند+ئاوەڵناو=ناوی لێکدراو

| ش.خانەقینی | | | | ز.فارسی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاوەڵناو | ناوبەند | ئاوەڵناو | ناوی لێکدراو | ئاوەڵناو | فەتحە | ئاوەڵناو | ناوی لێکدراو |
| پیر | ـە | مەرد | پیرەمەرد | پیر | | مرد | پیرمرد |

٢-٢-١٠-ئاوەڵناو+ناوبەند+ناو= ناوی لێکدراو

| ش.خانەقینی | | | | ز.فارسی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاوەڵناو | ناوبەند | ناو | ناوی لێکدراو | ئاوەڵناو | فەتحە | ناو | ناوی لێکدراو |
| پیر | ـە | ژن | پیرەژن | پیر | | زن | پیرزن |

## (٣/١-٨-٢-٢-٢-٢ ) سازکردنی ئاوەڵناوی لێکدراو:

ئەو ئاوەڵناوە، کە لە دوو وشەی سادەی واتادار یان دوو وشەی سادەی واتادار و مۆرفیمێك پێك هاتووە.[١]

٢-١-ناو+ناو=ئاوەڵناوی لێکدراو

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوی سادە | ناوی سادە | ئاوەڵناوی لێکدراو | ناوی سادە | ناوی سادە | ئاوەڵناوی لێکدراو |

[١] - لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد(٢٠١١ :٧٢ ).

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| دەس | نیشان | دەسنیشان | دست | نشان | دست نشان |
| دەس | واز | دەسواز | دست | باز | دست باز |
| کەموتر | باز | کەموترباز | کبوتر | باز | کبوترباز |
| قومار | باز | قومارباز | قمار | باز | قمارباز |
| دەس | باز | دەسباز | دست | باز | دست باز |
| شیر | دڵ | شیردڵ | شیر | دل | شیر دل |
| شەڕ | خەر | شەڕخەر | شر | خر | شرخر |

٢-٢-ئاوەڵناو+ناو=ئاوەڵناوی لێکدراو

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاوەڵناوی سادە | ناوی سادە | ئاوەڵناوی لێکدراو | ئاوەڵناوی سادە | ناوی سادە | ئاوەڵناوی لێکدراو |
| پاك | زاد | پاكزاد | پاك | زاد | پاك زاد |
| پاك | ڕوی | پاكڕوی | پاك | رو | پاك رو |
| خوەش | باوەڕ | خوەشباوەڕ | خوش | باور | خوش باور |
| پاك | داوین | پاكداوین | پاك | دامن | پاك دامن |
| خوەش | شکڵ | خوەشکڵ | خوش | شکل | خوشکل[1] |
| پڕ | باوەڕ | پڕباوەڕ | پر | باور | پرباور |
| خوەش | بەخت | خوەشبەخت | خوش | بخت | خوشبخت |
| بەد | بەخت | بەدبەخت | بد | بخت | بدبخت |
| بەد | دڵ | بەددڵ | بد | دل | بد دل |
| سیە | دڵ | سیەدڵ | سیاە | دل | سیاەدل |
| بەد | ناو | بەدناو | بد | نام | بدنام |
| بەد | کار | بەدکار | بد | کار | بدکار |
| بەد | گو | بەدگو | بد | گو | بدگو |

[1] -راجي الاسمر،ترجمة اغناطيوس الصيصي (٢٠٠٤ :٢٩ ).

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| خوەش | حاڵ | خوەشحاڵ | خوش | حال | خوشحال |
| بەد | حاڵ | بەدحاڵ | بد | حال | بدحال |
| سیە | چاڵ | سیە چاڵ | سیاه | چال | سیاه چال |

٢-٣-ناو +ئاوەڵناو=ئاوەڵناوی لێکدراو

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| وشەی سادە(ناو) | وشەی سادە(ئاوەڵناو) | ئاوەڵناوی لێکدراو | وشەی سادە | وشەی سادە | ئاوەڵناوی لێکدراو |
| دڵ | پاك | دڵپاك | دل | پاك | دل پاك |
| دڵ | ساف | دڵساف | دل | صاف | دل صاف |
| دڵ | خوەش | دڵخوەش | دل | خوش | دل خوش |
| دڵ | نازك | دڵنازك | دل | نازك | دل نازك |
| سەر | خوەش | سەرخوەش | سر | خوش | سرخوش |
| دڵ | تەنگ | دڵتەنگ | دل | تنگ | دل تنگ |
| چەو | تەنگ | چەوتەنگ | چشم | تنگ | چشم تنگ |
| دەس | تەنگ | دەستەنگ | دس | تنگ | دس تنگ |
| شیر | پاك | شیرپاك | شیر | پاك | شیر پاك |
| دەس | پاك | دەسپاك | دست | پاك | دست پاك |
| ڕوی | سفی | ڕویسفی | رو | سفید | روسفید |
| ڕوی | سەخت | ڕویسەخت | رو | سخت | رو سخت |
| چاو | قاوایی | چاوقاوایی | چشم | قهوایی | چشم قهوایی |
| چاو | سەوز* | چاو سەوز | چشم | سبز | چشم سبز |
| چاو | سییە | چاوسییە | چشم | سیاه | چشم سیاه |

٢-٤-ژمارە+ناو=ئاوەڵناوی لێکدراو

* ئەم وشەیە بە دەنگی (ص) گۆدەکرێت واتە ئەلۆفۆنی دەنگی (س)ە.

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ناوی سادە | ئاوەڵناوی لێکدراو | ژمارە | ناوی سادە | ئاوەڵناوی لێکدراو |
| دوو | دڵ | دوودڵ | دو | دل | دودل |

٢-٥-ڕادە +ناوی سادە =ئاوەڵناوی لێکدراو

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕادە | ناوی سادە | ئاوەڵناوی لێکدراو | ڕادە | ناوی سادە | ئاوەڵناوی لێکدراو |
| کەم | کار | کەمکار | کم | کار | کم کار |
| کەم | دەس | کەمدەس | کم | دست | کم دست |
| کەم | حاڵ | کەمحاڵ | کم | حال | کم حال |
| کەم | ڕوی | کەمڕوی | کم | روی | کم روی |
| کەم | باوەڕ | کەمباوەڕ | کم | باور | کم باور |
| کەم | بەخت | کەمبەخت | کم | بخت | کم بخت |
| کەم | ڕەحم | کەمڕەحم | کم | رحم | کم رحم |
| کەم | ئاو | کەماو | کم | اب | کم اب |

٢-٦-ژمارە+ژمارە=ئاوەڵناوی لێکدراو

| خانەقینی | | | فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ژمارە | ئاوەڵناوی لێکدراو | ژمارە | ژمارە | ئاوەڵناوی لێکدراو |
| دو | دو | دودو | دو | دو | دودو |
| چوار | چوار | چوارچوار | چهار | چهار | چهارچهار |

**(٣/١-٨-٢-٢-٢-٣ ) سازکردنی ئاوەڵکرداری لێکدراو:**

له زمانی کوردیدا به شێوەیەکی فراوان له دووپاتکردنەوەی وشه دادەڕێژڕێت.[1]که له دوو پیشه یان پتر پێکهاتووە یان لەکۆمەڵە وشەیەك پێکدێت بەبێ ئەوەی کارێکیان لەگەڵدا بێت و بەتەنیاش ئەنجام نادەن بەدەستەوە تا له ڕستەدا نەبێت.[2]

**٣-١-ناو+ناو=ئاوەڵکرداری لێکدراو**

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوی سادە | ناوی سادە | وشەی لێکدراو | ناوی سادە | وشەی سادە | وشەی لێکدراو |
| مانگ | نامه | مانگنامه | ماه | نامه | ماهنامه |
| هفت | نامه | هفتەنامه | هفت | نامه | هفتنامه |
| ڕۆژ | نامه | ڕۆژنامه | روز | نامه | روزنامه |
| سەر | تیپ | سەرتیپ | سر | تیپ | سرتیپ |
| سەر | خان | سەرخان | سر | خان | سرخان |
| سەر | ڕێ | سەر ڕێ | سر | راه | سرراه |
| ساڵ | نامه | ساڵنامه | سال | نامه | سال نامه |
| سەر | دڵ | سەردڵ | سر | دل | سر دل |
| سەر | ئاو | سەراو | سر | اب | سراب |
| جا | نماز | جانماز | جای | نماز | جانماز |

٣ -٢-ژمارە+ناو=ئاوەڵکرداری لێکدراو

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ناوی سادە | ئاوەڵکرداری لێکدراو | ژمارە | ناوی سادە | ئاوەڵکرداری لێکدراو |
| یەك | ڕۆژ | یەکڕۆژ | یك | روز | یك روز |

٣-٣- ناو+ناوبەندی /-ە/ +ناو = ئاوەڵکرداری لێکدراو، بۆ نمونە:

[1] - کوردستان موکریانی (١٩٨٤ :٣١٢ ).

[2] – لیژنەی زمان و زانستەکانی له کۆڕی زانیاری کورد(٢٠١١ :٢٥١ ).

| ز.فارسی | | | | ش.خانەقینی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاوەڵکرداری لێکدراو | ناو | ناوبەند | ناو | ئاوەڵکرداری لێکدراو | ناو | ناوبەند | ناو |
| ماەی شب | شب | | ماهی | مانگەشەو | شەو | ە | مانگ |

### (٣/١-٨-٢-٢-٢-٤) سازکردنی کرداری لێکدراو:

بریتییە لە وشەیەك لە گەڵ کردارێك، پێکەوە کرداری لێکدراو پێکدێنن،[١] یاخود بریتییە لەو ڕۆنانەی کە مەرجە کردارێکی داڕێژراو بەشداری لە پێکهێنانیدا بکات و بەلای کەمەوە کەرەسەیەکی زمانیشی لەگەڵدا بێت، کە مۆرفێمێکی ئازادە لە کۆمەڵە ناوێك یان ئاوەڵناو یان ئاوەڵکردار پێك هاتوون وەك دانەیەکی سینتاکسی و سیمانتیکی کار دەکەن.[٢] هەروەها بە یاریدەی ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار و ژمارە و ئامراز ...پێك دێت.[٣]

٤-١- ناو + کردار(چاووگ)= کرداری لێکدراو

| ز.فارسی | | | ش.خانەقینی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کرداری لێکدراو | کردار | ناو | کرداری لێکدراو | کردار(چاووگ) | ناو |
| نان خوردن | خوردن | نان | نانخواردن | خواردن | نان |
| سربرین | برین | سر | سەربڕین | بڕین | سەر |
| نان کردن | کردن | نان | نانکردن | کردن | نان |
| بازی کردن | کردن | بازی | بازیکردن | کردن | بازی |
| پف کردن | کردن | پف | پفکردن | کردن | پف |
| دوستی کردن | کردن | دوستی | دوسیکردن | کردن | دوسی |
| درست کردن | کردن | درست | دروسکردن | کردن | دروس |
| شەهر کردن | کردن | شوهر | شویکردن | کردن | شوی |
| جنگ کردن | کردن | جنگ | جەنکردن | کردن | جەن |
| گوش کردن | کردن | گوش | گوشکردن | کردن | گوش |

[١] حسن انوری/حسن احمدی گیوی (١٣٧٥ : ٢٣).

[٢] یووسف شەریف سەعید ( ٢٠١٣ : ٣٢ ).

[٣] ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠ : ٩٨ ).

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کار | کردن | کارکردن | کار | کردن | کارکردن |
| پویل | داشتن | پویل داشتن | پول | داشتن | پول داشتن |
| دوس | داشتن | دوس داشتن | دوست | داشتن | دوست داشتن |
| کار | داشتن | کار داشتن | کار | داشتن | کار داشتن |
| گل | خواردن | گلخواردن | گل | خوردن | گل خوردن |
| ئاو | هاوردن | ئاوهاوردن | اب | اوردن | اب اوردن |
| شوکر | کردن | شوکرکردن | شکر | کردن | شکرکردن |

٤-٢-ئاوەڵناو + کردار= کرداری لێکدراو

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاوەڵناو | کردار | کرداری لێکدراو | ئاوەڵناو | کردار | کرداری لێکدراو |
| پاك | کردن | پاککردن | پاك | کردن | پاك کردن |
| پڕ | کردن | پڕکردن | پر | کردن | پرکردن |
| سەرد | بودن | سەردبودن | سرد | بودن | سردبودن |
| گەرم | بودن | گەرمبودن | گرم | بودن | گرم بودن |
| خوەش | هاتن | خوەشهاتن | خوش | امدن | خوش امدن |
| خراو | کردن | خراوکردن | خراب | کردن | خراب کردن |
| دریژ | کردن | دریژکردن | دراز | کردن | درازکردن |
| ئومیدەوار | بودن | ئومیدەواربودن | امیدوار | بودن | امیدواربودن |
| تەکان | خواردن | تەکانخواردن | تکان | خوردن | تکان خوردن |
| سەرما | خواردن | سەرماخواردن | سرما | خوردن | سرماخوردن |
| سفت | کردن | سفتکردن | سفت | کردن | سفت کردن |
| گووڵ | خواردن | گووڵخواردن | گول | خوردن | گول خوردن |
| ساف | کردن | سافکردن | صاف | کردن | صاف کردن |
| خەم | خواردن | خەم خواردن | غم | خوردن | غم خوردن |
| غەیبەت | کردن | غەیبەت کردن | غیبت | کردن | غیبت کردن |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| شل | کردن | شلکردن | شل | کردن | شل کردن |

٤-٣- ناو + کرداری ڕابردوو= کرداری لێکدراو

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناو | کرداری ڕابردوو | کرداری لێکدراو | ناو | کردار | کرداری لێکدراو |
| درو | کردن | دروکردن | دروغ | گفتن | دروغ گفتن |

**٤-٤- ناو + چاووگ= کرداری لێکدراو**

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناو | چاووگ | کرداری لێکدراو | ناو | چاووگ | کرداری لێکدراو |
| ڕوژی | خواردن | ڕوژی خواردن | روزی | خوردن | روزی خوردن |

**٤-٥- ناوی خوازراو + چاوگ= کرداری لێکدراو**

| ش.خانەقینی | | | ز.فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناو | چاوگ | کرداری لێکدراو | ناو | چاوگ | کرداری لێکدراو |
| ئستخارە | کردن | ئستخارەکردن | استخاره | کردن | استخاره کردن |
| ڕەقس | کردن | ڕەقسکردن | رقص | کردن | رقص کردن |
| ئستعمال | کردن | ئستعمال کردن | استعمال | کردن | استعمال کردن |
| ئسراحەت | کردن | ئسراحەتکردن | استراحت | کردن | استراحت کردن |
| ئختیار | کردن | ئختیارکردن | اختیار | کردن | اختیار کردن |
| ئنتیخاب | کردن | ئنتیخاب کردن | انتخاب | کردن | انتخاب کرد |
| ئمتیحان | کردن | ئمتیحان کردن | امتحان | کردن | امتحان کرد |
| ئەمر | کردن | ئەمرکردن | امر | کردن | امرکردن |
| ئستفادە | کردن | ئستفادەکردن | استفاده | کردن | استفاده کردن |
| تەرك | کردن | تەرککردن | ترك | کردن | ترك کردن |
| تاریف | کردن | تاریفکردن | تعریف | کردن | تعریف کردن |
| جەم | کردن | جەمکردن | جمع | کردن | جمع کردن |
| حیمایەت | کردن | حیمایەتکردن | حمایت | کردن | حمایت کردن |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| قەسەم | خواردن | قەسەمخواردن | قسم | خوردن | قسم خوردن |
| هفز | کردن | هفزکردن | حفظ | کردن | حفظ کردن |
| ناقس | کردن | ناقسکردن | ناقص | کردن | ناقص کردن |
| دەعوەت | کردن | دەعوەتکردن | دعوت | کردن | دعوت کردن |
| هەسرەت | بردن | هەسرەتبردن | حسرت | بردن | حسرت بردن |
| هەسرەت | خواردن | هەسرەت خواردن | حسرت | خوردن | حسرت خوردن |
| هەسرەت | کیشان | هەسرەت کیشان | حسرت | کشیدن | حسرت کشیدن |
| خەجاڵەت | کیشان | خەجاڵەت کیشان | خجالت | کشیدن | خجالت کشیدن |
| زوڵم | کردن | زوڵم کردن | ظلم | کردن | ظلم کردن |
| عادەت | کردن | عادەت کردن | عادت | کردن | عادت کردن |
| قەبول | کردن | قەبول کردن | قبول | کردن | قبول کردن |
| فیرار | کردن | فیرارکردن | فرار | کردن | فرارکردن |
| قەتڵ | کردن | قەتڵ کردن | قتل | کردن | قتل کردن |
| مەنی | کردن | مەنیکردن | منع | کردن | منع کردن |
| عیلاقە | کردن | عیلاقە کردن | علاقە | کردن | علاقە کردن |
| جورعەت | داشتن | جورعەت داشتن | جرأت | داشتن | جرأت داشتن |
| تەفاهم | داشتن | تەفاهم داشتن | تفاهم | داشتن | تفاهم داشتن |
| قوەت | داشتن | قوەت داشتن | قوە | داشتن | قوە داشتن |

وەك باسمان كرد بەهۆی چەقی ئیستراتیجی خانەقین و دەساودەستی كردنی دەسەڵات لە نێوان زلهێزەكانی سەدەی ڕابردوو لە نێوان عوسمانییە تورك زمانەكان و سەفەوییە فارس زمانەكان، دواتر بەرپابوونی شەرە جیهانییەكان و هاتنی سوپای ڕووسیا بۆ ئەم سنوورە، دواتر حكومرانی بەریتانیا بەسەر عێراق و پاشان دامەزراندنی پاڵاوگەی نەوت كۆمەڵێ وشەی جیاجیای زمانە بیانییەكانی ئەو وڵاتانە هاتۆتە نێو شێوەزاری خانەقین، كە تا ئەمڕۆ ماون بە پێی لێكۆڵینەوە مەیدانییەكەمان زیاتر تێگەیشتین كە وشەی توركی و دەستەواژەی توركی لەم زاراوەیە بەدی دەكرێت، بەڵام بە ڕێژەیەكی كەم، لای خوارەوە بەپێی زۆرترین وشەی خوازراوی ئاماژە بە وشەكانی ئەو زمانانە دەكەین.

## (٣-١-٨-١/٣) توركی و زمانانی تر:

زۆربەی وشەکانی تورکمانی کە هاتوونەتە نێو شێوەزاری خانەقین بەهۆی پاشگری (چی) هاتۆتە نێو ئەم زاراوەیە و زیاتر وەکو پێناسەکردنی کار و پیشە و شوێنی کارەوەیە و لە وشەیەکی سادەی فارسی یان عەرەبی یان کوردی پێکهاتووە و دواتر بە پاشگری (چی) وشەیەکی نوێی لێ دروست کردووە و ئەم جۆرە سازکردنەوە زیاتر لە ناوچەکانی خانەقین و کەرکوك و هەولێر و سلێمانی،...بەدی دەکرێن.

هەندێ لەو وشانەی کە زیاتر لەم شێوەزارە زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە، بریتییە لەم وشەی سادە وداڕێژراو و لێکدراوانەی خوارەوە:

| ش.خانەقینی | د.ن | زمانانی تر |
|---|---|---|
| ئەفەندی | بەڕێز | (ئەفەندی )تورکی |
| بێگ | سەرۆك | (بێگ )تورکی |
| قوتی | بایە | قوطي(تورکی)[١] |
| قەرە | ڕەش | (قەرە)تورکی |
| گێلّ | هات | (گێلّ)تورکی |
| بەنك | بانك | بانك( ئیتالّی)یە |
| سیگار – جگارە* | جگەرە | سیگار(هیندی)یە |
| باش بۆزخ | مرۆڤی سادە | تورکی |
| تراکتەر | تەراکتۆر | تراختون(فەرەنسی) |
| سالّون | ئارایشگا | سالن(فەرەنسی) |
| باغلّەم | داخراو | تورکی |
| چاموور | قوڕ | تورکی |
| باخ | بینین | تورکی |
| گۆزەل | جوان | تورکی |
| چۆخ | زۆر | تورکی |
| باجی | خوشکی گەورە | تورکی |

[١] – عبد علي كاظم جلاب (٢٠٠٦ :٢٠١ ).

| | | |
|---|---|---|
| بۆفیه | بۆف | بوفه (فەرەنسی)[1] |
| قەزان | مەنجەڵ | تورکی |
| ئۆغر | ڕۆیشت | تورکی |
| قرمز | سوور | تورکی |
| گڵاص | پەرداخ | گلاس (ئینگلیزی) |
| شۆرت | شۆرت | شورت(انگلیزی) |
| خاتوون | خاتوو | خاتون (تورکی)[2] |
| موزیقه | مووزیك | موزك(فەڕەنسی) |
| چەخماخ | چەرخ | چەقماخ(تورکی) |
| سەماوەر | سەماوەر | سماور(ڕوسی) |
| ئاغه | ئاغا | (فارسی)یه وتورکی |
| ئالتوین | زێر | تورکی |
| سەوقات | خەڵات | تورکی |
| نەرگیله (قلیان) | نێرگەله | نارگیل (هندی) |
| قیتار | شەمەندەفەر | (فەرەنسی)یه |
| پولیس | پۆلیس | ئینگلیزی |
| جەندرمه | پۆلیس | تورکی |
| باشجاوش | ئەفسەر | تورکی |
| کافوور | کافور | کافور(هندی)[3] |

**(٣/١-٨-٢-٣) وشەی ناسادەی سازکراوە**

**١- ناوی سادە+پاشگری (چی)تورکی = (ناوی داڕێژراوی گشتی پیشەیە)**

| ش.خانەقینی | زمانانی تر | ز.کوردی(د.ن) |
|---|---|---|

[1] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە معجم اللغة العامية البغدادية ،جلال حنفي البغدادي ،دار الرشيد، الطبعة الاولى، ١٩٨١م.

* ئێستا لەم شێوەزارە پێی دەڵێن جگارە

[2] – دکتر سوران کردستانی (١٣٨٣: ١٧ ).

[3] - هەمان سەرچاوە، ل (١٧ ).

| ناوی سادە | پاشگر | ناوی داڕێژراو | | |
|---|---|---|---|---|
| جام | –چی | جامچی | تورکی | شوشەبڕ |
| قاپی | –چی | قاپیچی | فارسی | دەرگاساز |
| ئەخشەم | –چی | ئەخشەمچی | تورکی | ئیشکردنی شەوانە |
| قەم | –چی | قەمچی[1] | تورکی | قەمچی |
| کارەبا | –چی | کارەباچی | عەرەبی | کارەباچی |
| قۆڵ | –چی | قۆڵچی | تورکی | پاسەوان |

٢–ناو+پاشگری/–لی/

| ش.خانەقینی | | | ز.تورکی |
|---|---|---|---|
| ناوی سادە | پاشگری/–لی/ | ناوی داریژراو | لە تورکییەوە وەرگیراوە |
| مەکتەب | لی | مەکتەبلی | مەکتەبلی |

٣ –ناو+پاشگری/–ە، –ان،–دان/

| ش.خانەقینی | | | زمانانی تر | |
|---|---|---|---|---|
| ناوی سادە | پاشگر | ناوی داریژراو | کوردی | |
| خەست | –ە | خەستە | نەخۆش | تورکی |
| گێڵ | –ان | گێلان | دەڕۆن | تورکی |
| گێ | –دان | گێدان | هاتن | تورکی |

٣–وشە سازکراوەکانی تورکی و زمانەکانی دیکە لەگەڵ وشەی داڕێژراوی (خانە ) کە هاوبەشە لە نێوان کوردی خانەقین و زمانی فارسی:

| خانەقینی | | | زمانانی تر | |
|---|---|---|---|---|
| ناوی سادە و داڕێژراو | ناوی داڕێژراو | ناوی لێکدراوی ئاوێتە | کوردی | |
| جەندەرمە | –خانە | جەندەرمە خانە | دایرەی پۆلیس | تورکی |

[1]- عبد علي كاظم جلاب (٢٠٠٦ :٢٠١).

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| خەستە | –خانە | خەستەخانە | نەخۆشخانە | تورکی |
| بەنزین | –خانە | بەنزین خانە | بەنزینخانە | |
| چای | –خانە | چایخانە | چای خانە | فارسی |

## کاریگەریی زمانە دراوسێکان لەسەر شێوەزاری خانەقین لە ڕووی سینتاکسەوە :

## تەوەری دووەم :

## پێشەکی:

مرۆڤەکان بۆ ئەوەی لەیەکتری تێبگەن و باری کەش و ڕەوش و دۆخی خۆیانیش بگەیەننە بەرامبەرەکەیان و لێیان تێبگەن، پێویستییان بە ئاڵوگۆڕکردنی وشە و سازکردنی ڕستە بەشێوەیەکی سینتاکسی و بەرنامە داڕێژراو هەیە بۆ ئەوەی بەجوانی و ڕێکوپێکی لە یەکتر تێبگەن و ئەمەش بە پێی ژینگەی نیشتە جێبوونیان و کەش و هەوا و بارودۆخی ژیانیان وشە و ڕستەکانیان سازکردووە، کە بەگشتی کاریگەریی قوڕگ و زمان و لووت و سازگەیان لەسەر ژینگەی نیشتە جێبوونیان هەبووە، وەکو ترس و دڵڕاوەکێ و گەرماو سەرما و جۆری خواردن و جۆری ژیان و دەستەبەرکردنی خۆراك و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕەوشتی شەڕو ئاشتی و پێکەوە ژیان، ئەمانە هەر هەمووی کاریگەریی لە درووست کردنی ڕستە و سازکردنی وشەکان هەبووە، لەم بەشەدا هەوڵمان داوە تیشك بخەینە سەر کاریگەریی زمانە دراوسێکان لەسەر ئەم شێوەزارە لە ڕووی سینتاکسییەوە بە تایبەت فرێزی ناوی وەك نمونە وەربگرین.

**(٣/٢–١) سینتاکس ( syntaxis):** وشەیەکی یۆنانییە، کە لە دوو بەشی " syn " بە واتای پێکەوە و "taxis"بە واتای ڕێکخستن و دانان پێکهاتووە و لقێکی ڕێزمانە، ئەرکی گرنگی ڕێکخستنی وشەکانە لە ناو ڕۆنانێکی گەورەتردا، بە تایبەتی لە چوارچێوەی ڕستەدا، واتە لێکۆڵینەوەیە لە ڕێکخستنی وشەکانی ناو ڕستە،[١] کاتێك وشە دەچێتە ڕستەوە واتایەکی سینتاکسی دەبەخشێت، ئەمەش ئەرکێکی دیاریکراو دەبەخشێت بە وشەکانی نێو ڕستە و کاریگەریی و چۆنیەتی کارکردنی ئەو وشانە دەردەخات.[٢]هەروەها لێکۆڵینەوەیە لە چۆنیەتی ڕێکخستنی وشەکان لە پێکهاتەی فرێزو ڕستەدا،[٣]فرێزیش وەکو هەر دانەیەکی تری زمان دەتوانێ بەشداری لە دروست بوونی ڕستەدا بکات لە زمانی کوردیدا، دانەکانی زمانیش پێکهاتووە لە ( فۆنیم، مۆرفیم، وشە، فرێز) کە هەموویان لەگەڵ کرداردا ڕستەیەکی واتا دار دروست دەکەن.

---

[١] –جرجس میشال جرجس (بدون سنة :١٩٧ ).

[٢] - بڕوانە الدکتور عبده الراجحی (٢٠٠٤ : ١٣ )

[٣] - Rad ford,A(١٩٩٧:٢٧٢). 

## (٣/٢-٢) وەرگێڕان Translation

وشەی وەرگێڕان بە زمانی ئینگلیزی پێی دەگوترێت ( Translation) واتاکەی لێکدانەوە دەگرێتەوە و (ترجمە) سەرەتا لە (تەرجومی) ئارامییەوە وەرگیراوە،[١] وەرگێڕان بریتییە لە گوێزانەوەی گوتەیەك لە زمانێك بۆ زمانێکی تر، لە فەرهەنگی (المنجد) بە واتای گێڕانەوەی قسەکردن دێت و واتە بەزمانێکی تر ڕوونبکاتەوە و وەریگێڕە سەری بە واتای ڕوونکردنی شتێك، وەرگێڕان بە واتای ڕوونکردنە و ئەمەش گرنگێکی هەیە، چونکە بونیاتی وەرگێڕانە، ئەوەی تێ نەگات ناتوانێت بەرانبەری تێ بگەیەنێت.[٢]واتە بە مانای گواستنەوەی وەرگێڕانی بابەتێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی دێت.

### (٣/٢-٣ ) جۆرەکانی وەرگێڕان

بەپێی بنەمای جیاواز دوو جۆر وەرگێڕان دەستنیشان کراوە:

١. **وەرگێڕانی زارەکی (Oral Translation).**
٢. **وەرگێڕانی نووسراو(Written Translation).**

**وەرگێڕانی زارەکی**: بریتییە لە گوێزانەوەی قسەکردنی زمانێکی بەکارهێنراو بۆ زمانێکی دیکە.[٣]
وەرگێرانی زارەکی، ئەم جۆرە ئاسان نییە، چونکە کاتێك ناگرێتە خۆی ئەو کاتە ماوەی گەیشتنی نامە ڕەسەنەکەیە واتە ڕاستەوخۆیە ، دەوری وەرگێڕ لە کۆتایی وتەی ئەم نامەیە دەست پێدەکات، بەڵام نابەسترێتەوە بەهەمان وردی و شێوازی دەقەکە، تەنها بابەتە گشتییەکە ئەو نامەیەدەگوێزرێتەوە. ئەمەش چەند جۆرێك دەگرێتە خۆی:

**١- وەرگێڕانی بینڕاو.**

**٢- ورگێڕانی زنجیرەیی**

**٣- وەرگێڕانی کوت ومت یان ڕاستەوخۆ.**[٤]

لە ئاکامی وەرگێڕانی زمانیی زاری و نوسراو بۆ وەرگێڕاوی زاری لەماوەی کاتێکی پێویست، ئەویش وەرگێڕانی کوت و پڕە و هەردوو جۆر دەگرێتە خۆی ، نەك تەنها وەرگێرانی زارەکی، لەم جۆرە پیویستی بە کات ناکات، چونکە ڕاستەوخۆ وەردەگێڕێت بێ بیرکردنەوە و پێداچوونەوە لەم بابەتە، ئەم جۆرەش سەخت ترین وەرگێڕانە، کە تیایدا هەڵەی زۆر دەبێت، بۆیە پێویستی بە بیر و مێشکی قوڵ و فراوان هەیە.
یەکێ لە ڕێبازەکانی وەرگێڕان :

### (٣/٢-٤) وەرگێڕانی وشە بە وشە

---

[١] – پەروین عوسمان مستەفا عەللاف (٢٠٠٩: ١٧ ).

[٢] - عزالدين محمد نجيب (٢٠٠٥ : ٧ ).

[٣]– ابو جمال قطب الاسلام نعماني (٢٠٠٦: ١٨٧).

[٤] https://saaid.net/Doat/hasn/٤٤htm.

ئەمە كۆنترين جۆرى وەرگێڕانە، واتاى دەستەواژە ورستەكان لە زمانێكەوە بۆ زمانێكى تردەگوازێتەوە، واتە وەرگێڕانى دەقە وشە بە وشە و بەهەمان شێوەى پێكهاتەى دروستبوونى ڕستە ڕەسەنەكە، بێ ئەوەى بگەڕێتەوە بۆ زاراوەكانى زمانە وەرگێرەكە، لەم جۆرە وەرگێڕانەى وشە بە وشە بە خراپترين ڕێبازى وەرگێڕان دادەنرێت، چونكە وەرگێڕ گرنگى بە دارشتن و پێكهاتەى هەر دوو زمانەكە نادات وهەندێ جار لەم جۆرەدا وەرگێڕانەكە شێوەى ڕاست و شياو وەردەگرێ و پێوەنديى نێوان پێكهاتەكان واتادار دەبێ، وەك لەم وشانە دەردەكەوێ.[1]

بۆ نمونە:

١- الحرب البارده = جەنگى سارد

٢- الحرب والسلام = جەنگ وئاشتى

لەم باسەى ئێمە ئەم جۆرە وەرگێڕانە بەكارهێنراوە لە شێوەزارى خانەقين، بۆيە كاريگەريى هەبووە.

لەم تەوەرەيەدا باس لە كاريگەريى زمانەكانى عەرەبى و ئينگليزى لەسەر ڕيزبوون و خستنە پاڵيەكى كەرەستەكان لە دروستەى فرێزى ناوى و دەركەوتنى ئامرازى خستنە سەر و ياسا سينتاكسييەكانى ئەم جۆرە فرێزە لە شێوەزارى خانەقيدا دەخەينە ڕوو:

يەكەم/ يەكێك لەو كاريگەرييانە بەكارهێنانى وشەى فەرهەنگى زمانى عەرەبى و ئينگليزييە لە دروستەى فرێزى ناوى لە تابلۆى فەرمانگە و خوێندنگاكان و دوكانەكان و لافيتەكاندا چ وەك سەرەى فرێزەكە يان دەرخەرەكان و لەهەمان كاتيشدا جێبەجێ نەكردنى ياساى سينتاكسييەكانى دروستەى فرێزى زمانى كورديية.

## (٥-٢/٣) كاريگەريى زمانەكانى تر لەسەر دروستەى فرێزى ناوى لە شێوەزارى خانەقين لە ڕێگەى شێوازى ڕێكلامەكانيانەوە:




بۆ نمونە

وێنەى (١) مينى ماركێتى (قصر السلطان) : مينى ماركێتى كۆشكى سوڵتان.




[1] بڕوانە پەروين عوسمان مستەفا عەللاف

وێنەی (٢) نووسینگەی (الحاج فريد) بۆ حەج و عەمرە : نووسینگەی حەج و عەمرەی حاجی فەرید

(مكتب الحاج فريد للحج والعمرة)




وێنەی (٣) وێنەگر ئەوین (مصور اوين) : وێنەگری ئەوین




وێنەی (٤) پیتزا هەرێم (Harem Pizza) : پیتزای هەرێم




وێنەی (٥) دارو كوردى الزهراء : دارو كوردی زەهرا

لەم وێنانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت:

١. وشەکانی (قصر، السلطان، الحاج، فريد، ، متوسطة، العطاء، الابتدائية، مدرسة، للبنات، المختلطة، اسيا سيل، الزهراء...هتد) لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە هاتونەتە نێو ئەم شێوەزارەوە و بە ڕێنووسی زمانەکە خۆی نووسراوەتەوە.

٢. وشەکانی (پیتزا، مینی مارکێتی، اسياسيل،....) لە ڕێگەی زمانی ئینگلیزییەوە هاتونەتە نێو شێوەزارەکە.

٣. به پێی یاسای سینتاکسی دروستەی فرێزی ناوی دەرخەرەکانی پاشەوە بە یاریدەی ئامرازی خستنە سەر بە سەرەی فرێزەکە دەبەسترێتەوە، بۆیە لە ژێر کاریگەریی زمانی عەرەبیدا ئەم مۆرفێمەی (ی) لە چوارچێوەی ئەم فرێزانەدا دەرنەکەوتووە، بەڵام لە شێوەزاری خانەقیدا دوو جۆر دەرکەوتنی ئەم مۆرفێمە بەرچاو دەکەوێت:

ا– ئەگەر سەرەی فرێزەکە ناوێکی نەناسراو بێت، ئەوا مۆرفێمی خستنە سەری (ی) دەرناکەوێت، بەم پێیەش دروستەی فرێزی ناوییەکان دەبێتە :

- مینی مارکێت کۆشک سوڵتان
- حاج فەرید
- پیتزا هەرێم
- وێنەگر ئەوی

ب– ئەگەر سەرەی فرێزەکە ناوێکی ناسراوبێت، ئەوا مۆرفێمی خستنە سەری (ی) دەردەکەوێت، بۆ نمونە:

- مینی مارکێتەگەی کۆشك سوڵتان گەوراس.
- حاجییەگەی دراوسێمان هات.
- پیتزاگەی هەرێم فرە خوەشە.
- وێنەگرەگەی ئەوین کوڕی فرە خاسە.

دووەم/ یەکێکی تر لەو کاریگەرییانە کە بەشێوەیەکی بەرفراوان و گشتی لەم شێوەزارەدا دەردەکەوێت، بریتییە لە وەرگێڕانی وشە بە وشە بەتایبەتی ناوی تایبەتی دەخریتە سەرەتای فرێزەکەوە لە ژێر کاریگەریی زمانی ئینگلیزی یان دەخرێتە ناوەڕاستی فرێزەکەوە لە ژێر کاریگەریی زمانی عەرەبی، بۆ نمونە:




وێنەی ( ٦ ) قوتابخانەی کاریزی سەرەتایی تێکەڵ : قوتابخانەی سەرەتایی تێکەڵی کارێز

(مدرسه شرحبيل الابتدائيه المختلطة)




وێنەی (٧)

پێداویستیەکانی لیڤین وەرزشی : پێداویستییە وەرزشییەکانی لیڤین

(التجهيزات ليڤين للرشاقة واللياقة




وێنەی ( ٨ )

نەخۆشخانەی خانەقینی گشتی : نەخۆشخانەی گشتیی خانەقین



وێنەی ( ٩ )

نووسینگەی المنذرية بۆ گەشت وگوزار : نووسینگەی گەشتوگوزاری مونزریە

(المكتب المنذرية للسياحة والسفر)




وێنەی (١٠) یانەی نور بۆ وەرزش و لەش جوانی : یانەی وەرزشیو لەشجوانی نور

(نادي النور للرياضة واللياقة والرشاقة)




وێنەی (١١) کارگەی مهند بۆ دروستکردنی دەرگا و پەنجەرەی (pvc ): کارگەی دروستکردنی دەرگا و پەنجەرەی s(pvc )ی موهەند




وێنەی (١٢) کارگەی حامد بۆ دروستکردنی دەرگاو پەنجەرەی پلاستیکی PVC و هەموو جۆرە کەوانتەرێکی MDF :

کارگەی دروستکردنی دەرگاو پەنجەرەی پلاستیکی PVC و هەموو جۆرە کەوانتەرێکی (MDF)ی حامد

لەم ڕاڤەیەوە گەیشتینە ئەوەی، کە لە زمانی ئینگلیزی ناوی تایبەتی دەکەوێتە سەرەتای فرێزە ناوییەکەوە و لە زمانی عەرەبیدا دەکەوێتە ناوەڕاستی فرێزە ناوییەکەوە، ئەمانەش کاریگەریی خۆیان لەسەر ئەم شێوەزارە نواندووە، چونکە ناوی تایبەتی لە دروستەی فرێزی ناوی لە زمانی کوردیدا دەکەوێتە کۆتایی فرێزەکەوە، بۆیە پێویستە دروستەی هەر یەکە لەم فرێزانە بەم شێوانە بێت:

- نەخۆشخانەی گشتیی خانەقین
- پێداویستییە وەرزشییەکانی لیڤین
- قوتابخانەی سەرەتایی تێکەڵی کاریز
- نووسینگەی گەشت و گوزاری مونزریە
- یانەی وەرزشی و لەشجوانی نور
- کارگەی دروستکردنی دەرگا و پەنجەرەی pvc ی موهەند
- کارگەی دروستکردنی دەرگاو پەنجەرەی پلاستیکی PVC و هەموو جۆرە کەوانتەرێکی MDFی حامد

سێیەم : یەکێك تر لەو کاریگەرییانە کە دەکەوێتە سەر فرێز لە ڕووی (لقب) واتە نازناو بە هۆی کاریگەریی ئاینی ئیسلام و دەسەڵاتی زمانی عەرەبی لەم ڕووە خۆی دەرخستووە و بە تایبەتی لە ناوەکاندا ڕوون و دیارە، بۆ نمونە:

١- (احمد) سەر چەرمی
٢- (جلیل) چناکە
٣- (کریم ) پەت لەمل
٤- (رشید)رەشە پا قەوی
٥- (عبدالله ) لچن
٦- (عزیز) شێت
٧- (امین) چاوپشی
٨- (محمد) درۆزن
٩- (عباس) بێکەس
١٠-(کمال) چاو کەو.....هتد.

## ( ٣/٢-٦ ) کاریگەریی زمانی عەرەبی لە سەر شێوەزارەکەوە

### ٦-١- کاریگەریی زمانی عەرەبی لە قسەکردنی ڕۆژانە:

١- (عيدكم مبارك).

ا- عەيدان موبارەك. جەژنتان پیرۆز

ب- عەيدان موبارەك بوود.

لەم ڕستە لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە و لە فەرهەنگی وشەدا، وشەکانی (عيد، مبارك ) هاتونەتە ناو شێوەزارەکە و کاریگەریی خۆی ڕەخساندووە.

لە ڕووی ڕیزبونی وشەکانەوە هەمان ڕیزبوونی فرێزە لە شێوەزاری خانەقین و وەرگێڕانی وشە بە وشەیە لەم حاڵەتە، لە ڕووی ڕستە سازییەوە کاریگەرییەکە کەمترە وەك گۆڕینی دەنك و وەرگرتنی وشە بەرچاو نییە.

٢- (صارت شحن موبايلي فول).

شەحن موبایلەگەم فول بوی : شەحن مبایلم فول بوو

٣- (جلبنا اثنين من عروستنة، من اهل بغداد).

دووان لە عروسەگانمان خەڵك بەغداد هاوردینە : دووان لە بوکەکانمان خەڵکی بەغامان هێناوە

٤- (هرب داعش من جلولاء خوفا من بيشمەرگە).

داعەش لە جەلەولا لەترس پیشمەرگە هەڕا کرد.

٥- (نحن طلبة ماجستير ندرس في القسم الكردي من كلية اللغات جامعة السليمانية).

ئیمە تەلەبەی ماجستێرین لە قسم کوردی کولیەی لوغات جامیعەی سلێمانی خوەنیمن.

٦- (يستقبل السيد قائمقام خانقين وجهاء رؤساء عشائر المنطقة).

سەید قایمقام خانەقین استقبال ڕەیس عەشیرەتەگانی مەنتەقەگە کەد.

٧- (توفي فلان ابن فلان اليوم اثر حادث ارهابي).

ئمرو فلأن کوڕ فلأن وە حادس ئرهابی مرد.

٨- (سويت تليفون لبيت خالي حتى يجون).

تلیفۆن کردم ئەرا ماڵ خالۆم حەتا بان : تەلەفۆنم بۆ ماڵ خاڵم کردووە تاکو بێن.

٩- (قامت عمتي الليلة عملية بالمستشفى وغدا تخرج).

ئمشەو عەمەم لە مستەشفە عەمەلیات کرد و بەیانی دەرچد: ئەمشەو پورم لە نەخۆشخانە نەشتەرگەری کردوە و سبەینێ دەردەچێت.

١٠- (كلش مهم، اذا اتسوين رياضة كل يوم).

فرە موهمە، ئەگەر گشت ڕووژ ریازە بکەید: زۆر گرنگە، ئەگەر هەموو ڕۆژێك وەرزش بکەیت.

١١- (قامت عميد كلية خانقين بتعين مجموعة من معيدين قبل شهر في كلية خانقين).

عەمید کولییەی خانەقین یەك مەجموعە لە موعیدەگان قەبل مانگی تەعین کرد لە کولییەی خانەقین.

١٢- (قرر القاضي بمحكمة خانقين بالعدل في قضيتي).

قازی مەحکەمەی خانەقین قەرار عەدلیگ دا قەزییەگەم. (القاضي، محكمة، عدل)

١٤- (اعمل فى الشركه)

لەشەریکە کار کەم. (شركة)

١٥- (رحمه الله الواسعه)

ڕەحمەت خودا بود ( رحمه)

١٦- (هلكت). هیلاك بیم لە (هلاك )ی عەرەبییەوە هاتووە

١٧- (يدرس مسائي).

شەو لەیلی خوەند (ليل)

١٨- ( الله ينطيك القوة)

خودا قوەت بدەدەپید (قوة)

١٩- ماین معەنەك ( حصان حصين يعنى محنك)

٢٠- (الخير والبركة) خێر و بەرەکەت (خير، بركه)

٢١- ئەوەی لەخوا غافڵە کافرە (غافل، كافر)

٢٢- لەکاتی مەسیبە دەڵێن شوکر وەکردەد ( مصيبه)

٢٣- لەکاتی نان خواردن دەڵێن: ئەلحەمدوشوکر (الحمد، شكر)

٢٤- لە کاتی ڕۆژووگرتن دەڵێن: نییەتمە ڕۆژی مانگ ڕەمەزان (النيه)

٢٥- لەکاتی دوعاکردن بۆ کەسێك دەڵێن: عومرد درێژبود ( عمر)

٢٦- لە کاتی گەشت و گوزار دەڵێن: سەفەر کردن (سفر)

٢٧- لەکاتی ڕۆیشتن لای کەسێك منداڵی بێت دەڵێن: فەڕو قەدەمی خێر بێت (قدم)

٢٨- کابرا بی حەد و حەساو پارەی هەس (حساب)

٢٩- لە مەکتەب دەڵێن ناجح بوی (ناجح)

٣٠- تەماح کاربییە، تەما بازە (تماح)

٣١- ساقت بویگ (سقوط)

٣٢- دۆزەق لە دۆزخ

٣٣- بەغیلی کەد (بخيل)

٣٤- جواو جەیی کەد: زییادە ڕەوی کەد (غير مؤدب )

٣٥- هەوای گەرم لە تاوسان دەڵێن: سام هات ( سموم )

٣٦- استقفر الله لە (استخفر الله) هاتووە

٣٧- قەڵەت مەکە وەیەکێك لە غلط هاتووة (غلط)

٣٨- لەکاتی سەردان دەڵێن زییارەت کردن (زيارە)

٣٩- لەکاتی توڕەبوون دەڵێن حدەت مەکە ( حدە)

٤٠- کەسێك قسە دەهێنێت دەڵێن تەئکیدی لەی قسە (تاکید)

٤١- لە توجارەت کار کەم بەکاردێت بۆ بازرگانی (تجارە)

٤٢- سحرباز بۆ جادوباز بەکاردێت (ساحر)

٤٣- مەکتوب هاتییە ئەرای یانی نامە هاتووە بۆی (مکتوب)

٤٤- عەمەلە کارە یانی کرێکارە (عامل)

٤٥- پیاوەگە حەبسکریایە بۆ بەندخانە بەکاردێت. (حبس)

٤٦- عەسکەری کردنە. (عسکر)

٤٧- طابع بۆ پول بەکاردێت وبەرید بۆ پۆستەخانە. (طابع، برید )

٤٨- تەوقیف کریا ، بەندکردن (توقیف)

٤٩- شەڕکەد وەل هاوساگەیان ( شر)

٥٠- تەکبیرکەد ( تکبیر)

٥١- محاوەلە بکە بخوەنە تا ناجح بوید. (محاولە، ناجح)

٥٢- حەفر لای ماڵمان کردن. (حفر)

٥٣ - کارەگەد تەواوە. (تمام)

٥٤- قەرزەگەد دارەو. (قرض)

٥٥- ئاخر شەڕە. ( اخر، شر)

٥٦ - مناڵەگە قومات کردید ( قماط)

٥٧ - ئەرا سحور هەڵسیام. (سحور)

٥٨- شەڕەگە مستەمرە (شر)

٥٩- سەقا یانی ئاو لە ڕووبار دێنی (ساقیە)

٦٠- فەڕاش مەدرەسەگەمان فرە فەقیرە (فراش، مدرسە، فقیر)

٦١- پارەگە هالای صەڕاف (صراف)

٦٢- جدە هاوردن ئەرای (جدە)

٦٣- دەفتەر مسوەدەی هەس ( دفتر، مسودە)

٦٤- مفتی بانگ دا ( المفتی)

٦٥ - عافییەتد بود ( عافیە)

٦٦- وەشیفاد بود (شفاو)

٦٧- دەخیلتم ئەو کارە نەکەیت (دخیل)

٦٨- ڕوی کردمە قوبلە ئەرا نوێژکردن ( قبلە)

٦٩- عەشرەتمان گورگکوژە (عشیرە)

٧٠- عەفوم کە نەزانستم (عفو)

٧١- لە ساحەی مەلعەبەگە تۆپان کەن (ساحە)

٧٢- یەك فەریق هەسمان لە خانەقین ( فریق)

٧٣- مونتەخەب خانەقین بردەو ( منتخب)

٧٤- کەشافە ها مەلعەب خانەقین (کشافە، ملعب)

٧٥- تەفاهم کردینە وەلیان (تفاهم)

٧٦- شارەعەگەمان فرە پاکە (شارع)

٧٧- شاعرمان هەس لە خانەقین (شاعر)

٧٨- تاسیری نییە (تاثیر)

٧٩- لە ناو حەدیقە بیم (حدیقە)

٨٠- جەریدەی خانەقین هەس ( جریدة)

٨١- موجەلە کەرکوك فرە خوەشە (مجلة)

٨٢- حەقی نییە (حق)

٨٣- موناسەبەی واحد واحد (مناسبة، واحد)

٨٤- عەیبی نییە. (عیب)

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم دەربڕاوانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کاریگەریی کەمترە لە ڕووی ڕستە سازییەوە، چونکە لە یاسای ڕیزبوونی وشەی زمانی کورد لە سادەترین ڕستە، کردار دەکەوێتە کۆتایی وەك بکەر بەرکار کردار، لە زمانی عەرەبی دەکەوێتە سەرەتاوە وەك (فعل، فاعل، مفعول بە).

لە ڕووی فەرهەنگی زمانەوە ئەم وشانە( شحن، عروسة، داعش، طلبة، ماجستیر، قسم، کلیة، جامعة، اللغات، قائمقام، رؤساء، عشیرة، منطقة، عمید، تعین، مجموعة، معید، قاضي، محکمة، عدل، شرکة، سکر، هلاك، رحمة، لیل، منتخب، دفتر، کتاب، ورقة، تفاهم، کشافة، ملعب، فریق، ساحة، شارع.......هتد ) هاتونەتە ناو شێوەزارەکە و فەرهەنگی زمانەکەمان دەوڵەمەند کردووە و بۆتە موڵکی شێوەزارەکە، چونکە بەکارهێنانێکی زۆری لە ئاخاوتنی ڕۆژانە لای هەموان هەیە.

بەڵام ئەم وشانە ئێستا بەرەو کەمی و نەمان دەڕۆن، چونکە کاریگەریی زاری کرمانجی ناوەڕاست کەوتۆتە سەری و نەمانی زۆربەی ئەو هۆکارانە کە چالاك بوون لە ساڵانی پێشوودا لەسەر زمانی کوردی بەگشتی وشێوەزاری خانەقین بەتایبەت.

بۆ نمونە: (شرکة، منطقة،.....) ئێستا وشەکان( کۆمپانیا، ناوچە،....) بەکاردێت.

وشەکانی( خاس، ئوستاد، مەمنون، قەڵبکردن،....) لەم شێوەزارە بەرەو بەکارهێنانی کەمی دەڕوات و وشەکان (باش، مامۆستا، سوپاس،گۆڕین،.....) شوێنی گرتۆتەوە و چەندین وشەی دیکە بە هەمان شێوە.

وشەکان وەکو (نەت، موبایل، فول، ......هتد) ئەمانە هەمووی هاوبەشن لە نێوان هەردوو زمانەکە و لە زمانی ترەوە هاتوون.

لە ڕووی وشە سازییەوە، زمانی عەرەبی لە ڕووی پێشگر و پاشگرەوە سکاریگەرییەکی کەمی لە سەر شێوەزارەکە هەبووە.

١–ب– سکاریگەریی زمانی عەرەبی لە پەندی پێشینان، وەك لەم نمونانەس خۆی دەرخستووە:

ب–١– لەی ستوین وەو ستوین ئەلفەرەج.

ب–٢– هەم زیارەت و هەم تجارەت. (فرج، زيارة، تجارة)

ب–٣– تا نەکیشی جەفا نیەدوینی صەفا.[1] (صفاء)

١–پ– کاریگەریی لە هۆنراوەکاندا:

پ–١– خەیاڵ باتڵ، فکرو وەسوەسە

لە یادم بەردەن دەرس و مدرسە. (خيال، باطل، فكر، وسوسة، درس، مدرسة)

پ–٢– پیری گەرمیان و سەیید کوێستانم (سيد، عدل)

عەوداڵ و شێخی گشت هەورامانم

ئیتر شێخ ڕەزا بۆ چ بیّ ئیمانم. (شيخ، ايمان)

پ–٣– فۆتەت بییە لا جەماڵت بوینم

خۆ ئیزرائیل نیم گیانت بسینم. ( جمال، ازرائيل)

پ–٤– عەیب لە چاوم هەس لە ئەو نییە. (عيب)

پ–٥– کەسیك کەس بود یەك حەرفی بەسە. (حرف)

پ–٦– موبارەکت بود ئەیە بدڕیت و هەزار بدەیتە فەقیر و هەژار.(مبارك، فقير)

پ–٧– تۆبە هەر نۆبە. (توبه، نوبه)

پ–٨– شوکرو سەنا ئەرا خودا. (شكر، ثناء)

پ–٩– برا لەپشت برابود مەگەر قەزا لای خوابود.(قضاء)

پ–١٠– اخر خێر بود.[2] (اخر، خير)

پ–١١– ئەوەنە فەقیرە وەك مامر مەسلەحەس. (، فقير، مصلحه)

---

[1] عبد المحسن بنی وەیس (١٩٨٨ : ٧ ).

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ ابراهيم باجلان.

پ-١٢- چێشتی مجوەر (متجول)

## ( ٣/٢-٧ )کاریگەریی زمانی فارسی

٧- کاریگەریی زمانی فارسی لە پەندی پێشیناندا زۆر دەگمەنە ودەتوانین بڵێین تەنها لە چەند نمونەیەکدا خۆی دەرخستووە:

٧-١- لە ئاخاوتنی ڕۆژانە، وەکو:

٧-١-١- گوشی ژان کەیگ . (گوش)

٧-١-٢- ئەسارە ها عاسمانەو. (اسمان)

٧-١-٣- ئازاد شناو کەیگ. (شناو)

٧-١-٤- ڕویی سەختە . (روی)

٧-١-٥- نەوروز چیمنە گەردین. (گەردش)

٧-١-٦- سیگار مەمنوع ئەست. (سیگار)

٧-١-٧- گفت و لفت . (گفت)

## ( ٣/٢-٨ ) کاریگەریی زمانی تورکی

٨-١- کاریگەریی زمانی تورکی لە پەند و قسەی نەستەق دیارە، بەڵام زۆر بەدەگمەن، وەکو:

١-١- قسەی ئەڕات بکەم مەویش هەنەکە : کەپر خوەت ئاگر بدەو قاچە سەنەکە. (قاچە سەنە)

١-٢- دوو ڕێوی لە یەو کونا دەرچگن، ئەیەکە وە ئەوەکەوە وت: هارە گیدەسەن.[1] (هارە گیدەسەن)

١-٣- لە قوتی عەتاریش نییە. ( قوتی )

١-٤- قاچ سەنە گێتی مەنە

لەم لێکۆڵینەوە تێگەیشتووین، کە کاریگەرییەکە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە و خۆی بەزاندووە.

---

[1] -عبد المحسن بنی وەیس (١٩٨٨ : ٧ ).

## ئەنجامەکان:

لە کۆتایی نامەکەدا دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- شێوەزاری خانەقینی دوو کاریگەریی کەوتۆتە سەری: یەکەمیان کاریگەریی زمانی فارسی بۆ ئەوانەی دەرەوەی شارن ونزیکی سنووری ئێراندا دەژێن و دووەمیان زمانی عەرەبی ئەوانەی لەناوەوەی شار دەژێن بە هۆی خوێندن و ڕۆشنبیری شارەکەو دامەزراندنیان لە دام و دەزگاکان، کە هەمووی بە زمانی عەرەبی بووە و گۆڕانکارییەکە بە قۆناغ کاریکردۆتە سەری.

٢- گرنگترین کاریگەریی بە زمانی فارسی بە هۆی دراوسێتیی لە گەڵ ئێرانەوە، بەڵام بەڕێژەیەکی کەم و بە زمانانی تر بە هۆی باری ئابورییەوە و بە زمانی عەرەبی بە هۆی ئاین بەپلەی یەکەم ولایەنی ڕامیاری، کە دەسەڵات و داگیرکردن وڕاگەیاندنە بە پلەی دووەم .

٣- بە شێوەیەکی گشتی لایەنی ئاین و باری ڕامیاری و لایەنی جوگرافی دەورێکی باڵای بینیوە بۆ پەیدابوونی شێوەزاری خانەقین بە تایبەت.

٤- لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە زۆربەی دەنگەکان کە لە زمانی عەرەبییەوە کاریان کردۆتە سەر شێوەزارەکە، وەك:

ا- سزۆربەی گۆڕانی دەنگەکان لە عەرەبییەوە دەنگەکانی (ح، ع، ە، ئـ ) بۆ (هـ، ئـ، ت، ی)ن.

ب- لە زمانی فارسی زۆربەی دەنگی (ب) بۆ (و)ە.

پ- گۆڕانی دەنگەکان کە هاوبەشن لە نێوان هەردوو زمانەکە زۆربەی کۆنسنانتەکان (د، ل، غ) بۆ (ی، ڵ، خ )ن و لە ڤاوڵ بۆ کۆنسنانت (هـ) بۆ (ا)ە.

ت- لە یاسا دەنگییەکان لە ڕووی قرتاندنی دەنگ زۆربەی لە کۆتایی و ناوەڕاست هاتووە و لە پەیدابوونی دەنگدا لە فارسیدا زۆربەی دەنگی (ن)ە و دەنگی (ە، و) هاوبەشن لە نێوان هەردوو زمانەکە.

ج- لێکچوونی دەنگ لە گڕی بۆ کپی یان کپی بۆ گڕی لە هەردوو زمانەکە هاوبەشن.

چ- جێگۆڕکێی دەنگ زۆربەی لە زمانی عەرەبی و فارسی و بیانی هاتووە.

٥- لە ڕووی مۆڕفۆلۆجییەوە:

ا–زۆربەی وشەکان کە لە زمانی عەرەبییەوە هاتوونەتە ناو شێوەزارەکە، وشەی سادەن.

ب– لە زمانی فارسی زۆربەی وشەکان هاوبەشن لە گەڵ زمانی کوردی و زیاتر کاریگەریی لە وشەی داڕێژراودا هەیە و لە پاشگرەوە و بەتایبەتی لە ناو و ئاوەڵناوی داڕێژراو ، لە وشەی لێکدراو زۆربەی لە ناو و ئاوەڵناو و کرداری لێکدراودا خۆی دەرخستووە.

٦– لە ڕووی ڕستە سازییەوە:

ا–زمانی عەرەبی کاریگەرییەکی ئەو تۆی نەبووە لەسەر شێوەزارەکە، تەنها لە فەرهەنگی وشە و فرێز وئاخاوتنی ڕۆژانە کاریکردۆتە سەری.

ب–زمانی فارسی کاریگەریی نەبووە لە سەر شێوەزارەکە و شێوەزاری خانەقین هەر خۆی شێوەزارێکی تایبەتە.

پ– دەرخەرەکانی فرێز لەم شێوەزارە دەرنەکەوتووە، چونکە کاریگەریی زمانی عەرەبی کەوتۆتە سەری.

ج–وەرگێڕانی وشە بە وشەیە بە هۆی کاریگەریی زمانی عەرەبییەوە ڕوون و دیارە.

# سەرچاوەکان

## یەکەم: بەزمانی کوردی

ا–کتێب:


١. ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦)، زمانی کوردی لەبەر رۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٢. ........................... (١٩٧٩)، رێزمانی کوردی بەرگی یەکەم مۆرفۆلۆژی بەشی یەکەم ناو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٣. ........................(١٩٨٥)، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، چاپخانەی علاء، بغداد.

٤. ........................... (٢٠٠٠)، وشە سازی بەشی پێنجەم –کردار–، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٥. ........................(٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی.

٦. ........................(٢٠١٤)، رێکخستن و پێداچوونەوە: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، وشە رۆنان، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

٧. ئومێد بەرزان برزو، (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٨. بەکر عومەر عەلی، (٢٠١٤)، چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٩. بەکر عومەر عەلی، شێرکۆ حەمە ئەمین، (٢٠٠٦)، زار و شێوەزار، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.

١٠. بێرنارد کەمریێ، جێرید دایەمەند، دەوگ والن، ك.دەیڤید هاریسن، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: کامیل محمد قەرەداخی (٢٠٠٧)، زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك.

١١. بێهزاد خۆشحاڵی، و: مستەفا غەفوور(٢٠٠٨)، فیلۆلۆجیای زمانی کوردی و مێژووی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.

١٢. پەروین عوسمان مستەفا عەللاف (٢٠٠٩)، واتا و وەرگێڕان ، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

١٣. .....................(٢٠٠٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، چاپی یەکەم، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەی ، هەولێر.

١٤. تاڵیب حوسێن عەلی (٢٠١٤)، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

١٥. تارا عەبدوڵڵا سەعید (٢٠١٤)، هەندێك لایەنی ڕێزمانی زاری فەیلی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٦. جەمال نەبەز (١٩٧٦)، زمانی یەکگرتووی کوردی ، بڵاوکراوەی یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، ئەڵمانیا.
١٧. دەروون عبد الرحمن ساڵح (٢٠١٢)، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٨. ڕەفیق سابیر (٢٠٠٨)، بەستاندارکردنی زمانی کوردی و ئەلفوبێی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان_ سلێمانی.
١٩. ..................(٢٠٠٨)، کولتوور و ناسیۆنالیزم، چاپی سێیەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.
٢٠. سەلام ناوخۆش (٢٠١٠)، ستاندەربوونی زمانی کوردی لە نێوان زمانی سیاسەت و سیاسەتی زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
٢١. سەلام ناوخۆش، نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ئیدریس عەبدوڵڵا( ٢٠٠٩)، کوردۆلۆجی، چاپی سێیەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
٢٢. عەبدولواحید موشیر دزەیی(٢٠١١)، زارە کوردییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاك، هەولێر.
٢٣.......................... (٢٠١٢)، وشە سازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، هەولێر.
٢٤. عیزەدین مستەفا رەسول(٢٠٠٥)، بۆ زمان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
٢٥. عبد المحسن بنی وەیس(١٩٨٨)، گەردانەی ئەڵوەن، چاپخانەی دار الحریە للطباعة، بەغداد.
٢٦. عبد الوهاب خالد(٢٠٠٩)، چەند بابەت و لێکۆڵینێن زمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوار، دهۆك.
٢٧. عەلی رەزا گۆدەرزی، و: محسن بنی ویس(٢٠١٣)، ئیلی کەڵهوڕ لە سەردەمی مەشروتیەتدا، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.
٢٨. غازی فاتح وەیس(١٩٨٤)، فۆنەتیك، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەدیب، بەغداد.
٢٩. .................، فاضل مجید(١٩٨٧)، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی کۆلێجەکانی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر .
٣٠. غازی عەلی خورشید(٢٠١٠)، فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٣١. فوئاد حەمە خورشید(٢٠٠٨)، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، شیکردنەوەیەکی جوگرافی، چاپی یەکەم، سلێمانی.
٣٢. فاروق عومەر سدیق(٢٠١١)، لە دایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٣٣. قەیس کاکل تۆفیق(٢٠٠٧)، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان(روانینێك)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٣٤. کامل حسن بصیر(١٩٨٤)، زمانی نەتەوایەتی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٣٥.................(٢٠١٣)، بەراوردکارییەك لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٣٦.کوردستان موکریانی(١٩٨٤)، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، مطبعة الادیب البغدادیه، هەولێر.

٣٧. لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد(٢٠١١)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٣٨. لویس جان کالفی، و: بەهادین جەلال مستەفا(٢٠١٢)، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٣٩. محمد معروف فتاح(١٩٩٠)، زمانەوانی، چاپخانەی دار الحکمە.

٤٠................، سەباح ڕەشید(٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، بەشی ڕووناکبیری، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

٤١. محەمەد ئەمین هەورامانی(١٩٧٣)، سەرەتاییك لە فیلۆلۆژیی زمانی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد.

٤٢ . محەمەد ئارکۆن، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(٢٠٠٥)، عەلمانیەت و ئایین، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٤٣. محمد رضا باطنی، و: هێرش کەریم(٢٠١٢)، چەند بابەتێکی زمانەوانی نوێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج.

٤٤. نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو(٢٠١٢)، زار و زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٤٥ .................(٢٠١٤)، زار و زمان، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٤٦....................(٢٠١٤)، دەنگسازی، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٤٧...................(٢٠١٢)، ڕێزمانی کوردی چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٤٨. نعمت علی سایە(١٩٨٨)، گەوهەری گەرمەسێر، بەشی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

٤٩ ................ (١٩٨٨)، گەوهەری گەرمەسێر، بەشی دووەم، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

٥٠................ (١٩٨٨)، گەوهەری گەرمەسێر، بەشی سێهەم، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

٥١ ................(٢٠٠٤)، زاری کەڵهوری، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٥٢. نووری عەلی ئەمین( ٢٠١٣)، ڕێزمانی کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٥٣. نەسرین فەخری(١٩٨٥)، لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی جێگۆرکێ و هەڵگێڕانەوە و گۆڕینی شوێنی دەنگ لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

٥٤. هەردەوێڵ کاکەیی(١٩٨٥)، هەڵبژاردەیەك لە هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی ناوچەی گەرمیان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی الحوادپ، بەغدا.

٥٥. وریاعومەرئەمین(٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، هەولێر.

٥٦. یووسف شەریف سەعید(٢٠١٣)، وشە سازی زمانی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٥٧. ......................(٢٠١٣)، کاری لێکدراو لە زمانی کوردی و فارسی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

**ب–نامە زانستیەکان:**

٥٨. ئازاد احمد حسین(٢٠٠١)، ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٥٩. ئومێد بەرزان برزۆ(٢٠٠٦)، ڕێزمانی جێناو لە شێوەزاری خانەقیندا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

٦٠. ئازاد عەزیز سلێمان(٢٠١٤)، ململانێی زمان، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٦١. بەکر عومەر عەلی(١٩٩٢)، بەستن و کرتاندن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٦٢. بەهمەن تاهیر نەریمان(٢٠١٣)، کاریگەریی قورئان لە سەر زمانی کوردی، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٦٣. دولبەر ئیبراهیم فەرەج(٢٠٠٠)، یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٦٤. سەلام ڕەحیم ڕەشید(٢٠١٤)، یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە شێوەزاری خانەقیندا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

٦٥. شنۆ قادر محمد(٢٠٠٨)، یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی_ شێوەزاری کەرکووك، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەددین.

٦٦. طالب حسین علی(١٩٨٩)، فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنێمەکان لە زاری سلێمانی، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.

٦٧. نەرمین عومەر ئەحمەد(٢٠١٠)، بە بەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٦٨. هێمن عەبدولحەمید شەمس(٢٠٠٦)، شێوەزار و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

**پ–گۆڤارەکان:**

٦٩. ئومێد بەرزان برزو(٢٠١٣)، کاریگەریی ئاینی ئیسلام لەسەر زمانی کوردی، سئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٢٥).

٧٠......................(٢٠١٥)، یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە شێوەزاری گەرمیاندا، سئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٣٢).

٧١. حەسەنی قزڵجی(١٩٧٨)، گۆڕانی پیتەکان بەیەکتر، جێگۆڕکێی پیتەکان و سوان و تێکشکانی وشەکان بە هۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی بە سەر پیتەکاندا دێ، سکۆڕی زانیاری کورد، بەرگی شەشەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٧٢. دڵشاد محەممەدغریب(٢٠١٣)، مۆرفێمەکانی (–ا) لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا، زانکۆی گەرمیان، ژمارە(١).

٧٣. شادان شکر صابر، عمر محمود کریم(٢٠١٤)، زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا شاری هەولێر، زانکۆی ڕاپەڕین، چاپخانەی حاجی هاشم، ژمارە(١)، هەولێر.

٧٤. طالب حسین علی(٢٠١٤)، بنەما کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانی زمان، زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە(١)، هەولێر.

٧٥. طارق جامباز(٢٠١١)، زمانپارێزی سیاسەتی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەکادیمیا، هەولێر.

٧٦. عەزیز ئاگرەیی(١٩٧٨)، کارلێکرنا زمانێت بیانیا ل زمانێ کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی شەشەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٧٧. عبد المحسن بنی وەیس(١٩٨٥)، بەراورد کردنێکی نێوان زاری کرمانجی خواروو و زاری گەرمەسێر، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(١٠٨).

٧٨. فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی و سەباح ڕەشید( ٢٠١٣)، بڵاوبوونەوەی زارو زمانەکان لە ژێر ڕۆشنایی شەپۆلەکاندا، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، ژمارە(٢٦)، هەولێر.

٧٩. ..................، ابو بکر عمر قادر(٢٠١٠)، کەرەسە مۆرفۆسینتاکسییەکان لە کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژووروودا، زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٢٧)، بەشی B.

٨٠. محمد معروف فتاح(١٩٨٦)، سنور و بنەما و ئەرکەکانی کۆ زمانەوانی، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(١١٢).

٨١. محەمەد حسێن زەهاوی(٢٠١٤)، زمان و یەك زمانیی نەتەوەیی، زانکۆی گەرمیان، ژمارە(٣).

٨٢. هيدايت عبدالله محمد(٢٠٠٧)، وشه و زاراوه‌ی خوازراو وسپێنراو له زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی، ژماره(٢١)، به‌شی B.

**ت–فه‌رهه‌نگه‌کان:**

٨٣. عبد السلام محمد بنی(١٩٨٦)، گوڵشه‌ن چۆن فێری ئه‌م سێ زمانه ئه‌بێت ؟، مگبعه ارشاد، بغداد.

٨٤. فازیل نیزامه‌دین (٢٠١٣)، فه‌رهه‌نگی شیرینی نوێ، چاپی دووه‌م، بڵاوکراوه‌کانی کتێبخانه‌ی زانیار، سلێمانی.

٨٥. گه‌رمیان محه‌مه‌د ئه‌حمه‌د(٢٠١٢)، فه‌رهه‌نگی گوڵزار، چاپی یه‌که‌م، چاپخانه‌ی چوارچرا.

٨٦. که‌مال جه‌لال غه‌ریب (٢٠٠٣)، که‌ماڵنامه، چاپی یه‌که‌م، کوردستان، سلێمانی.

**ج_ چاوپێکه‌وتن**

٨٧. ابراهیم باجلان، ١٩/٥/ ٢٠١٤.

**دووه‌م: به‌زمانی عه‌ره‌بی:**

أ_الكتب

٨٨. احمد مختار عمر (١٩٧١)، البحث اللغوي عند العرب مع دراسة لقظية التأثير والتأثر، دار المعارف، مصر.

٨٩. ................... (١٩٩٧)، دراسة الصوت اللغوي، عالم الكتب، القاهرة.

٩٠. أسعد محمد علي النجار(بدون سنة)، خصائص اللهجة الحلية، مركز بابل للدراسات الحضارية والتاريخية.

٩١. انيس فريحة (١٩٥٥)، محاضرات في اللهجات واسلوب دراستها، معهد الدراسات العربية العالمية.

٩٢. أحمد كمال الدين حلمي(١٩٨٦)، المرجح في القواعد اللغة الفارسية، الطبعة الثانية، ذات السلاسل للطباعة والنشر والتوزيع، كويت.

٩٣. أبو جمال قطب الاسلام نعماني(٢٠٠٦)، الترجمة: ضرورة حضارية، المجلد الثالث، دراسات الجامعة الاسلامية العالمية شيتاغونغ، بنغلاديش.

٩٤. ابراهيم انيس (٢٠٠٣)، اللهجات العربية، مكتبة الانجلو المصرية، مطبعة ابناء وهبة حسان.

٩٥...............(٢٠٠٧)، الاصوات اللغوية، مكتبة الانجلو المصرية، مطبعة محمد عبد الكريم حسان.

٩٦. البدراوي زهران (٢٠٠٨)، محاضرات في علم اللغة العام، الجزء الاول، الطبعة الاولى، دارالعالم العربي، القاهرة.

٩٧. السيد ادي شير (١٩٨٧_١٩٨٨)، الالفاظ الفارسية المعربة، الطبعة الثانية، دارالعرب بستاني، القاهرة.

٩٨. جمال بابان (١٩٧٦)، أسماء المدن والمواقع العراقية، الجزء الاول، بغداد.

٩٩. جرجس ميشال (بدون سنة)، المدخل الى علم الالسنية الحديث، المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس، لبنان.
١٠٠. جلال حنفي البغدادي( ١٩٨١)، معجم اللغة العامية البغدادية، الطبعة الاولى، دار الرشيد.
١٠١. حاتم صالح الضامن (١٩٨٩)، علم اللغة ، الطبعة الاولى، بيت الحكمة، بغداد.
١٠٢. ........................ (١٩٩٠)، فقة اللغة، دار الحكمة للطباعة والنشر، موصل.
١٠٣. خليل اسماعيل محمد (١٩٧٧)، منطقة التخصر الحدودية، مطبعة كريستال، أربيل.
١٠٤. خديجة الحديثي (٢٠٠٧)، تيسير النحو وبحوث اخرى، منشورات المجمع العلمي، مطبعة المجمع العلمي.
١٠٥. رمضان عبد التواب (١٩٩٧)، مدخل الى علم اللغة و مناهج البحث اللغوي، الطبعة الثالثة، مكتبة الخانجي، القاهرة.
١٠٦. راجي الاسمر، ترجمة: اغناطيوس الصيصي(٢٠٠٤)، تعلم الفارسية، الطبعة الثانية، بيروت، لبنان.
١٠٧. ساطع الحصري (١٩٥٨)، العروبة اولا، الطبعة الثالثة، دار العلم للملايين، بيروت.
١٠٨. سمير شريف استيتية (٢٠٠٨)، الليسانيات، المجال، الوظيفة والمنهج، الطبعة الثانية، عمان، الاردن.
١٠٩. صلاح الدين أنور قيتولي (٢٠٠٨)، تعريب قضاء خانقين من منظور جيو سياسي، الطبعة الاولى، مطبعة تيشك، السليمانية.
١١٠. صالح فليح حسن(١٩٧٩)، جغرافية التعليم الابتدائي في العراق، الطبعة الاولى، بغداد.
١١١. علي عبد الواحد وافي (١٠٨٣)، اللغة والمجتمع، الطبعة الرابعة للكتاب والاولى للناشر، دارعكاظ للنشر والتوزيع، جدة.
١١٢. ........................(٢٠٠٩)، علم اللغة، الطبعة الثانية عشرة، نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع، الاسكندرية.
١١٣. عزيز ياور (٢٠٠٩)، التعليم وفصول من تأريخ مدارس خانقين(١٨٨٧_٢٠٠٧)، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، سليمانية.
١١٤. علي سيدو الگوراني (١٩٧٤)، اللر ولرستان، مطبعة المجمع العلمي الكردي، بغداد.
١١٥. عبد الرزاق الحسني (١٩٧٣)، العراق قديما وحديثا، مطبعة دار الكتب، بيروت.
١١٦. عبدة الراجحي (١٩٧٧)، اللغة وعلوم المجتمع، كلية الاداب جامعة الاسكندرية.
١١٧. كمال مظهر احمد (١٩٨١)، الطبقة العاملة العراقية، دار الرشيد للنشر، بغداد.
١١٨. كمال بشر (١٩٩٨)، دراسات في علم اللغة، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.
١١٩. ..............(٢٠٠٠)، علم الاصوات، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.
١٢٠...............(٢٠٠٥)، التفكير اللغوي بين الحديث والقديم، دار غريب، القاهرة.
١٢١.محمد عيد (١٩٨١)، المستوى اللغوي للفصحى واللهجات وللنثر والشعر، دار الثقافة العربية للطباعة، عالم الكتب، القاهرة.

١٢٢. محمد علي الخولي( ١٩٨٧)، الاصوات اللغوية، الرياض السعودية.

١٢٣. ................ (١٩٨٨)، الحياة مع لغتين(الثنائية اللغوية)، الطبعة الاولى، الرياض، السعودية.

١٢٤. ..................(١٩٩٠)، الاصوات اللغوية، النظام الصوتي للغة العربية، دار الفلاح للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

١٢٥.................(١٩٩٨)، معجم علم الاصوات، دار الفلاح للنشر والتوزيع، الاردن.

١٢٦. محمود السعران (١٠٥٨)، اللغة والمجتمع رأي ومنهج، المطبعة الاهلية، بنغازي.

١٢٧. محمد عبدالله عمر (٢٠٠٤)، مباحث كوردية، مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيل.

١٢٨. محمد عبد عبدالله عطوات (٢٠٠٣)، اللغة الفصحى والعامية، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية، بيروت، لبنان.

١٢٩. مهى محمد فوزي معاذ (٢٠٠٩)، انثروپولوجيااللغة، دار المعرفة الجامعية، جامعة الاسكندرية.

١٣٠. نايف خرما (١٩٧٨)، أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، كويت.

١٣١. هدسن، ترجمة: محمود عبد الغني عياد (١٩٨٧)، علم اللغة الاجتماعي، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

**ب_الرسائل العلمية**

١٣٢. اسماعيل حمه سور امين الجباري (٢٠٠١)، قواعد اللغة الفارسية( القسم الاول)، دبلوم عالي، كلية اللغات، جامعة بغداد.

١٣٣. توفيق الرحمن (٢٠٠٧_٢٠٠٨)، اثار اللهجات العربية في القراءات السبع، رسالة ماجستير، كلية العلوم الانسانية والثقافية بجامعة مالانج الاسلامية الحكومية.

١٣٤. صالحة راشد غنيم ال غنيم (١٤٠٢_١٤٠٣)، اللهجات في الكتاب السيبوية(اصوات و بنية)، رسالة ماجستير، كلية اللغة العربية فرع اللغويات، جامعة ام القرى.

١٣٥. ماجد جاسب ملك الربيعي (٢٠٠١)، قواعد اللغة الفارسية(القسم الثاني)، دبلوم عالي، كلية اللغات، جامعة بغداد.

**ت_ المجلات والجرائد**

١٣٦. ابراهيم باجلان (٢٠٠٤)، جسور وقناطر على الوند قديما و حديثا، (٢٥) كانون الثاني، ڕۆژنامەی خانقين، العدد(١).

١٣٧. ................ (٢٠١٤)، خانقين ملتقى الحضارة والسباقة في مدنيتها، مجلة كركوك اليوم، العدد(١٧).

١٣٨. عبد علي كاظم جلاب(٢٠٠٦)، الكلمات الدخيلة في اللهجة الكربلائية في قاموس دانشگاهی، مجلة جامعة كربلاء العلمية، المجلد الرابع، العدد الثالث.

## سێیەم :بە زمانی فارسی

### ا- کتێب


١٣٩. بهمن انصاری (١٣٩١)، تاریخچه و پیشینه حروف الفبای فارسی، منتشر شده برای نخستین بار دروبسایت، پایان.

١٤٠. پرویز ناتل خانلری (١٣٧٣)، دستور زبان فارسی ، چاپ چهاردهم، چاپخانەی حیدری، تهران.

١٤١. حسن احمدی گیوی، حسن انوری (١٣٧٠)، دستور زبان فارسی ١ ، چاپ نهم، چاپخانه بهرام، تهران.

١٤٢. حسن انوری، حسن احمدی گیوی(١٣٧٥)، دستور زبان فارسی ٢ ، چاپ چهاردهم، چاپخانه ستاره، قم.

١٤٣. حسن انوری، یوسف عالی عباس اباد(١٣٩٠)، دستور زبان فارسی ١ ، چاپ دوم مرداد، مرکز چاپ وانتشارات دانشگاه پیام نور.

١٤٤. ..............،....................(١٣٩٠)، دستور زبان فارسی ٢ ، چاپ سوم، مرکز چاپ وانتشارات دانشگاه پیام نور.

١٤٥. حسن انوری، محمد **رضا** زاد هوش (١٣٩٠)، دستور زبان فارسی، چاپ اول، باشگاه مجازی ادبیات و کتاب خوانی، اصفهان.

١٤٦. حسن اشرف الکتابی (١٣٩١)، عربی در سفر، چاپ چهل و دوم، لیتوگرافی و چاپ دیبا، تهران.

١٤٧. علیرضا عبد المحمدی(١٣٩٢)، پنج بحث زبان فارسی، چاپ دوم، ناشر الگو، تهران.

١٤٨. ..................(١٣٩٠)، پنج بحث زبان فارسی، چاپ بیستم، چاپخانەی مؤسسه الگوی توسعەی نمونه، تهران.

١٤٩. علی محمد حق شناس (١٣٨٦)، اواشناسی (فونتیك)، چاپ یازدهم.

١٥٠.منصوره اتحادیه(نظام فرما)، (١٣٦٦)، گزیده اسناد عبد الحسین میرزا فرمانفرما، تهران، ایران.


### ب- گۆڤار و ڕۆژنامەکان:


١٥١. ابو الفضل عابدینی (١٣٨٤)، متن پیراستەی معاهدی زهاب(١٠٤٩/١٦٣٩)، گۆڤاری روابط خارجی، ژمارەی (٦).


### پ- ویب سایتی فارسی

**چوارەم: بە زمانی ئینگلیزی**

١٥٣- Crystal,D.(١٩٩١),Adictionary of linguistics and phonetics,٣rd edition, Black Well: oxford.

١٥٤- Simeon potter(١٩٦٠), language in the modern world penguin Books, Inc, U,S,A..

١٥٥- Jak C.Richards and Richard Schmidt (٢٠١٠), Longman dictionary of Language and applied Linguistics, forth edition.

١٥٦- Gumperz, J. (٢٠٠٢) Studies in Interactional Sociolinguistics Discourse strategies, Companion to Language and social identity.California: University of California, Berkeley.

**پێنجەم: ویب سایتەکان**

١٥٧- http: // WWW.sImc.uottawa.ca

١٥٨-http://WWW.Google maps.com

١٥٩-https://said.net/Doat/hasn/٤٤htm.

١٦٠– دیزاین مسعود دارەخان

## خلاصة البحث

هذا البحث تعنى ب( تأثير اللغات المجاورة على لهجة خانقين ) من حيث الصوت والمفردات والكلمات، وفيه تطرقت الى العوامل المؤثرة على تكوين هذه اللهجة من قبل اللغات المجاورة والمحيطة بها وهى اللغات الفارسية والعربية والتركية.

ووجدت ان لهجة خانقين تأثرت بهذة اللغات بنسبة ضئيلة. نحن نعلم ان اية لغة تتأثر بلغة اخرى في كل الاوقات والازمنة وتعمدنا ان نتطرق الى هذا الموضوع نظراً لأهميته بانها دراسة جديدة من نوعها لم تدرس من قبل. يتكون البحث من مقدمة و ثلاثة فصول:

يتناول الفصل الاول تداخل اللغات وكيفية صراع بعضها مع بعض ونشوء تلك اللهجة من تأثير ذلك الصراع.

فالفصل الثاني: تعمدت على دراسة تلك القوانين والتغيرات الصوتية التي تحدث فيها والتي تتخذ اشكالاً عدة بسبب تأثر تلك اللهجة بالاصوات المجاورة من تلك اللغات وهى الفارسية والعربية والتركية.

اما الفصل الثالث فيبحث تأثر تلك اللهجة من حيث القواعد فيتناول مبحثين، المبحث الاول فيه يستعرض كيفية الكلمة من حيث السابقة واللاحقة وتأثر اللهجة بتلك اللغات ومدى تأثيرها عليها.

والمبحث الثاني يتناول تأثير تلك اللغات على العبارة الكلامية من حيث الاعلانات الجدارية.

وختمت البحث بأهم النتائج التي توصلت اليها.


# Abstract

It mean by(the influence of neighboring languages upon khanaqin dialect) in terms of voice and vocabulary, words, and it touched upon the affecting factors on the configuration of this dialect by the neighboring and surrounding languages such as Persian, Arabic and Turkish languages. I found that khanaqin dialect affected by these languages by small percentage. We know that any language can be affected by another language at all times and periods. Deliberately, we touch upon this

subject because of its importance that lies as a new study of its kind that has not been studied before. It consists of an Introduction and three chapters:

The first chapter deals with overlapping languages and how some of them conflict with each other that led to the emergence of the dialect from the influence of that conflict.

The second chapter, Deliberately, I studied those laws and voice changes that occur and which take several forms because of affecting that dialect by the neighboring voice of those language such as Persian, Arabic and Turkish language

The third chapter entitled the influence of that dialect in terms of grammar that deals with two sections; the first section reviews how to configure the word in terms of pre-and post-influenced dialect by these languages and the extent of their effect. The second section deals with the effect of those languages on the phrase in terms of wall advertising.

I concluded the research with the most important results.